رووداو
RÛDAW
(472) دووشەممە 2017/9/11 – 20ی گەلاوێژ 2717 (750) دینار



# داعش زیانی 650 ملیۆن دۆلاری لە کوردستان داوە

**رووداو- هەولێر**

دەرباز کۆسرەت رەسوڵ، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، رایگەیاند کە بەپێی خەمڵاندنی ئەوان، بەهۆی شەڕی داعشەوە زیانی 650 ملیۆن دۆلار لە ناوچەکانی کوردستان کەوتووە.

دەرباز کۆسرەت لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند، لەسەرەتای شەڕی داعشەوە تیمەکانی وەزارەتەکەی هەڵسەنگاندنیان بۆ زیانەکان کردووە و داتا و ئامارێکی دروستیان لەبەردەستە. ئەو گوتی "زیانەکان بە 650 ملیۆن دۆلار خەملێندراون لە جەلەولاوە تاوەکو شنگال".

هەروەها گوتی کە پێویستیان بە بودجە هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە و بۆ ئەوەش هەماهەنگییان لەگەڵ سندوقی ئاوەدانکردنەوەی عێراق هەیە، لەو بودجەیەی ئەمساڵ بۆ سندووقەکە تەرخانکراوە و بڕەکەی 100 ملیۆن دۆلارە، توانیویانە 10%ی بۆ ناوچە کوردستانییەکان دابنێن، بەتایبەتی شنگال و زوممار و سەعدیە و جەلەولا. لە کۆی ئەو 650 ملیۆن دۆلارەی وەک زیان بەر تەواوی ناوچە کوردستانییەکان کەوتووە، بەهای زیانەکانی شنگال 450 ملیۆن دۆلارە، لە دوای شنگالیش جەلەولا دێت.

ئەو گوتی کە "وا بڕیارە لە مانگی ئاداری ساڵی داهاتوودا کۆنفرانسێک بۆ هاوکاریی عێراق لە کوێت بەڕێوەبچێ و پێشبینی دەکرێت تێیدا بڕی 5 بۆ 10 ملیار دۆلار هاوکاری بۆ عێراق کۆبکرێتەوە".

«2

## بارزانی..
## لە کۆماری کوردستانەوە بەرەو کۆمارێکی دیکە

5 - 4

**ئیسماعیل بێشکچی بۆ (رووداو):**

## لە گشتپرسی مافی دەنگدانم هەبووایە بە بەڵێ دەنگم دەدا

7

**فەرماندەیەکی سوپای سووریا بۆ (رووداو):**

## دوای دێرەزوور دەگەڕێینەوە قامشلۆ و حەسەکە

6

### ئەگەر پەرلەمان بەبێ گۆڕان کارا بکرێتەوە...

# گۆڕان هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی دەکات

3



راپۆرتە هەواڵ 2

### باندێکی تورک دوو برای کورد دەڕووتێننەوە



وزە 9

### رێککەوتنەکەی داناگاز چ واتایەکی بۆ کوردستان هەیە؟

کۆمەڵایەتی 13

### هاوڕێکەی خۆی لەسەر مۆڕەیەک کوشت

Reklam

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات و الاستفتاء
The Independent High Elections and Referendum Commission



٢٠١٧/٩/٢٥
دەنگی تۆ ئایندەی کوردستان دیاری دەکات
صوتك يحدد مستقبل كوردستان
Kürdistan Referandum Yapıyor
www.khec.krd

راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (472) - دووشەممە 2017/9/11



## قوباد تاڵەبانی: سیستەمی پاشەکەوتی مووچە هەڵدەوەشێنینەوە

**ڕووداو- هەولێر**

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەبارەی پاشەکەوتی مووچە ڕایدەگەیێنێ، حکومەت سەرقاڵی داڕشتنی سیستەمێکی نوێی مووچەیە کە زیاتر دادپەروەری بۆ مووچەخۆران تێدایە و ئەم سیستەمی پاشەکەوتەش هەڵدەوەشێنرێتەوە. ڕۆژی 10-9-2017، لە هەولێر قوباد تاڵەبانی، لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتیی لە پەرلەمانی عێراق کۆبووەوە. سەبارەت بە چاکسازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاڵەبانی گوتی "سەرباری زۆری و قورسی قەیرانەکان، وەک حکومەت بەردەوام بووین لە هەوڵەکانمان بۆ ڕاستکردنەوەی سیستەمی حوکمڕانی و ئێستاش پاش چەندین هەنگاوی گرنگی چاکسازی، توانیمان هاوسەنگی ڕاگرین لە نێوان خەرجی و داهاتی حکومەت".

## دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ (ڕووداو):

# داعش زیانی 650 ملیۆن دۆلاری لە باشووری کوردستان داوە

**هیوا جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند کە بەپێی خەمڵاندنی ئەوان بۆ ئەو زیانانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە بەر هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کەوتووە، زیانی 650 ملیۆن دۆلار لە ژێرخان و دامودەزگای ئەو ناوچانە کەوتووە.

وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕووداو، باسی پلانی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی کرد کە بەهۆی شەڕی داعشەوە زیانیان بەرکەوتووە.

لەوبارەوە گوتی کە لەسەرەتای شەڕی داعشەوە تیمەکانی وەزارەتەکەی هەڵسەنگاندنیان بۆ زیانەکان کردووە و داتا و ئامارێکی دروستیان لەبەردەستە. ئەو گوتی "زیانەکان بە 650 ملیۆن دۆلار خەمڵێندراون لە جەلەولاوە تاوەکو شنگال".

وەزیری ئاوەدانکردنەوە گوتی کە پێویستیان بە بودجە هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە و بۆ ئەوەش هەماهەنگییان لەگەڵ سندوقی ئاوەدانکردنەوەی عێراق هەیە، لەو بودجەیەی ئەمساڵ بۆ سندووقەکە تەرخانکراوە و بڕەکەی 100 ملیۆن دۆلارە، توانیویانە 10%ی بۆ ناوچە کوردستانییەکان دابنێن، بەتایبەتی شنگال و زوممار و سەعدیە و جەلەولا.

### لە شنگال کێ ڕێگرە؟

دوو ڕۆژ دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەو شارە دەستی بە کارەکانی کردووە بۆ خەمڵاندنی زیانەکان، لە کۆی ئەو 650 ملیۆن دۆلارەی وەک زیان بەر تەواوی ناوچە کوردستانییەکان کەوتووە، بەهای زیانەکانی شنگال 450 ملیۆن دۆلارە، بەڵام وەک وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن دەڵێت "لە شنگال گرفتی سیاسی هەیە، ئەو هێزانەی لەوێن بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئەوەی وەزارەت بتوانێت کاروبارەکانی بە ڕێکوپێکی بکات".

لە دوای شنگال جەلەولا دێت کە زۆرترین زیانی بەرکەوتووە، پاشان ناوچەکانی باشووری کەرکووک. ژمارەیەک وڵات هاوکاریی داراییان پێشکەش بە عێراق کردووە بۆ مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە شەڕی داعش زیانیان بەرکەوتووە، عێراقیش سەرجەم ئەو هاوکارییانە لە سندووقێکدا کۆدەکاتەوە.

دەرباز کۆسرەت دەڵێت پێشتر پرۆژە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ناوچە کوردستانییەکان نەدەخرانە نێو پلانی سندووقەکەوە، بەڵام پاش ئەوەی سەرۆکی سندووقەکە گۆڕدرا، توانیویانە 10%ی هاوکارییەکان بۆ ناوچە کوردستانییەکان تەرخان بکەن. وەزیری ئاوەدانکردنەوە گوتی: "بڕیارە لە مانگی ئاداری ساڵی داهاتوودا کۆنفرانسێک بۆ هاوکاریی عێراق لە کوێت بەڕێوەبچێ و پێشبینی دەکرێت لەو کۆنفرانسەدا بڕی 5 بۆ 10 ملیار دۆلار بۆ عێراق کۆبکرێتەوە".



### 12 هەزار یەکە ڕووخاون

لە سنووری جەلەولاوە تا دەگاتە سنووری ڕۆژئاوای کوردستان کە پێشتر بەرەیەکی هەزار کیلۆمەتریی هێزی پێشمەرگە بوو لەگەڵ چەکدارانی داعش، بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، 12 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون ڕووخاون.

دەربازکۆسرەت دەڵێت، لەوبارەوە هەڵسەنگاندنی تەواویان کردووە، هەندێک خانوو هەیە بایی نزیکەی دوو هەزار دۆلار زیانی بەرکەوتووە، بەڵام هەندێک خانووی دیکە دەبێت دووبارە دروستبکرێنەوە.

### شنگال بکرێتە مۆزەخانە

وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، پلانێکی وەزارەتەکەی ئاشکرا دەکات بۆ ئەوەی شارۆچکەی شنگال وەک خۆی بهێڵدرێتەوە و بکرێتە مۆزەخانە بۆ پیشاندانی ئەو جینۆسایدەی بەسەر ئێزدییەکاندا هێنرا، لەبەرامبەردا شارێکی نوێ لەتەنیشتی شارە کۆنەکە بۆ دانیشتووانی شنگال بە ماستەرپلانێکی نوێ دروست بکرێت.

بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لەگەڵ ئاژانسی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردن کۆبووەتەوە.

ئەم پلانە لە لیژنەکانی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا تاوتوێ کراوە، دەرباز کۆسرەت دەڵێت "هێشتا نەبووە بە بڕیار، بەڵام تاوتوێمان کردووە. بۆچوونی خەڵکی شنگالیش گرنگە، چونکە نامانەوێت بڕیارێکی تاکلایەنە بدەین".

### 120 هەزار خێزان بێ خانوون

دەرباز کۆسرەت ئاماژە بۆ ئەو گرفتانە دەکات کە بەربەستن لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستاندا و دەڵێت لە ڕابردوودا چەندین لایەنی حکومی بەشداربوون لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، بەبێ ئەوەی هەماهەنگی لەنێوانیاندا هەبێت.

دەرباز کۆسرەت نموونە بە شاری سلێمانی دێنێتەوە و دەڵێت "بەپێی ئەو فۆرمانەی لای ئێمە هەن، لە سلێمانی 18 هەزار کەس شایستەی ئەوەن یەکەی نیشتەجێبوونیان پێ بدرێت، لەکاتێکدا تەنیا لە شاری سلێمانی 28 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستکراوە، بەڵام خەڵکی هەژار پێیان ناکڕدرێت چونکە نرخەکانیان بەرزە، بۆیە پێشنیازمان کردووە و لە ئەنجومەنی وەزیرانیش پرۆژە ئامادەیە بۆ ئەوەی دەستەیەکی باڵای نیشتەجێکردن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دروست بکەین کە نوێنەرایەتی سیاسەتی نیشتەجێکردن بکات لە هەرێمی کوردستاندا".

گوتیشی، بەگوێرەی ئامار و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، نزیکەی 120 هەزار خێزان لە هەرێمی کوردستاندا یەکەی نیشتەجێبوونیان نییە، ئەو پێشبینی دەکات لە پێنج ساڵی داهاتوودا ئەو ژمارەیە زیاتر بێت، چونکە 47%ی دانیشتووان تەمەنیان لەژێر 18 ساڵییەوەیە و بەردەوام ویستی خەڵک بۆ یەکەی نیشتەجێبوون زیاد دەکات. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونیش، دەرباز کۆسرەت دەڵێت بەرنامەیەکیان هەیە بۆ دروستکردنی ژمارەیەکی زۆری یەکەی نیشتەجێبوون لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە، حکومەتیش سیاسەتەکە بەڕێوەببات، بەڵام ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت بکات.

> **120 هەزار خێزان لە کوردستان خانوویان نییە**

## لیرەی تەزویریان پێدەفرۆشن



# باندێکی تورک دوو برای کورد دەڕووتێننەوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

دانا و زانا دوو برای کوردی دانیشتووی شاری هەولێرن و کاری بازرگانی دەکەن لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا. ئەو دوو برایە بەهۆی نامەیەک کە لەلایەن ئاوارەیەکی سووریی نیشتەجێی تورکیاوە بۆیان نێردراوە، نزیکەی 150 هەزار دۆلار زەرەر دەکەن.

دانا دەڵێت ئەوان کەوتوونەتە داوی باندێکی فێڵباز. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "لە ڕێگەی فەیسبووکەوە نامەیەکمان بۆ هات، کەسێک بە عەرەبی سووری خۆی ناساند کە گوایە ئاوارەیە لە تورکیا، پێیگوتین لەکاتی هەڵکەندنی بیر بۆ ماڵی کوڕەکەم لە سووریا 14 کیلۆ لیرەم دۆزیوەتەوە، بەهۆی ئاوارەبوونمان نەمتوانی هیچی لێبکەم، لەلای خۆم هەڵمگرتووە، ناوێرم لە تورکیا بیفرۆشم، چونکە لێرە مافیا زۆرن".

ئەو کەسە وێنەی چەند لیرەیەک بۆ دانا و زانا دەنێرێ، ئەوانیش تاڕادەیەک باوەڕی پێدەکەن. بۆیە زانا بڕیار دەدات بچێتە شاری ئورفا کە ئەو ئاوارە عەرەبەی لێیە.

زانا باس لە سەفەری خۆی بۆ ئورفا دەکات و دەڵێت "پیاوەکەم لە ئورفا دۆزییەوە، خۆی و ئافرەتێک بوون لە شوقەیەکدا دەژیان، زۆر ڕێزیان لێگرتم. دوای ئەوەی قسەمان لەبارەی لیرەکان کرد، مشتێک لیرەی بۆ هێنام، منیش بردمە لای زێڕنگەرێک و پرسیارم لێکرد چۆن بزانم ئەوانە تەزویر نین، ئەویش گوتی بیخە نێو ئاگر و تێزاب، ئەگەر هیچی بەسەر نەهات، ئەوە تەزویر نییە، منیش لیرەکانم تاقیکردنەوە هیچیان بەسەر نەهات".

دانا و کابرای سووری ڕێکدەکەون هەر کیلۆ لیرەیەکی بە 5300 دۆلار پێ بفرۆشێ، بۆیە زانا دەگەڕێتەوە کوردستان و لەگەڵ دانا ڕێکدەکەون کە پێکەوە بچنە تورکیا و لیرەکان بکڕن. پێش ئەوەی سەفەری تورکیا بکەن، 150 هەزار دۆلار حەواڵەی تورکیا دەکەن.

دانا دەڵێت "گومانم کرد زیاتر لە 15 کیلۆ لیرە بێ، بۆیە تەماع گرتمی و 150 هەزار دۆلارم بۆ حەواڵە کرد، پێشتریش پرسیارم کردبوو کە هەر کیلۆ لیرەیەک زیاتر لە 30 هەزار دۆلار دەکات. کاتێک گەیشتین چووین بۆ هۆتێل، پیاوەکە هات بۆ لامان بە عەرەبی قسەی کرد و ماچی کردین. پێیگوتین لیرەکان لە شوێنێکی پارێزراون، ئیدی ئێمەی جێهێشت".

ڕۆژی دواتر پیاوە عەرەبەکە پەیوەندییان پێوەدەکات، خۆی وا نیشان دەدات کە پەشیمانە لە فرۆشتنی لیرەکان، بەڵام دانا و زانا پارەی زیاتری دەدەنێ و ڕێکدەکەون کە هەر کیلۆیەک لیرەی بە 10 هەزار دۆلار لێبکڕن، چونکە بە گوتەی خۆیان بەو نرخەش لە هەر کیلۆیەک 20 هەزار دۆلاریان قازانج دەکرد.

دانا گوتی "کاژێر 12ی نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/7/8 ئێمەی بردە شوقەیەک لە شوێنێکی دوور، شوقەکە دوو ژنی لێبوو، یەکێکیان بە تەمەن بوو، دانیشتبوو، کۆشی پڕ لە لیرە بوو، شوقەکە زۆر گەرم بوو، دەتگوت بە ئەنقەست گەرمی لەوێ هەڵکراوە. ئێمەش ئاگرمان کردەوە و یەک یەک لیرەکانمان دەپشکنی. ژنەکە بە مست بۆی هەڵدەدایان، جێگاکە ئەوەندە گەرم بوو تەحەمولت نەدەکرد، نزیکەی 30 دانەمان فەحس کرد، هیچ کێشەیان نەبوو، پیاوەکە توورەبوو، گوتی نایفرۆشم، ئێستا خەڵک دێت بۆنی دووکەڵ دەکات و ئاشکرا دەبم، مادام بڕوا ناکەن بڕۆن نایفرۆشم. بۆیە بە زانام گوت، با بیبەین مەترسە".

بە گوتەی دانا، لیرەکە 14 کیلۆ بووە و هەر لەوێ 140 هەزار دۆلاریان لە مشتی کابرا کردووە و بە خێرایی جێگاکەیان جێهێشتووە، بەڵام دانا هەر زوو گومانی لەلا دروست دەبێ کە لیرەکە 14 کیلۆ نەبێ، بۆیە لەلای دووکاندارێک لیرەکان دەکێشێ و دەردەکەوێ شەش کیلۆ و 700 گرامە. تەلەفۆنی بۆ دەکەن مۆبایلەکەی داخراوە، دەچنە شوقەکە لەوێ نەماوە.

دانا دەڵێت "گومانمان لە لیرەکە نەبوو تەزویر بێ، تەنیا گوتمان هەڵیخەڵەتاندووین بۆ کێشەکەی، بەڵام زۆر گوێمان پێنەدا، چونکە هێشتا هەر قازانجمان بوو".

دانا و زانا دەگەڕێنەوە هەولێر، دووبارە دەست بە پشکنینی لیرەکان دەکەن، بەڵام تووشی شۆک دەبن کاتێک دەبینن تەنیا ئەو 30 دانە لیرەیە ساغە کە لەوێ پشکنیبوویان، ئەگینا ئەوانی دیکە هەموویان ئاسن دەردەچن. بۆیە بە پەلە دەگەڕێنەوە ئورفا.

دانا دەڵێت "چووینە لای پۆلیس سکاڵامان تۆمارکرد، بەڵام پۆلیس وەکو پێویست کاری لەسەر دۆسیەکە نەکرد، چەند وێنەیەکیان نیشانداین، تەنیا وێنەی ئەو ژنەمان ناسییەوە کە لیرەکانی لەکۆشدابوو، پۆلیس گوتی ئەوانە باندن، تورکن و دەستی خەڵکی چەندین وڵاتیان بڕیوە، ئەگەر گیران پەیوەندیتان پێوە دەکەین".

بێجگە لە دانا و زانا خەڵکی دیکەش لە کوردستان بوونەتە قوربانیی دەستی ئەو باندە. گەنجێکی دانیشتووی شاری زاخۆ کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵێک لەمەوبەر بۆ جەژنی سەری ساڵ چوومە تورکیا، لە دیسکۆیەک پیاوێکم ناسی، هەمان شتی ئەو دوو برایەی پێگوتم، بایی 70 هەزار دۆلار لیرەم لێکڕی، چونکە گوتیان کیلۆیەک لیرە 30 هەزار دۆلار دەکات، لە خۆشییان نەمدەزانی چی بکەم، خانووەکەم بۆ فرۆشت، بەڵام دواتر دەرکەوت لیرەکان ساختەن".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیس بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو گەنجانە دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن، ئێمەش ناوی تۆمەتبارەکان دەدەینە پۆلیسی ئینتەرپۆڵ".

# عێراق بڕیاری کردنەوەی دەروازەیەکی بازرگانی لە نێوان دهۆک و مووسڵ دەدات

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای سێ مانگ هەوڵ بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی بازرگانی لە نێوان هەردوو پارێزگای دهۆک و نەینەوا، هەفتەی ڕابردوو سوپاسالاری عێراق بڕیاری کردنەوەی ئەو دەروازە بازرگانییەی دا. بەرپرسی لقی پارتی لە مووسڵ دەڵێت لەلای دهۆک هەموو شت حازرە و ئێستا لەلای شاری نەینەوا کاری تێدا دەکەن و بەمزووانە دەکرێتەوە. سەرۆکی ژووری بازرگانیی دهۆکیش دەڵێت ئەو دەروازەیە دەبێتە دەروازەیەکی گرنگی بازرگانی و بەدەیان بازرگانی دهۆک هیوایان لەسەر هەڵچنیوە.

عیسمەت ڕەجەب، بەرپرسی لقی 14ی پارتی لە شاری مووسڵ کە یەکێک بوو لە ئەندامی ئەو لیژنەیەی چەند مانگێکە کاریان بۆ کردنەوەی ئەو دەرگایە دەکرد بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ڕزگارکردنی مووسڵ لیژنەیەکی باڵا لە شاری دهۆک دەستی بە ئامادەکردنی ئەو دەروازە بازرگانییە کرد، هەرزوو ئیدارەی مووسڵ ڕەزامەندیی نیشان دا، بەڵام هێزە ئەمنییەکان و بەرپرسەکانی سوپای عێراق ڕێگەیان نەدەدا بکرێتەوە".

عیسمەت ڕەجەب ئاشکرای کرد "هەفتەی ڕابردوو سوپاسالاری عێراق ڕەزامەندیی نیشاندا بۆ کردنەوەی ئەو دەروازەیە و ئێستا لەلای مووسڵ کاری لەسەر دەکەن و بەمزووانە دەکرێتەوە".

پارێزگای نەینەوا سنوورێکی فراوانی لەگەڵ پارێزگای دهۆک هەیە، پێش شەڕی داعش، بازرگانانی دهۆک لە پێنج دەروازەوە کاڵایان دەبرد بۆ مووسڵ، بەڵام دوای شەڕی داعش بازرگانیی نێوان ئەو دوو پارێزگایە پەکیکەوت. نزیکەی شەش مانگە بەری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ کۆنترۆڵ کراوەتەوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ دەروازەیەک لە نێوان ئەو دوو شارە نەکراوەتەوە. سێ مانگە لە نزیک بەنداوی مووسل کار لەسەر کردنەوەی دەروازەیەک دەکرێت، گۆڕەپانێکی گەورەش بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە.

ئەیاد حەسەن، سەرۆکی ژووری بازرگانیی دهۆک باسی گرنگی ئەو دەروازەیە دەکات و دەڵێت "پێش شەڕی داعش 156 بازرگانی دهۆک بریکاریان لە مووسڵ هەبوو، کەلوپەلیان لە تورکیاوە دەهێنا بۆ مووسڵ، بۆیە چاوی بازرگانانی دهۆک لەسەر ئەو دەروازەیەیە".

ئەیاد حەسەن باسی ئامادەکارییەکانی خۆیان بۆ کردنەوەی ئەو دەروازەیە دەکات و دەڵێت "لەلای ئێمەوە هەموو ئامادەکارییەک تەواو بووە، گۆڕەپانێکی گەورەمان دروستکردووە، ئۆتۆمبێلەکان لەو گۆڕەپانە جا چ لە دهۆکەوە بچن بۆ مووسڵ یان بە پێچەوانەوە، بارەکانیان بەتاڵ دەکەن و دووبارە بارەکان دابەش دەکرێن".

## ئەگەر پەرلەمان بەبێ گۆڕان کارا بکرێتەوە...

# گۆڕان هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی دەکات

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**



دوایین کۆبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان
(فۆتۆ: بریار نامیق)

ناکۆکیی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر شێوازی کاراکردنەوەی پەرلەمان و بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە ڕۆژی 25ی ئەیلوولی ئەمساڵ، مەترسی لەسەر ڕێککەوتنە 25 خاڵییەکەی نێوانیان دروستکردووە.

سەرکردەیەکی باڵای گۆڕان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "لە ئەگەری کاراکردنەوەی پەرلەماندا بەبێ گۆڕان لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە، ڕێککەوتنی ئێمە و یەکێتی هەڵدەوەشێتەوە و هیچ نرخێکی نامێنێت".

ڕێککەوتنی نێوان ئەو دوو حیزبە لە ڕۆژی 2016/5/17 لەلایەن نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری کۆچکردووی گۆڕان و کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتییەوە واژۆ کرا. بەپێی ماددەی بیست و یەکی ڕێککەوتنەکە "لایەنەکان مافی ڕێککەوتن یان پەیمان بەستنیان هەیە لەگەڵ لایەنی سیاسی دیکەدا، بەمەرجێک بەهیچ شێوەیەک ئەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییە پێچەوانە و ناکۆک نەبێت لەگەڵ هیچ کام لە ماددە و بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتنە".

ئیسماعیل نامیق، ئەندامی سەرکردایەتیی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی لەبارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان بەبێ گۆڕان پێشتر بە (رووداو)ی گوتبوو "ئەگەر یەکێتی بەبێ گۆڕان و بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی، بەبێ چارەسەرکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان ئاسایی بکاتەوە، ئێمەی قسەی جدیمان دەبێ و قسەی کۆتایی لەسەر ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ یەکێتی دەکەین، چونکە قبوڵ ناکەین پەرلەمان بۆ کاری نایاسایی و ئەجێندای شەخسی و حیزبی ئاسایی بکرێتەوە".

بەڵام لەتیف نێرویی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی دەڵێت "ئاساییکردنەوە یان کاراکردنەوەی پەرلەمان هیچ ناکۆکی و دژایەتییەکی لەگەڵ ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستبەکاربوونەوەی پەرلەمان خاڵێکی سەرەکی ڕێکەوتنەکەیە".

لەتیف نێرویی لەبارەی ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان گوتی "یەکێتی لەسەر حیسابی هیچ لایەنێک ڕێککەوتنی لەگەڵ لایەنێکی دیکە واژۆ نەکردووە، ئێمە دوو ساڵە لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکان، بۆیە یەکێتی پابەندە بە هەموو ڕێککەوتنەکانی بۆ دروستکردنی کۆدەنگی نیشتمانی لەسەر پرسەکان".

بەهار مەحموود، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کە ڕۆڵی لە دارشتنەوەی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕاندا هەبووە، دەڵێت "بەشێک لە یەکێتی لە یەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ ئەم ڕێککەوتنە نەبوون، بۆیە لە پرسی ریفراندۆم و ئاساییکردنەوەی پەرلەماندا پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکە دیارە، ئێمە ڕێز لە هەوڵەکانی یەکێتی دەگرین، بەڵام بەبێ گەرەنتی سیاسی و ڕێککەوتنی پێشوەختە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمان ئاسایی نابێتەوە" بۆیە بەهار مەحموود پێیوایە "هەر ڕێککەوتنێکی یەکێتی بۆ ئاساییکردنەوەی پەرلەمان لەگەڵ پارتی، پێچەوانەی ڕێککەوتنی نێوانمانە".

بەڵام بەهار مەحموود لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی نییە و داواش دەکات گۆڕان دەستپێشخەر نەبێت لە هەڵوەشاندنەوەکە. ئەو دەڵێ "هەتا کەسانێک لە نێو یەکێتی مابن بڕوایان بەم ڕێککەوتنە هەبێ، بە پێویستی دەزانم گۆڕان ڕێککەوتنەکە هەڵنەوەشێنێتەوە".

> **ئێمە لە گوتاری گۆڕان تێناگەین**
>
> پەرلەمانتارێکی یەکێتی

### هێرۆ ئیبراهیم لە گۆڕان نیگەرانە

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێک و چوار مانگ بەسەر ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی، سەرکردایەتی هاوبەشی ئەو دوو لایەنە چەندین کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، دوایین کۆبوونەوەش لە ڕۆژی 2017/9/5 بە ئامادەبوونی عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری گشتیی گۆڕان و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەبێ گەیشتنە هیچ ئەنجامێک کۆتایی هات.

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "هێرۆخان لە هەڵوێست و نەهاتنە پێشەوەی هەڤاڵانی گۆڕان نیگەرانە، لە دوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی، هێرۆخان بە ڕوونی پێیڕاگەیاندن لەبەر کاک نەوشیروان و گۆڕان هەموو مەرجەکانمان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان بە پارتی لابردووە، بۆیە هیچ پاساوێک بۆ نەهاتنە پێشەوەی گۆڕان نەماوە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "قسەکەی هێرۆخان بۆ رووداو، ڕوون و ئاشکرا بوو کە گوتبووی یەکێتی ناکاتە قوربانیی گۆڕان و پارتی، بە ڕوونی ئەمەشی بە هەڤاڵانی گۆڕان گوتووە کە یەکێتی لە هاوکێشەی کوردستانی، ئیقلیمی و نێودەوڵەتی نایەوێ ئاوت بێت و پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان و ریفراندۆم ڕادەستی پارتی بکات".

> **بە هاتن و نەهاتنی گۆڕان و کۆمەڵ، پەرلەمان کارا دەکەینەوە**
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی

### تەنیا یەک ماددەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کراوە

هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندن و واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئەو دوو لایەنەوە، تەنیا پارتی دژی ڕێککەوتنەکە بوو، چونکە بە دژایەتی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان خۆی و یەکێتی دەزانی، هەر بۆیە ئامادە نەبوو پێشوازی لە شاندنی هاوبەشی سەرکردایەتی یەکێتی و گۆڕان بکات، یەکێتیش لە ئاستی باڵا چەندینجار ڕایگەیاند کە ڕێککەوتنەکە نابێتە شوێنگرەوەی ڕێککەوتنی واژۆکراوی نێوان بارزانی و تاڵەبانی لە ساڵی 2007، بزووتنەوەی گۆڕانیش یەکێتی بە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە و دەستتێوەردانی پارتی لەو پرۆسەیە تۆمەتبار دەکات.

قادری حاجی عەلی، گەورە هەڵسووڕاوی گۆڕان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ میدیای بزووتنەوەی گوتی "جگە لە بڵاوکردنەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا، هیچ خاڵێک لەو (24) خاڵەی ڕێککەوتنەکە لەلایەن یەکێتییەوە جێبەجێ نەکراوە، پاش ڕێککەوتنەکە کۆمەڵێک گرفتی گەورە لەناو یەکێتییەوە دروستکرا بۆ لەباربردنی، کە گومانمان نییە دەستی پارتیشی تێدا بوو".

ڕەهبەر سەید برایم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ڕەتیکردەوە کە دەستپێشخەری و پرۆژەکانی حیزبەکەی پێچەوانەی ڕێککەوتنەکەیان بێت لەگەڵ گۆڕان و گوتی "هەوڵەکانی ئێمە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان خیلافی ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ گۆڕان نییە، بەڵکو ئامانجی ئێمە کاراکردنەوەی پەرلەمان بوو بەبێ مەرجی پێشوەختە، هەروەها پرسی ریفراندۆم بە یاسایی بکرێت". ڕەهبەر سەید برایم گوتیشی: "بە هاتن و نەهاتنی گۆڕان و کۆمەڵ، ئێمە پەرلەمان کارا دەکەینەوە، پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە ئیستیحقاقی خۆمانە، وەردەگرینەوە".

خەلەف ئەحمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت "یەکێتی پابەندی تەواوی ڕێککەوتنەکەیە، بۆیەش بەبێ گۆڕان پەرلەمانی بە زۆرینە کارا نەکردەوە، ئێستا ئێمە مەرجەکانمان بە پارتی لابردووە بۆچی گۆڕان ناگەڕێتەوە؟ دوو مانگ پێش ئێستا گۆڕان دەیگوت دەبێ کێشە سیاسییەکان لە پەرلەمان چارەسەر بکرێن، ئێستا دەڵێ با لە دەرەوەی پەرلەمان ڕێککەوتن بکەین، ئێمە لەو دوو گوتارە جیاوازەی گۆڕان تێناگەین".

ڕۆژی 2017/9/10 مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان گەیشتنە ڕێککەوتن، بەپێی قسەی بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ (رووداو) هەوڵدەدەن بە بەشداری گۆڕان و کۆمەڵ پەرلەمان کارا بکەنەوە، ئەگەرنا ئەوان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەست بە کارەکانیان دەکەنەوە.

لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆمیشدا بە سەرپەرشتیی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی بە مێژوویی و نیشتمانی وەسف کرا.

## بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ (رووداو):

# سەرخستنی گشتپرسی بە ئەرکی یەکێتی دەزانین

بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان لە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ رووداو رایدەگەیەنێت "گۆڕان هەڵوێستی لە بارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان گۆڕاوە و داوای ڕێککەوتنی 5 قۆڵی و 3 قۆڵی پێشوەختە دەکات".

تاڵەبانی کە هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە، جەخت لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان لە ڕۆژی دیاریکراوی خۆی دەکاتەوە و دەڵی "یەکێک لە کارە گرنگەکانی پەرلەمان لەگەڵ حکومەت دەستکاریکردنی مووچە دەبێت".



هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

**رووداو: ئەنجامی کۆبوونەوەی شاندی سەرکردایەتی یەکێتی لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ چی بوو؟**

**بێگەرد تاڵەبانی:** یەکێک لە داواکارییە سەرەکییەکانی یەکێتی لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا کاراکردنەوەی بێ مەرجی پەرلەمان بووە، لە نەخشەڕێگای یەکێتیش بە ڕوونی ئەوە خرابووە ڕوو، خۆشتان دەزانن پارتی مەرج و بەربەستەکانی لە بەردەم کاراکردنەوەی پەرلەمان لابرد، لە حاڵەتی کاراکردنەوەی پەرلەماندا پێویستی دەکرد سەرکردایەتی ڕوئیای ڕۆشن بێ، چونکە کۆمەڵێک پرۆژە و یاسای گرنگ هەن کە پێویست دەکات فراکسیۆنی یەکێتی کاری لەسەر بکات، لە پێش هەمووشیانەوە بژێویی خەڵک، سەرکردایەتی یەکێتی حەوت داواکاری هەبوو. ئێمە بە ڕاشکاوانە بە گۆڕان و کۆمەڵمان ڕاگەیاندووە ئەگەر پارتی ئەو داواکاریانەی ئێمە پەسەند بکات، پەرلەمان کارا دەکەینەوە.

> **کۆمەڵ خواستی گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان هەبوو**

**رووداو: ترسی گۆڕان لە هاتنە پێشەوە لەو پرۆژەیەی یەکێتی چی بوو؟**

**بێگەرد تاڵەبانی:** ئەوان پرۆژەکەی یەکێتییان پێ باش بوو، بەڵام گۆڕان ئێستا هەڵوێستی گۆڕاوە و دەیانەوێ لە دەرەوەی پەرلەمان ڕێککەوتنێکی سیاسی بکەن و ئینجا پەرلەمان کارا بکەنەوە. شاندی گۆڕان بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە پێش ئەوەی پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو کارانەی لە ماوەی ڕابردوو بەرامبەر پەرلەمان کراوە دووبارە نەبنەوە، دەبێ ڕێککەوتنێکی پێنج قۆڵی بکرێت، ئەگەر نەشکرا ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی.

**رووداو: بۆچی بۆچوونیان گۆڕیوە؟**

**بێگەرد تاڵەبانی:** گوتیان بارودۆخەکە گۆڕاوە و ئەو شێوازە داخستنەی دەرگای پەرلەمان ترسی دروستکردووە کە جارێکی دیکە دووبارە ببێتەوە.

**رووداو: لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2017/9/10 ی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بڕیار درا تا ڕۆژی 14ی ئەم مانگە پەرلەمان کارا بکرێتەوە، ئێوە داوای دوا هەڵوێستتان لە گۆڕان و کۆمەڵ کرد؟**

**بێگەرد تاڵەبانی:** بۆچوونی ئێمە و گۆڕان لەبارەی میکانیزمی جێبەجێکردنی حەوت خاڵەکە جیاوازە. سەرکردایەتی یەکێتی ئێمەی ڕاسپاردووە کە ئەو پرەنسیپ و خاڵانەی لە دوایین کۆبوونەوە پەسەند کراون، لە نێو هۆڵی پەرلەمان و بە تەوافوق لەگەڵ لایەنەکانی دیکە پەسەند بکرێن، بەڵام ئەوان داوای ڕێککەوتن لە دەرەوەی پەرلەمان دەکەن، دواتر پەرلەمان ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئومێد دەکەین لەو چەند ڕۆژەی ماوە لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ بە دەستەی سەرۆکایەتی ئێستا پەرلەمان کارا بکرێتەوە. چونکە کاری پەرلەمان دەستەجەمعییە.

**رووداو: لەو دوو کۆبوونەوەیەتان لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ هەستتان بە جیاوازیی داواکاری و بۆچوونەکان لە بارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان کرد؟**

**بێگەرد تاڵەبانی:** من جیاوازییەکی ئەوتۆم نەبینی، کۆمەڵ خاڵەکانی یەکێتی پێ باش بوو، ئەوەی هەستم کرد کۆمەڵ خواستی گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان هەبوو.

> **پاشەکشەمان لە هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەکردووە**

> **گۆڕان داوا دەکەن لە دەرەوەی پەرلەمان ڕێککەوتنی سیاسی بکرێ**

**رووداو: ئێوە لەگەڵ پارتی داوای بەڕێوەچوونی دانیشتن دەکەن؟**

**بێگەرد تاڵەبانی:** نەخێر ئێمە بە تەنیا ئەو داوایە ناکەین، بەڵکو سەرجەم فراکسیۆنەکان بۆ ئەوەی پەرلەمان دەست بە دانیشتنەکانی خۆی بکات، نەک تەنیا بۆ یەک دانیشتن و دەرکردنی یاسای ریفراندۆم، بەڵکو ئەرکی چاودێریی خۆی ببینێ و ئەو یاسا گرنگانەی هەن پەسەندیان بکات، یان هەمواریان بکاتەوە. لە پێش هەمووشیانەوە دەستکاریکردنی سیستەمی مووچە کە بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە.

رووداو: جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرن؟

بێگەرد تاڵەبانی: جارێ باسی ئەوەمان نەکردووە، بەڵام مەکتەبی سیاسی بڕیار لەسەر چی بدات ئێمە پێوەی پابەند دەبین.

**رووداو: زۆر باسی مووچە دەکەن، خۆ حکومەت ئەگەر داهاتی هەبێ بۆ چاوەڕێی کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکات؟**

**بێگەرد تاڵەبانی:** دەمەوێ دوور لە موزایەدە لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم، ئێمە لەگەڵ شارەزایان، لەگەڵ جێگری سەرۆکوەزیران گفتوگۆ دەکەین لەسەر بنەمای گۆڕانکاری لە داهات، پێویست دەکات پێداچوونەوە بە پاشەکەوتی مووچە بکرێت، هەر بۆیە لە دوای کاراکردنەوەی پەرلەمان، هەوڵی بەڕێوەچوونی دانیشتنی حکومەت و پەرلەمان لەسەر پاشەکەوتی مووچەی دەدەین، چونکە داهاتی حکومەت و نرخی نەوت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

**رووداو: زۆر تانە لە یەکێتی دەدرێت کە پاشەکشەی لە پرۆژە هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کردووە؟**

**بێگەرد تاڵەبانی:** ئێمە پاشەکشەمان لە هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەکردووە. بۆ ئەو مەبەستە بە پێویستی دەزانین بە تەوافوقی نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان ئەو بابەتە یەکلایی بکرێتەوە، چونکە خۆتان دەزانن لە دوای دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بۆ پرسی یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەمانتوانی ڕێژەی یاسایی دانیشتنەکە تەواو بکەین، کەواتە دەبێت ڕێکبکەوین بۆ ئەوەی یەکلایی بکەینەوە.

**رووداو: لە ماوەی رابردوودا زۆر ناوی تۆ لە دانیشتنی 19ی ئاب دەهێنرا کە گوشارت لە سەرۆکی پەرلەمان کردووە؟**

**بێگەرد تاڵەبانی:** ناوهێنانی ئێمە بێویژدانییەکی گەورەیە، چونکە کارێکی هەڵەمان نەکردووە، من لە دانیشتنی 19ی ئاب پەشیمان نیم، پەرلەمان لەسەر ئەو دانیشتنە پەکنەخراوە، لە دوای کۆبوونەوەی 19ی ئاب پرسی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چووە دەرەوەی گۆڕەپانی پەرلەمان، بەهۆی بەنبەست گەیشتنی دانیشتنە

> **لە دانیشتنی 19ی ئاب پەشیمان نیم**

پێنج قۆڵییەکان پەرلەمان پەکخرا، هەندێک کەس دیارە پەشیمانە و پاساو بۆ هەڵوێستەکانیان دەهێننەوە، بۆیە ناوی ئێمە دەهێنن، ئەو قسەیە دوورە لە ڕاستی کە گوایە من هەڕەشەم لە سەرۆکی پەرلەمان کردبێت، بەڵکو هەندێک پەرلەمانتاری بێ ئاگا بۆ موزایەدە هەندێک دەستەواژە فڕێ دەدەن.

**رووداو: یەکێتی بە تەواوەتی چووەتە نێو پرۆسەی گشتپرسی؟**

**بێگەرد تاڵەبانی:** ریفراندۆم بە زۆرینەی دەنگ لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پەسەند کراوە، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە و لە نەخشەڕێگاکەی ئێمەدا ئاماژەی بۆ کراوە، جگە لەوە یەکێتی یەکەم هێز بووە دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی بەرزکردووەتەوە، بۆیە ئەنجامدان و سەرخستنی ریفراندۆم بە ئەرکی خۆمان و تاکە بە تاکەی ئەندامانی یەکێتی دەزانین.

# بارزانی.. لە کۆماری کوردستان



**بارزانی حەزی لە نووکتە و بەسەرهاتەکانی مەلا مەسعوود بێبەشە**

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

زۆربـەی پایتەختەکانـی جیهـان دەڵێـن "گشتپرسی مەکەن و لە عێراق جیانەبنەوە، یان ئێسـتا دوایبخەن"، بەڵام کە لە تەمەنی شانزە ساڵییەوە زۆربەی کات بە جامانەیەکی سوور و جلوبەرگـی کوردی و پشـتێنێکی گرێگرێوە دەردەکەوێ، بە دۆسـت و دووژمنەکانی دەڵی "بەدیلێکـی باشـترمان بدەنێ. ئەگەر ئێسـتا ریفراندۆم نەکەین، کەی بیکەین". سووربوونی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسـەر گشتپرسـی، وەک میدیاکانی عەرەبی دەڵێـن "عیناد"، کەچی بارزانی دەڵی "من زۆر ئاسان و نەرمم، بەڵام لەسەر بابەتە جدییەکان خاوەنی بەڵێن و قسەی خۆمم".

مەسـعوود مسـتەفا شـێخ محەممەد شێخ عەبدولسـەلام شـێخ عەبدوڵڵا شێخ تاجەددین لـە ڕۆژی 1946/8/16 کـە هەمـان ڕۆژی دامەزراندنـی ئـەو حیزبەیـە کـە ئێسـتا ئەو سەرۆکییەتی، لە شـاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لەدایکبووە. بـەڵام لە تەمەنی 10 سـاڵیدا بـۆ یەکەمجـار باوکی خـۆی بینیوە، چونکـە دوای تێکچوونی کۆمار مەلا مسـتەفا لەگەڵ 500 جەنگاوەردا، لە ڕێ ڕۆیشـتینێکی پڕ شەڕ و سەرسووڕهێنەردا ڕوویکردە یەکێتیی سۆڤیەت.

بارزانـی لەگـەڵ خاتوو جوەیـرای ئامۆزای ژیانـی هاوسـەرگیری پێکهێنـاوە و باوکـی 8 منداڵـە. ئـەو ئێسـتا یەکێکە لە ناسـراوترین کەسـایەتییە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست و جیهان.

دایکـی مەسـعود بارزانـی نـاوی حەمائیل خانـە، کچی مەحموود ئاغـای زێبارییە، ڕۆڵی گەورەی لە ژیانـی کوڕەکەیدا گێڕاوە، بارزانی لـە هەڤپەیڤینێکدا کە لە سـاڵی 2009 لەگەڵی کراوە، سەبارەت بە دایکی دەڵێ "دایکم ژنێکی زۆر میهرەبان بوو، نەیهێشت بۆشایی باوکم بۆ دروست ببێت".

## "باوکت چووە شیرینیت بۆ بێنێ"

بارزانـی قۆناخـی سـەرەتایی لە مووسـڵ خوێنـدووە، پاشـان لـە بەغـدا دەسـتی بـە خوێندنـی ناوەندی کردووە. دوای 10 سـاڵ، لـە ڕۆژی 1958/10/6 بارزانـی بۆ یەکەمجار باوکی خۆی بینیوە، ئەمەش دوای ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە موسکۆوە گەڕایەوە بەغدا. بارزانـی لەو بـارەوە دەڵێ "بە بیـرم دێت بۆ یەکەمجار باوکمم بینی، خەڵک زۆر کۆبوونەوە و وەکـو قارەمانێک لە بەغدا پێشـوازی لێکرا، بۆ ئێمە مایەی سەربەرزی بوو".

بارزانـی ئەوکاتەی فام دەکات و پێدەگات، پرسیاری باوکی کردووە. لەوبارەوە چیرۆکێکی خـۆی و دایکـی دەگێڕێتـەوە و دەڵێـت "من حەزم لە جۆرێک شـیرینی بوو، هەموو جارێک دەمگـوت دایـە باوکـم لـە کوێیـە؟ ئەویـش دەیگوت: کوڕم چووە لە مۆسـکۆ شیرینیت بۆ بهێنێ، پاشـان کە کەمێـک گەورەبووم، زانیم باوکم ئاوارەبووە".

## بە موعجیزە لە مردن ڕزگاربوو

مەسـعوود بارزانی و براکانی لە گەڕەکێکی شاری بەغدا لە نزیک قوتابخانەکەیان دەژیان، بارزانیـی باوکیشـیان لـە گەڕەکی سـاڵحییە دەژیـا. مەسـعوود بارزانـی دەڵـێ "هەمـوو ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی دەچووینەوە لای باوکمان، بەڵام باوکم لە ئاداری 1961 بەغدای بەجێهێشـت، ئێمەش لـە مانگـی حوزەیرانی هەمـان سـاڵ دوای کۆتایـی تاقیکردنەوەکان گەڕاینەوە بارزان". مەسعوود بارزانی سەبارەت گەڕانەوەیـان دەڵێ "ئێمـە گەڕاینەوە بارزان و پرسیارمان دەکرد ئایا دەگەڕێینەوە قوتابخانە لـە بەغدا، کەچی کەس وەڵامـی نەدەداینەوە، تاوەکـو لە بەرەبەیانێـک چوار فڕۆکەی جۆری مێگـی عێراقی بۆردوومانیـان کردین، ئێمە بە موعجیـزە لە ژێـر ئەو خێوەتـە ڕزگارمان بوو کـە تێیدا دەژیاین، ئیدی دوای ئەوە شۆڕشـی ئەیلوول دەستیپێکرد".

مەحموود عوسـمان، سیاسەتڤانی نزیک لە مەلا مسـتەفای بارزانی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولـدا، کـە پێـش 54 سـاڵ لەمەوبـەر مەسعوود بارزانی ناسیوە، لەبارەی بارزانییەوە دەڵێت "کاک مەسعود سەرەڕای ئەوەی بەهۆی شۆڕشـەوە خوێندنـی تەواو نەکـرد، بەڵام لە تێگەیشـتنی کۆمەڵگـەی کـوردی و کێشـەی گەلەکـەی قاڵبووەتـەوە، ئەزموونێکـی زۆری لـە باوکـی وەرگرتووە، جگە لەو دانوسـتاندن و گفتوگۆیانـەی ئێمـە لەگەڵ بەغدا لە سـاڵی 1970 ئەنجامدانـدا، ئەو و کاک ئیدریس ڕۆڵی باشیان دەبینی".

## "تۆ لەو پێشمەرگانە گرنگتر و گەورەترنیت"

دوای بۆردوومانی بارزان، مەسـعود بارزانی لەگـەڵ خێزانەکەی دەچنە گوندی بێداروون لە دەڤەری بارزان. ئـەو لەو بارەوە دەڵێ "باوکم لەگـەڵ هاوڕێیەکانی چوونـە دەڤەری بەرواری بـاڵا، لەوێ خۆیان گرتەوە، ئیدی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شۆڕشـگێرانی ئەم گەلـە پەیوەندییان بە شۆڕشـەوە دەکرد، ئێمەش لەگەڵ شـێخ بابۆ لـەو گونـدە ماینەوە، ئەو ماوەیـە وەک مام و باوکێکی میهرەبان بوو بۆ ئێمە".

هـەروەک لـە پەرتووکـی هاوڕێنامـەدا تۆمارکـراوە و بارزانـی خۆیشـی دەیڵـێ، لە تەمەنـی 16 سـاڵی و بەدیاریکـراوی لە ڕۆژی 1962/5/20 بووەتە پێشمەرگە.

بارزانی باسی خۆشترین کاتی خۆی دەکات و دەڵێـت ئەوکاتـە بـووە کە بە پێشـمەرگە قبوڵیان کردووە. بارزانی لە کۆڕێکی جەماوەری دەڵـێ "19962/5/20 بوومە پێشـمەرگە کە تفەنگەکـەم وەرگرت برۆنۆیەکی وەسـت بوو، وامزانی هەمـوو دونیا ماڵی منە لە خۆم زیاتر خۆشـم دەویسـت، من خزمەتی ئەوم دەکرد، فێـری سـواریش نەبووم هـەر سـوار بوومایە دەکەوتم، بۆیە پشـتم بە خۆم بەسـت و هەر بەپێ دەڕۆیشتم، ئەو ماوەیەش کە دەگەڕێم بۆ ریفراندۆم هەست دەکەم لەو کاتە گەنجترم".

مەسـعوود بارزانی، کە گەورەترین پۆستی خۆی لـە پێگـەی پێشـمەرگەدا دەبینێتەوە، لەو بـارەوە دەڵێ "یەکەمجار چوومە لای کاک ئیدریس و پرسـم پێکرد کە دەبمە پێشمەرگە، چونکـە ئەو گەورەی ماڵ بوو، ئەویش هەوڵیدا قەناعەتـم پێبـکات کـە نـەڕۆم، لەبەرئەوەی حـەزی نەدەکـرد لێی دووربکەومەوە، پاشـان چووم پرسم بە شێخ بابۆی مامم کرد، ئەویش گوتـی دەبـێ پرس بە شـێخ ئەحمـەد بکەم. دواتر جەنابی شـێخ ئەحمـەد رازیبوو. کاتێک زانیم جەنابی شـێخ رازیبـووە وامزانی هەموو دونیا موڵکی منە".

بارزانی لە ناوچەی بێخمە دەگاتە لای باوکی و پێشـمەرگەکان، بـەڵام لـە یەکـەم دیداریدا باوکی کۆمەڵێک مەرجی بۆ دادەنێت. مەسعوود بارزانی دەڵێ "باوکم پێیگوتم پێشـمەرگایەتی ئاسان نییە، هەندێک ئامۆژگاریت دەکەم ئەگەر بەرگە ناگری بگەڕێوە، ئەو پێشـمەرگانەی تۆ دەیانبینی تۆ نە لەوان گرنگتری نە گەورەتری، ئـەرک و جلوبـەرگ و خواردنـت وەکـو ئـەو پێشـمەرگانە دەبێت، بەرپرسـی تۆش حاجکە (کە بەرپرسـی پاسـەوانەکانی مەلا مسـتەفا بـوو)، منیـش گوتـم هەمـوو ئـەو مەرجانەم قبووڵە، پەیمانبێ جێبەجێیان بکەم".

## مانگی هەنگوینی لە ئەشکەوت بەسەربرد

مەسـعوود بارزانی ئاماژە بە خۆشەویستیی خۆی بۆ کچێکـی بارزانی دەکات، کە ئامۆزای خۆیەتی و دەڵێ "ژیانی هاوسەریم لە ئەنجامی خۆشەویسـتی بوو، من تەمەنم 19 ساڵ بوو و زۆر گەنـج بـووم، ئێمە ماڵمان لـە رانیە بوو، ئەویـش ماڵی لە بـارزان بوو، دایـک و باوکم و خۆشـم پێمانخۆشـبوو هاوسـەرگیرییەکە بکەین، چونکە ساڵی 1965 لەنێوان حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان عارف و شـۆڕش، ئاگربەسـت هەبوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆخەکە ناخۆشـتر دەبوو، ئەوکاتە ئەو ڕێگایە نوێییانە نەبوون، کولتووری خێزانی ئێمە وابوو هەر کوڕێک ژنبێنێ دەبووایە مۆڵەت لە جەنابی شێخ ئەحمەد وەربگرێت، بۆیە باوکم نامەیەکی بۆ شـێخ ئەحمەد و شـێخ بابۆ نووسی، ئیدی هاوسەرگیریمان کرد".

بارزانـی بـە پێکەنینـەوە باسـی مانگـی هەنگوینی خۆی دەکات و دەڵێ "دوای 10 ڕۆژ لە هاوسەرگیرییەکەمان شەڕ دەستیپێکردووە، ئیدی مانگی هەنگوینی ئێمە کەوتە ئەشکەوت و، ئەو گوند و ئەو گوند و ژێر خێوەتان بوو".

مەسـعوود بارزانی باوکی پێنج کوڕ و سـێ کچـە، زۆر ستایشـی هاوژینەکـەی دەکات و دەڵێ "لـە ژیانی هاوسـەریم زۆر بەختەوەرم، خێزانەکـەم زۆر ئـەرک و ئەزییەتـی کێشـاوە لەگەڵمدا، ئەوکاتەی سـێ سـاڵ بەجێمهێشت، ئەوکاتـە لـە خزمەتـی باوکمـدا بـووم، کـە نەخۆشـبوو، جـار بە جار بە سـاڵ و شـەش مانـگ و حـەوت مانـگ بەجێمهێشـتووە. ئەو ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی لەئەستۆ بوو، ڕەنج و زەحمەتی زۆری لەگەڵ کێشـاون، بەڵام بـۆ یەک ڕۆژیش گوێم لێنەبـووە گلەییەک یان گازاندەیەک بکات".

# ـەوە بەرەو کۆمارێکی دیکە



د.نەجمەدین کەریم:

## عینادی بارزانیم لەسەر گشتپرسی پێخۆشە



د.مەحموود عوسمان:

## بارزانی بەرەنگاری بریمەر دەبووەوە



محەممەدی مەلا قادر:

## لەگەڵ ئیدریسی برای دەتگوت جمکن

نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، کە لە ساڵی 1973 مەسعوود بارزانی لەنێو شۆڕشدا ناسیوە. باسی چوونیان بۆ ئەمریکا لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێ "لە 1976/6/19 لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفا بارزانی، کاک مەسعوود، موحسین دزەیی و کاک سیهاد لەگەڵ نوێنەرێکی شای ئێران چووینە ئەمریکا، ماڵ و منداڵمان بەجێهێشت، بە حیسابی ئەوەی زوو دەگەڕێینەوە، کەچی چەند ساڵێکمان پێچوو. لەو ماوەیەدا من و کاک مەسعوود جگە لەوەی پێشتر پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووین، وەک براو برادەریش بووین، لەوێ لە خزمەتی جەنابی بارزانیدا بووین، دوایی شای ئێران داوای گەڕانەوەی بارزانی کرد، ئەویش ڕەتیکردەوە، بەڵام ئێمەی سەرپشککرد لە گەڕانەوە، هەردووکمان ڕەتمانکردەوە بگەڕێینەوە و بارزانی بە تەنیا بەجێبهێڵین".

### ئارەزووە تایبەتییەکانی بارزانی

نزیکەکانی دەڵێن مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر حەزی لە وەرزشە، خۆیشی لەو بارەوە دەڵێت "تاوەکو ئەو دواییەش یاری تۆپی پێم دەکرد و زۆرم حەز لێییە، بەڵام ئێستا بەپێی دەرفەت مەلە دەکەم و ڕۆژانە وەرزش دەکەم، ئەگەر وەرزش نەکەم هەستدەکەم تەندروستیم باش نییە".

حەمید ئەفەندی کە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بووە و، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی و شۆڕشی کوردستان هەبووە و، لەمێژەوە زۆر نزیکبووە لە مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بارەی ژیانی تایبەتی بارزانی، بە (ڕووداو)ی گوت "کاک مەسعوود پیاوێکە حەزی لە ئیسراف نییە، تەنانەت لە خواردنیش ئەوەندە لە قاپەکە دەکات کە دەیخوات، ئەوان بە عائیلە وان، هەرچی لە پێشی دابنێی دەیخوات و ڕەتیناکاتەوە".

حەمید ئەفەندی هەروەها دەڵێ "بارزانی مەوعیدی مەزبووتە، کاتی دەوام و پێشوازیکردن لە میوان هەمووی لەکاتی خۆیەتی، ڕۆژانە چەند کیلۆمەترێک بە پێ دەڕوات، ئێوارانیش لەسەر ئامێرەکانی وەرزشکردن، وەرزش دەکات".

لە پرۆفایلی بارزانی ئاماژە بەوەکراوە، شارەزایی تەواوی لە زمانی کوردی، عەرەبی و فارسیدا هەیە، هەروەها زمانی ئینگلیزی دەزانێ و قسەی پێدەکات. لەبارەی کتێب خوێندنەوە، بارزانی ئاماژە بەوە دەکات، حەزی لە کتێبی مێژوویی و ئینسکلۆپیدیاییە، هەروەها لەسەر پرسی ئاو، نەوت، ژیاننامەی کەسایەتییەکان دەخوێنێتەوە، کتێب لەسەر کولتوور و داوونەریتی گەلان دەخوێنێتەوە "لە ناخی دەروونمەوە حەزدەکەم کتێبی ئەدەبیش بخوێنمەوە". ئەمە جگە لەوەی مەسعوود بارزانی خۆی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) کە لە سێ بەرگ پێکهاتووە، نووسیوە.

د.نەجمەدین کەریم دەڵێ "کاک مەسعود حەزی لە کۆکردنەوەی زانیارییە، ئەوکاتەی لە ئەمریکا بووین دەچووینە مۆزەخانە و شوێنە گشتییەکان، بەبیرم دێت یادی سەت ساڵەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە سانفرانسیسکۆ بووین".

نەجمەدین کەریم باسی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی بارزانی دەکات و دەڵێ "کاک مەسعوود پیاوێکی تایبەتە، لەگەڵ هەموو کەس ناکرێتەوە، ئەوانەی ڕەفیقین و دەیناسن دەبێ مورتاح بێت ئینجا دەکرێتەوە. بۆ نووکتە و بەسەرهات حەزی لە قسەکانی مەلا مەسعوودی بێبەشە، ئێستاش ناوە ناوە لە کۆبوونەوەکان شتێکی خۆشی مەلا مەسعود دەگێڕێتەوە".

لەنێو هەڤاڵەکانیدا لەنێو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بارزانی حەزی لە نووکتە و قسەکانی زەعیم عەلی و عەبدولموهەیمین بارزانییە، لەنێو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لە دوای مام جەلال، حەزی لە نووکتەی سەعدی پیرەیە بەتایبەت نووکتەی "دادوەر و سێ تاوانبارەکە". هەرچی حەمید ئەفەندییە باسی دیویکی دیکەی ژیانی بارزانی دەکات و دەڵێ "سەرەڕای ئەوەی سەرۆک پێشمەرگەیەکی خۆڕاگرە، لە هەمانکاتدا پیاوێکی عاتفییە لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان و خەڵکی فەقیر، زۆر عاتفییە لەگەڵ ئەوان. بە خۆشتان بینوتانە کاتێک کەسوکاری شەهیدان یان کەسێکی فەقیر دەبینێ، چاوی پڕ ئاو دەبێت و هەندێجاریش بۆیان دەگریێ".

### حەزی لە شیعری جزیری و مەولانا خالیدە

بارزانی حەزی لە شیعرەکانی مەلای جزیری، مەولانا خالید و فەقێ تەیرانە، چونکە شێخ ئەحمەدی مامی حەزی لە شیعرەکانی ئەو کەسایەتیانە بوو، بارزانی دەڵێ "لەبەر خۆشەویستی ئەو منیش حەزم لەو شاعیرانە بوو، زۆر جاران لە خزمەتی بووم و ئەو شیعرانەی دەخوێندنەوە، زۆر کاریگەربووم بە کەسایەتیی شێخ. لەنێو بنەماڵەی ئێمە و خودی عەشیرەتی بارزان تاوەکو شێخ کۆچی دوایی نەکرد نەمانزانی چەندە گەورە و پیرۆزە. ئەو فێری کردین ئایین ڕەوشتە، خواش پێویستی بە بەندە نییە، بەڵکو بەندە پێویستی بە خوایە، پێوەریش ئەوەیە ڕەفتاری تۆ لەگەڵ بەندە چۆنە. ڕەنگە زۆر کەس نەزانن شێخ ئەحمەد تاوەکو کۆچی دواییکرد، دەستی لە پارە نەدا".

بارزانی ڕقی لەوەیە بە شیعر ستایشبکرێ. کیفاح شنگالی، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن لە نووسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو بارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بارزانی حەزی لە شیعر و هۆنراوەی پێدا هەڵگوتن نییە، پێشیخۆش نییە. کاتێک کەسێک مەدحی دەکات ئیحراج دەبێ و پێیخۆش نییە. هەر ئەویش ڕەتیکردەوە هیچ پەیکەرێک بۆ باوکی لە شاری بەغدا دابنرێ".

مەسعوود بارزانی ڕۆژی 2015/8/9 پەیامێکی لەسەر دۆخی سیاسی کوردستان بڵاوکردەوە باسی ئەو کەسانە دەکات کە لە ژیان شتیان لێ فێربووە و دەڵێ "لە شێخ عەبدولسەلام بارزانی فێری کولتووری پێکەوەژیان و قوربانیدان لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان بووین. لە شێخ ئەحمەدی بارزانی فێری ئەوەبووین کە ئایین پێش هەموو شتێک ئەخلاقە و، بیروباوەڕ لە کۆت و زنجیرەکان بەهێزترە. لە مەلا مستەفای بارزانی فێری ژیانی پێشمەرگایەتی و گیانفیدایی بووین. یەکەم شتیش کە دوور لە باوک و بنەماڵەکەمەوە فێرببووم، دایکم فێری کردم کە ئەویش ڕاستگۆیی بوو. لە تەریقەت و، مەولانا شێخ خالیدی نەقشبەندی فێری تەحەممول بووین. لە پارتی و شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵان

> بارزانی حەزی لە شیعر و هۆنراوە و پێداهەڵگوتن نییە
>
> کیفاح شنگالی

فێری کوردستان یان نەمان بووم، هەروەکو فێربووم بە ئومێدەوە بەرەو ئایندە بچم".

### دوای 5 ساڵ لە پێشمەرگایەتی، بووە پارتی

محەممەد مەلا قادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی لەبارەی بارزانییەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لە کۆنگرەی شەشەم لەساڵی 1964 کاک مەسعوودم بینی کە ئەوکات وەک میوان بەشداری کۆنگرەی کردبوو، لەگەڵ ئیدریسی برای دەتگوت جمکبوون، هەردەم بەیەکەوەبوون و زۆر سیفەتی هاوبەشیان هەبوون".

بارزانی دوای پێنج ساڵ لە پەیوەندیکردن بە شۆڕشی ئەیلوولەوە، لە ساڵی 1967 دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، دواتر لە دانوستاندنەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق لە ساڵی 1970 بەشداری دەکات، لەکاتی خوێندنەوەی ڕێککەوتننامەی 11ـی ئاداری 1970، مەسعوود بارزانی و ئیدریس لە پاڵ سەرکردەکانی پارتی و حکومەتی عێراق، لە بەغدا وەستابوون.

### سەرۆکی پارتی

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەنێوان شای ئێران و حکومەتی عێراق لەساڵی 1975، لەسەر ڕێنمایی مەلا مستەفای باوکی، مەسعوود بارزانی لەگەڵ ئیدریس بارزانی برای سەرکردایەتییەکی کاتیان دروستکرد، شۆڕشی تازە لە 26ی گوڵانی 1976 دەستپێکرد، کە لە ئەدەبیاتی پارتیدا بە شۆڕشی گوڵان ناسراوە.

مەسعوود بارزانی لە 1979/8/1 لە هەوڵێکی کوشتن لە ڤییەنای پایەتەختی نەمسا ڕزگاربوو، کە هەوڵەکە پلانێکی دەزگای سیخوڕی عێراق بوو.

لەساڵی 1976 تاوەکو 1979 مەسعوود بارزانی، بەهۆی نەخۆشی باوکی لە ئەمریکا ژیا. دوای ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران، گەڕایەوە ئێران، تاوەکو ئامادەکاری بۆ هاتنەوەی باوکی لە ئەمریکاوە بۆ ئێران بکات، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە مەسعوود بارزانی گەیشتەوە ئێران، لە 1979/3/1 مەلا مستەفا بارزانی لە واشنتن کۆچی دواییکرد.

کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە گوندی زێوەی دەڤەری مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی 1979/10/4 بەسترا، تێیدا بە تێکڕای دەنگ مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی تازەی پارتی هەڵبژێردرا و تائێستا لەهەموو کۆنگرەکانی پارتیدا هەڵبژێردراوەتەوە.

### "کاک ئیدریسم لە خۆم زیاتر خۆشدەویست"

ئیدریس بارزانی برای مەسعوود بارزانی، کە هاوکار و پاڵپشتی بووە لە وەرگرتنی سەرۆکایەتی پارتیدا و، هەستانەوەی پارتی دوای دروستبوونی هێزی دیکەی سیاسی و چەکداری لە باشووری کوردستان، سەرەڕای ئەوەی دوو ساڵ لە ئیدریس بارزانی بچووکتر بوو، هەروەها دایکیشیان جیابوو، بەڵام یەکدیان زۆر خۆشویستووە. وەک مەسعوود بارزانی باسیدەکات "زۆر بە کەسایەتی کاک ئیدریس کاریگەر بووم، چونکە ئەو برا گەورەمان بوو، هەروەها شوێنی باوکی بۆ گرتینەوە، کاک ئیدریس تاکە کەسە لە خۆم زیاتر خۆشمویستووە".

محەممەدی مەلا قادر دەڵێ "کاتێک لەگەڵ کاک عەلی عەبدوڵڵا چووینە پرسەی کاک ئیدریسی ڕەحمەتی، حەمائیل خانی دایکی کاک مەسعوودمان بینی زۆر بە وەفاتی کاک ئیدریس بێ تاقەت ببوو، دەیگوت ڕاستە کوڕی حەقیقی من نەبووە، بەڵام خۆم بەخێوم کردووە و خۆم شیریم داوەتێ، بۆ من هیچ فەرقی نییە لەگەڵ مەسعوود".

### سەددام حوسێن چایەکەی بەردەمی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ کرد

مەسعوود بارزانی لە دوای پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ساڵی 1988 بە سەرۆکی ئەو بەرەیە لە نێوخۆی کوردستان هەڵبژێردرا، جەلال تاڵەبانیش بە سەرۆکی بەرەی کوردستانی بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ کورد لە دەرەوە هەڵبژێردرا، مەسعوود بارزانی بە هاوکاری سەرکردەی کۆچکردوو نەوشیروان مستەفا، پلانی ڕاپەرینی خەڵکی کوردستانیان لە دژی بەعس دارشت و سەرپەرشتی جێبەجێکردنیان کرد.

دوای دەستپێکردنەوەی دانوستاندنی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس لەساڵی 1991. سەددام حوسێن، سەرۆکی ئەوکاتی عێراق، سووربوو لەسەر ئەوەی بارزانی بچێتە بەغدا، بۆیە لە مانگی نیسانی 1991 بارزانی بە سەرۆکایەتی شاندێکی بەرەی کوردستانی و ئەندامێتی نەوشیروان مستەفا و سامی عەبدولڕەحمان و ژمارەیەک سەرکردەی حیزبەکان سەردانی بەغدا دەکات و لەگەڵ سەددام حوسێن کۆدەبێتەوە.

بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (عوکاز)ی سعودی کە مانگی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، باسی یەکەم دیداری خۆی و سەددام حوسێن دەکات، دوای ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانی و 37 ئەندامی خێزانەکەی و 182 هەزار ئەنفالکراوی کوردستان، بەوە تووشی ئیحراجی بووە، هەر بۆیە کاتێک سەددامی بینیوە بۆ ماوەی پێنج خولەک خەریکبووە دڵی بوەستێ. سەددام یەکەمجار هەوڵیداوە ماچی بکات، بەڵام ئەو بەدڵی نەبووە و بە سەرۆکی ئەوکاتی عێراقی گوتووە "دەزانی من لە دەریایەک خوێن مەلەم کردووە تاوەکو گەیشتوومەتە ئێرە، ئەگەر چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد هەبێت من ئامادەم، سەددامیش گوتی دەزانم بڕیارێکی قورستداوە".

بۆیە کاتێک خزمەتگوزارەکە چا بۆ سەددام حوسێن و مەسعود بارزانی دادەنێ، ڕاستەوخۆ سەددام بۆ دڵنیاکردنی بارزانی کە چایەکە ژەهری تێدا نییە، چایەکەی خۆی و ئەوی ئاڵوگۆڕ کرد.

### پێداگیری لەسەر سەربەخۆیی

دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس لە عێراق، بارزانی وەک یەکێک لەو 25 کاراکتەرە سیاسییەی عێراق دادەنرێت کە لەگەڵ چوار سەرکردەی دیکەی کورد، نوێنەرایەتیی کوردیان لە ئەنجوومەنی حوکم بە سەرۆکایەتی پۆڵ برێمەر، حاکمی مەدەنی ئەمریکی لە عێراق کرد. بارزانی بۆ ماوەی یەک مانگ خولێکی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکەی کرد، لەسەر فیدراڵی و هەڵوەشاندنەوەی پێشمەرگە ناکۆکی توند لە نێوان نوێنەرانی کورد و بە تایبەتی بارزانی لەگەڵ برێمەر هەبووە، حاکمی ئەوکاتی عێراق لە یاداشتەکانی بۆچوونی خۆی وا لەسەر بارزانی دەربڕیبوو کە ئەو پێیوایە کورد لە سەرووی ڕەگەزەکانەوەیەوە، مادام کورد قوربانی زۆریانداوە، دەبێ مافی زیاتر وەربگرن.

ڕۆژنامەڤانێکی عەرەب پرسیاری لە بارزانی کردووە کەی واز لەو عینادییە دەهێنی، بارزانی بە پێکەنینەوە وەڵامیداوەتەوە کە ئەو پێیوایە "کەسێکی ئاسان و نەرمە، بەڵام مرۆڤ دەبێ ڕێز لە قسە و بەڵێنەکانی خۆی بگرێت، هەر بابەتێک پەیوەستبێ بە کێشەی گەلەکەمەوە، بێگومان عینادم دەبێ و ئامادەنیم سرووشتی خۆم بگۆڕم".

مەحموود عوسمان پێیوایە بارزانی پیاوێکی عیناد نییە و دەڵێ "پۆڵ بریمەر لەگەڵ مافی کورد نەبوو، کاک مەسعوودیش بریمەری بە عونسرێکی خراپ دەزانی، بۆیە بەرەنگاری یەکدی دەبوونەوە، ئێمە خاوەنی کێشەی گەلێکین ئەگەر ئەوان سازشنەکردنیان بە عینادی دانابێت، فیعلەن کاک مەسعوود عیناد بووە".

حەمید ئەفەندی دەڵێ "سەرۆک لە گفتوگۆکردن هێمن و زۆر بەڕێزە و لەسەر شتە ئەساسییەکان عینادە، لە دانوستاندن ئەوەی لە بەرژەوەندیی میللەتبێ ئامادەیە نەرمی لەسەر بنوێنێ، بەڵام لەسەر مافی میللەتەکەی لە سەر یەک شت تەنازول ناکات".

نەجمەدین کەریم سەبارەت بە پێناسەکردنی بارزانی لەلایەن نەیار و کەسانی دیکە بە "سەرۆکێکی عیناد"، دەڵێ "کاک مەسعوود ئەزموونی زۆرە و زانیاری هەیە دەزانێ چۆن بڕیار دەدات، بۆ نموونە لەسەر بابەتی ریفراندۆم، ئەو عینادی و سووربوونەی ئەوم زۆر پێخۆش و باشە، چونکە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە".

### بارزانی پەشیمانە

دوای دەرکردنی یاسای ژمارە یەکی ساڵی 2005ـی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، مەسعوود بارزانی لە 2005/5/12 وەک یەکەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و سوێندی یاسایی خوارد.

دوای ئەوەی ڕەخنەیەکی زۆر لەلایەن هەندێ حیزب و گرووپەوە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە گیرا، لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 2009/7/25، مەسعوود بارزانی توانی یەک ملیۆن و 266 هەزار و 397 دەنگ (ڕێژەی 69.60%ی دەنگەکان) بەدەستبێنێت و جارێکی دیکە بە سەرۆک هەڵبژێردرایەوە، لە 2009/8/20 سوێندی یاسایی خوارد.

دوای ڕێککەوتنی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی، ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە 30 حوزەیرانی 2013 ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی بۆ دوو ساڵ لە پەرلەمانی کوردستان درێژکرایەوە، دواتر شاندێکی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی داوایانکرد یاساکە واژۆ بکات، بەڵام بارزانی یاساکەی نە ڕەتکردەوە، نە واژۆی لەسەرکرد.

بارزانی چەند جارێک وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی سپی لە واشنتن پێشوازی لێکراوە، یەکەمجار لە 2005/10/25 کە جۆرج بووشی کوڕ، سەرۆکی ئەمریکا بوو بارزانی بەجلوبەرگی کوردییەوە چووە کۆشکی سپی و پێشوازی لێکرا. دوای نەگەیشتنە ئەنجامی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و، نزیکبوونەوەی کۆتایی وادەی ویلایەتی مەسعوود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 2015/8/20، ئەنجوومەنی شووڕای هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 2015/8/17 بڕیارێکی دەرکرد بەوەی بارزانی بە هەموو دەسەڵاتەکانییەوە تاوەکو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت، لە کارەکانی بەردەوام بێت.

ئەم بڕیارە کاردانەوە جۆراوجۆری بە پشتگیری و ڕەتکردنەوەی لایەنەکانی باشووری کوردستانی لێکەوتەوە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ بارزانی دەکات.

بارزانی لە چەندین کۆبوونەوەی جەماوەری و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەڤانی، وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە "گەورەترین هەڵە"ی ژیانی خۆی وەسفدەکات و دەڵێ "نەدەبوو قبووڵ بکەم ئەو ئەرکە وەربگرم".

> بارزانی لە ژیان و خواردنیش حەزی لە ئیسراف نییە
>
> حەمیدە فەندی





ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (472) - دووشەممە 2017/9/11



## دەمیرتاش: لەگەڵ براکوردەکانی خۆمانین".

**ڕووداو- هەولێر**

سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) لەبارەی گشتپرسی 25ی ئەیلوولی باشووری کوردستان ڕایگەیاندووە "ئەنجامی گشتپرسییەکە هەرچییەک بێت، ئێمە لەگەڵ براکوردەکانی خۆمانین". دەمیرتاش لە زیندانی ئەدیرنەی تورکیاوە ڕایگەیاندووە "ئەو گشتپرسییەی 25ی ئەیلوول لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت چارەنووسی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات. پێویستە هەموو کەس ڕێز لەوە بگرێت". سەلاحەدین دەمیرتاش داوارە لەڕێگەی پەرلەمانی کوردستان پرۆسەی گشتپرسی کاری بۆ بکرێ. هەروەها دەڵێت "لە هەر باروودۆخێکدا بڕیارەکە هی برایانی هەرێمی کوردستانە، ئەنجامی ریفراندۆمەکە هەرچییەک بێت ئێمە لەگەڵ برا کوردەکانی خۆماندایین".

### فەرماندەیەکی سوپای سووریا بۆ (ڕووداو):

# دوای دێرەزوور دەگەڕێینەوە قامشلۆ و حەسەکە

**دڵخواز بەملەوی**
**ڕووداو- هەولێر**

هێشتا شەڕی دژی داعش لە شاری ڕەققە کۆتایی نەهاتووە، چاوەکان کەوتوونەتە سەر گرتنەوەی شاری دێرەزووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. چاوەڕێ دەکرێت لەو ناوچەیە ململانێیەکی ڕاستەقینە لەنێوان هێزەکانی سووریای دیموکرات و هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریا بێتە ئاراوە. شارەزایان چاوەڕێ دەکەن شەڕی دێرەزوور لە شەڕی ڕەققە سەختتر بێت.

هەرچەندە بڕیار بوو هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) هێرش بکەنە سەر دێرەزوور و ئەنجوومەنی سەربازییان بۆ پێکهێنا، بەڵام سوپای سووریا هێرشی کردە سەر شارەکە و لە ماوەیەکی کەمدا پێشڕەویی بەرچاویان کرد، ئێستا هێزەکانی سوپا لەگەڵ ئەو هێزانەی پێشتر لە فڕۆکەخانەی شارەکە و چەند گەڕەکێک گەمارۆ درابوون، گەیشتوونەتەوە یەک.

شاری دێرەزوور یەکێکە لە پارێزگا زۆر گرنگەکانی سووریا و دەوڵەمەندە بە سامانی نەوتی و کشتوکاڵ. زۆربەی دانیشتووانی عەرەبن، کورد و ئەرمەن لەم شارەدا کەمینەن. شارێکە تایبەتمەندیی خێڵەکی هەیە و دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات کە یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی ئاو لە سووریا.

دێرەزوور 450 کیلۆمەتر لە دیمەشقی پایتەخت و 265 کیلۆمەتریش لە قامشلۆ دوورە. هەروەها 320 کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی حەلەبەوە دوورە. بەشێکی زۆری شاری دێرەزوور ماوەی سێ ساڵە لەژێر دەستی داعشدایە و گەمارۆی خستبووە سەر ناوچەکانی فڕۆکەخانە، ناوچە سەربازییە گرنگەکان کە لەژێر هەژموونی حکوومەتی سووریادایە، بەڵام دوای سێ ساڵ سوپای سووریا توانی گەمارۆکە بشکێنێ.

عەمید هەیسەم حەسوون، شارەزای سەربازی و ستراتیژی لە سوپای سووریا بە (ڕووداو)ی گوت "سوپای سووریا، گەمارۆی داعشی لە بەشی باشووری شارەکە شکاند و هێزەکانیان لەگەڵ فەوجی 137 بەیەکگەیشتن و پێشڕەوی دەکەن بۆ گەیشتن بەفڕۆکەخانە و لەگەڵ لیواکانی زرێپۆش هاوئاهەنگن بۆ ئەوەی بۆشاییەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوپەیمانانیان درێژە بەپێشڕەوییەکانیان بدەن".

بە گوتەی عەمید هەیسەم، قۆناغی داهاتووی پێشڕەوی هێزەکانی سووپای سووریا بەرە ناوچەی مەیادین و ئەلبوکەمال دەبێ "سوپای سووریا بەرەو ناوچەکانی مەیادین و ئەلبوکەمال پێشڕەوی دەکەن بۆ ئەوەی ناوچەکان بەتەواوی کۆنتڕۆڵ بکەنەوە و سەرەوەریی بۆ سنوورەکانی سووریا و عێراق بگەڕێننەوە".

> **گەڕانەوەی ڕژێم بۆ قامشلۆ خەونە**
>
> سیاسەتڤانێکی پەیەدە

عەمید هەیسەم ڕەتیکردەوە هیچ هەماهەنگییەک لە نێوان سوپای سووریا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، بۆ کۆنتڕۆڵکردنەوەی دێرەزوور هەبێ و گوتی "هیچ هاوئاهەنگییەک نییە، لە نێوان سوپای سووریا و هێزەکانی ئەمریکا نییە لە شەڕی دێرەزوور، چونکە ئەمریکا هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا زیاتر بکات، نەک داعش لەناوببات، بۆ ئەم مەبەستەش هێزەکانی سووریای دیموکرات بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنێ".

لە کاتێکدا سوپای سووریا لە باشووری شارەکە پێشڕەوی دەکات، هێزەکانی سووریای دیموکرات ئۆپەراسیۆنی کۆنتڕۆڵکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی شارەکەیان ڕاگەیاندووە.

تەلال سلۆ، گوتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕایگەیاند "کەمپەینی نوێی ئەنجوومەنی سەربازی دێرەزوور ئامانج لێی ڕزگارکردنی تەواوی ڕۆژهەڵاتی دوورگەی فوراتە لەژێر ناوی (ڕەشەبای دوورگە)، بەدڵنیاییەوە ئەمڕۆ کەمپەینەکە دەستپێدەکات، ئەو هێزانەی بەشداریش دەبن پێکدێن لە، بەشێک لە ئەنجوومەنی سەربازی دێرەزوور و هێزەکانی سووریای دیموکرات و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی".

شارەزایان لەو باوەڕەدان شەڕی دێرەزوور سەختبێ و ئەگەری پێکدادانانی لە نێوان سوپای سووریا و هێزەکانی سووریای دیموکرات لێ بکەوێتەوە، بەڵام ئەو ئەفسەرە باڵایەی سوپای سووریا بەدووری دەزانێت شەڕ لە نێوانیان ڕووبدات و دەڵێت "سوپای سووریا ڕێگە بەهیچ هێزێکی دیکە نادات دوای کۆنتڕۆڵکردنەوەی ئەم شارە، هەژموونی خۆی بەسەر خاکی سووریا بسەپێنن یان هەوڵی پارچە پارچەکردنی خاکی سووریا بدەن. سوپای سووریاش هەریەک لە شارەکانی حەسەکە و قامشلۆ و شارەکانی دیکەش دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، دوای ئەوەی کۆتایی بەشەڕی داعش دەهێنن".

کادار بیرێ، نووسەر و سیاسەتڤانی نزیک لە پەیەدە دەڵێت "پێشڕەوییەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات تەنیا بۆ لەناوبردنی داعشە، چونکە بوونی ئەم شێرپەنجەیە لە عێراق و سووریا، مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو جیهان بەگشتیی و وڵاتە هەرێمییەکانیش بەتایبەتی".

لەبارەی ئەگەری پێکدادانی نێوان هێزەکانی سووریا و هێزەکانی سووریای دیموکرات. کادار دەڵێت "بێگومان ئەم پێکدادانە سەربازییە ڕوودەدات، چونکە جیاوازییەکی زۆرمان هەیە لە بیروبۆچوون، یەکێکیان گشتگیرن و ئەوی دیکەشیان دیکتاتۆرییەکی مەرکەزییە و هێزەکانی سووریای دیموکرات داوای دیموکراسی و فیدراڵی دەکات و لایەنی بەرامبەریش تەنیا بەرژەوەندی خۆی دەوێت لە ڕێگەی پێکهێنانی سیستەمی مەرکەزییەت و درێژەدان بەدیکتاتۆرییەت".

هێزەکانی سووریای دیموکرات لەلایەن ڕژێمی سووریاوە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە ئەجێندای دەرەکی لەوانەش ئەمریکا جێبەجێ دەکەن. نووسەرەکەی نزیک لە پەیەدە لەو بارەیەوە دەڵێت "کورد سوودێکی زۆری لە ئەمریکا وەرگرتووە، چونکە ئەمریکا بەدوای بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیەوە دەگەڕێت و بەپێی هاوسەنگی 2+2=4 کاردەکات، لەوانەیە بیکاتە پێنج، بەڵام هەرگیز نایکاتە سێ. ئێمەی کوردیش کاتێک لە خاڵی سفردابووین، کەچی ئێستا 50%ی دەستکەوتمان بەدەستهێناوە، ئەمە جگە لەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتیمان بەدەستهێناوە و سیستەمی فیدراڵیمان دامەزراندووە و کەیانێکی دیموکراسیمان بنیاتناوە و داعشمان لە ناوچەکەدا دوورخستووەتەوە".

سەبارەت بە گەڕانەوەی سوپای سووریا، وەک ئەفسەرەکەی سوپای سووریا دەڵێت دوای نەمانی داعش دەگەڕێینەوە قامشلۆ و حەسەکە، کادار دەڵێ "ئەمە خەونێکە ڕژێم دەیبینێت بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی دیسان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت و دەیەوێت دووبارە بیکاتەوە کێڵگەیەکی تایبەت بەخۆی، بەڵام کورد قوربانی زۆریداوە بۆ ئەوەی ناوچەکان ئازاد بکات و کەیانێکی بەهێز دروست بکات بۆ پێکهاتەیەکی دیموکراسی و پێیاندەڵێم خەونەکەتان وەک خەونی ئیبلیسە بۆ بەهەشت".

دوای ئەوەی ڕەققە کۆنترۆڵ دەکرێتەوە، شەڕە گەورەکە دەکەوێتە دێرەزوور. بەپێی شرۆڤەکاران، شەڕی ئەمجارە دەبێتە خاڵی یەکلاکەرەوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و هەژموون لەسەر خاکی سووریا لە نێوان هێزەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی لە قۆناخی پاشتریش چارەسەری سیاسی ڕاستەقینە بدۆزرێتەوە و قەیرانی سووریا کۆتایی پێبێ.



شەڕی دێرەزوور دەبێتە خاڵی یەکلاکەرەوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و هەژموون لەسەر خاکی سووریا لەنێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا

### بانە کوشتنی کۆڵبەران ڕادەگرێ؟

## لە شەش مانگی ڕابردوودا

# 28 کۆڵبەر بە گوللەی هێزەکانی ئێران کوژراون

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

"بانە تەنیا نییە"، ئەمە ئەو دروشمە بوو کە هەفتەی ڕابردوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی، ئامانج لە دروشمەکە پشتگیری لە ناڕەزایی خەڵکی بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە دژی کوشتنی کۆڵبەرانی کورد لەلایەن سوپای کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

هەفتەی ڕابردووی بانە بە دۆخێکی نائاساییدا تێپەڕی. دوو کۆڵبەر ڕۆژی حەوتی ئەم مانگە بە تەقەی هێزەکانی پاراستنی سنووری ئێران کوژران. ئەمە خوێنی زۆر لە بانەییەکانی وەجۆش هێنا. هەر ئەو ڕۆژە چەند کەسێک چوونە بەردەم قایمقامیەتی ئەو شارە و ناڕەزاییان دەربڕی. ئەمە چەخماخەی خۆپیشاندانێکی گەورەتر بوو لە ڕۆژی دواتردا.

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو لە بانە دووکان و بازاڕ داخران. خەڵک بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتیی خۆیان لە کوشتنی کۆڵبەران بەرەو بارەگای قایمقامیەتی شار ڕۆیشتن. لەبەردەم قایمقامیەت کۆبوونەوە و داوای لەسەرکار لادانی قایمقامی شاریان کرد.

بەڵام هێزە ئەمنییەکان بە گازی فرمێسکڕێژ و گوللەی پلاستیکی بەرەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە. خۆپیشاندەرانیش بە بەرد هێرشیان کردە سەر هێزە ئەمنییەکان و نزیکەی 10 خۆپیشاندەر و ژمارەیەک لە هێزە ئەمنییەکان بریندار بوون. دوای نیوەڕۆ، بۆ کۆنترۆڵی شار هێزی سوپای پاسداران بە شاردا بڵاوەیان پێکرا. بەگوتەی بەرپرسانی قایمقامیەتی بانە 14 کەس گیران.

چوار ڕۆژ لە بانە دووکان و بازاڕ داخرا. هێڵی ئینتەرنێت بڕا و تەلەفۆنیش کێشەی بۆ دروستکرا. دوو شاند لە تارانەوە بۆ لێکۆڵینەوە هاتنە بانە. داواکاری سەربازیی سنە گوتی "5 کەس بە تۆمەتی کوشتنی کۆڵبەرەکان دەستبەسەرکراون".

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەعید مونتەزەرولمەهدی، گوتەبێژی پۆلیسی ئێران گوتی "ئەو کۆڵبەرانە لە ناوچەی قەدەغەکراو و هێڵی سووری ئەمنیی سنوورەوە هاتوون و گوێیان بە هۆشداری و تەقەی هەوایی هێزی پاسەوانی سنوور نەداوە، بۆیە تەقەیان لێکراوە".

بەڵام قسەکەی مونتەزەرولمەهدی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ناڕەزایەتی لێکەوتەوە و وەک سووکایەتی لە قەڵەم درا. محەممەد ساڵح نیکبەخت، پارێزەری کورد دەڵێ "ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی لەگەڵ کۆڵبەرەکان دەکرێ یاسایی نییە و تەنانەت ئەو یاسایانەشی کە لە ئێراندا هەن جێبەجێ ناکرێن".

ناڕەزایەتیی پشتیوانی بۆ بانە تەنیا لە شاری سنە بەڕێوەچوو. ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە نزیک مەیدانی ئیقبال کۆبوونەوە و دروشمی پشتیوانی لە کۆڵبەرانیان بەرز کردەوە، بەڵام پۆلیس زوو کۆتایی بە گردبوونەوەکە هێنا و 10 کەسیشی دەستگیر کرد.

هەرچەندە ئێستا دۆخی بانە هێوربووەتەوە، بەڵام بەگوتەی شایەتحاڵان، هێشتا هێزە ئەمنییەکان چاودێریی جموجۆڵی بازاڕ و خەڵک دەکەن. هێشتاش هەندێ خۆپیشاندەری دەستگیرکراو لە گرتووخانەدان.

بەپێی زانیارییەکان لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا نزیکەی 90 خۆپیشاندەر دەستگیرکران.

کۆڵبەری ئەنجامی پەرەنەسەندوویی ئابووری، نەبوونی دەرفەتی کار و هەژاری و دەستکورتیی دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. عەبدوڵڵا ڕەمەزانزادە، پارێزگاری پێشووتری سنە دەڵێ "گەشەکردن لەنێوان پارێزگاکانی ئێران بەشێوەی هاوسەنگ ڕووی نەداوە. بۆ نموونە پارێزگایەکی وەک سمنان کە سەرۆککۆمار خەڵکی ئەوێیە، لە سنە زۆر پێشکەوتووترە".

کۆڵبەری لەڕووی تەندروستییشەوە کێشە بۆ کۆڵبەران دروست دەکات. چالاکڤانێکی مەدەنی دەڵێ: "ئەوانەی بەو نەخۆشییانە دەمرن کە بەهۆی کۆڵبەرییەوە تووشی دەبن، زۆر زیاترە لەوانەی بە گوللەی هێزە سەربازییەکان دەکوژرێن".

محەممەد مەحموودی، ئابووریناس لە بانە دەڵێ: "کۆڵبەری لەڕووی ئابوورییەوە هیچ زیادە بەهایەکی ئابووری یا قازانجێکی ئابووری بۆ ناوچەکە دروست ناکات و بەرهەمهێنان نابوژێنێتەوە و لە بواری گەشتیارییەوە گەشتیار ڕاناکێشێ".

محەممەد مەحمودی، بۆ چارەسەری کێشەی کۆڵبەری پێشنیاز دەکات لێکۆڵینەوە لەوە بکرێت کە چ شتێک لەمدیو و لەودیوی سنوورەوە پێویستە و دەتوانرێ چ شتێک بەرهەم بهێنرێ، ئەمە وادەکات بازرگانی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت و ئەمەش ڕەخساندنی دەرفەتی کاری لێدەکەوێتەوە. لە سنوورەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی بەرهەمهێنان و بازرگانییەوە دەکرێ هەزاران کەس دەرفەتی کاریان بۆ بڕەخسێ، بەڵام دەبێ کەرتی تایبەت دەرفەتی پێ بدرێ".

مەحموودی هەروەها دەڵێ: "بەشێوەی کاتی بۆ نەهێشتنی کۆڵبەری، حکومەت دەتوانێت پلانێک دابنێت و ڕێگە بە خەڵک بدات هەندێ کاڵا و کەلوپەلی دیاریکراو هەناردە و هاوردە بکەن. ئەمەش دەکرێ نە بەکۆڵ، بەڵکوو بە بارهەڵگر بگوازرێتەوە. هەروەها دەکرێ لەسەر سنوورەکان بازاڕی کاتی دروست بکرێ".

بەپێی هەندێ ئامار، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 80 هەزار کەس بە کۆڵبەرییەوە خەریکن، بەڵام ئاماری نافەرمی زۆر لەوە زیاتریش دەڵێت.

لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا 28 کۆڵبەر و شەش کاسبکار بە تەقەی هێزەکانی ئێران کوژراون، 8 کۆڵبەر بە هۆکاری سرووشتی و دوو کۆڵبەریش بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون. 67 کۆڵبەر و سێ کاسبکاریش بە تەقەی هێزەکانی ئێران بریندار بوون.

نیکبەخت دەڵێ "کۆڵبەرەکان لە ئێران بە قاچاخچی ناسراون، لە حاڵێکدا ئەوان قاچاخچی نین و بەرپرسانی پایەبەرزیش گوتوویانە نابێت بەوجۆرە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆڵبەران بکرێ، بەڵام پۆلیس ئەمە ڕەچاو ناکات و یاسای بەکارهێنانی چەک کە 24 ساڵ پێش ئێستا نووسراوە و حاڵەتەکانی تەقەکردنی تێدا باس کراوە، ئەمان ڕەچاوی ناکەن".

بەگوتەی نیکبەخت، ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی بە تەقەی هێزەکانی ئێران کوژراون، زۆر زیاترە لەوانەی کە بەهۆی قاچاخچێتی بە ماددەی هۆشبەر دەکوژرێن. هەروەها دەڵێت "ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ کۆڵبەر دەکرێ، لەگەڵ قاچاخچییەکانی ماددەی هۆشبەر ناکرێ".

نیکبەخت هەروەها دەڵێت کە ئەو کەسانەی تەقە لە کۆڵبەران دەکەن، بەشێوەی دادپەروەرانە دادگایی ناکرێن و مافی بنەماڵەی کۆڵبەرە کوژراوەکانیش پێشێل دەکرێ.

> **80 هەزار کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڵبەری دەکەن**



نزیکەی 90 خۆپیشاندەر لە شاری بانە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیر کراون

ئیسماعیل بێشکچی، بیرمەند و کۆمەڵناسی ناسراوی تورک بۆ (ڕووداو):

# لە گشتپرسی مافی دەنگدانم هەبووایە بە بەڵێ دەنگم دەدا



- هیچ مەترسییەک لە گشتپرسیدا نییە و کورد دەبێ پێداگریی بکات

بەرەچەڵەک تورکە، بەڵام بە داکۆکیکارێکی سەرسەختی دۆزی کورد ناسراوە، هەر لەو پێناوەشدا 17 ساڵی تەمەنی لە زینداندا بەسەر بردووە و زیاتر لە 10 ملیار لیرەی تورکی وەک سزا داوەتە دادگاکانی دەوڵەتی تورکیا، هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو کارە ئەکادیمیانەی لەسەر کورد کردوونی. ئیسماعیل بێشکچی، بیرمەند و کۆمەڵناسی ناسراوی تورک کە ئێستا تەمەنی 78 ساڵە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت ئێستا تورکیا و ئێران و عێراق و یەکێتیی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێن دژی گشتپرسین و لەگەڵ یەکێتیی عێراقدان، بەڵام ئەگەر 80%ی خەڵک بە بەڵێ دەنگیان دا، ئەوان ئەنجامەکەی قبوڵ دەکەن.

هەڤپەیڤین:
دلخوین دارا
ڕووداو - دوسلدۆرف

**ڕووداو: ڕۆژی 25ی مانگ، کورد بەرەو گشتپرسیی بۆ سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت. هەندێک لە وڵاتان داوای هەڵوەشاندنەوە و دواخستنی دەکەن و دەڵێن کاتەکەی گونجاو نییە. لە بەرامبەردا کوردستان پێداگری دەکات و دەڵێ کاتی هاتووە، ئێستا کاتی سەربەخۆییە؟**

**بێشکچی:** گرفتی کوردستان گرفتێکە چارەسەرەکەی زۆر درەنگ کەوتووە. هەر لە بیستەکاندا دەبوو ئەو گرفتە چارەسەر بکرایە، بۆچی؟ لە ساڵانی بیستەکاندا و لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا، ئەوکاتەی کە خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و میزۆپۆتامیا، لەلایەن ئینگلتەرا و فەرەنساوە دابەش دەکرا، لەمیانی ئەو دابەشکارییەدا عێراقی سەر بە ئینگلتەرا دامەزرا. ئینتیدابەکانی ئوردن و فەڵەستینی سەر بە ئینگلتەرا دامەزران. ئینتیدابەکانی سووریا و لوبنانی سەر بە فەرەنسا دامەزران، ئیتر لەو سەردەمەدا ئینتیدابی کوردستان زۆر پێویست بوو. بۆ نموونە لەوکاتەدا شێخ مەحموود بەرزنجی دەیگوت کوردستانی سەربەخۆ، دەیگوت من پاشای کوردستانم، بە ئینگتەرای گوت وەکو پاشای کوردستان دانم پێدابنێ. دەوڵەتە ئیمپریالییەکانی ئەوکات، نەک کوردستانێکی سەربەخۆ، بەڵکو کوردستانێکی کۆڵۆنیشیان پەسەند نەکرد. ئەمرۆ کە سەرباری ئەوەی کوردستان خاوەنی زیاتر لە 50 ملیۆن کەسە، لە هیچ شوێنێکدا نوێنەرایەتیی نییە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری وڵاتانی کەنداو بکەین، کوێت، قەتەر، بەحرەین، ئیمارات و یەمەن، ئەمانە دەوڵەتگەلی زۆر بچووکن و نفووسیان لە خوار ملیۆنە، بەڵام ئەوانە دێن داهاتووی کورد دیاری دەکەن. واتا گرفتەکە زۆریش درەنگ کەوتووە. بۆیە زۆر هەڵەیە ئەوەی دەگوترێت کاتی نییە. هەڵبەتە درەنگ کەوتووە و ئەوەتا دەبینین کە بڕیاری گشتپرسی بۆ ڕۆژی 25ی ئەیلوول دراوە.

**ڕووداو: مەترسیی هەیە؟**

**بێشکچی:** نەخێر لێرەدا کورد دەبێ پێداگریی بکات.

**ڕووداو: کورد زۆر مکوڕن، پێتانوانییە ئەو پێداگرییە بێ مەترسیی نابێت؟**

**بێشکچی:** من دەمەوێ لەبارەی وڵاتانی خۆرئاوا کە دەڵێن گشتپرسی دوابخەن یان هەڵیبوەشێننەوە قسە بکەم، چەند بەهایەک هەن کە خۆرئاوایان کردووە بە خۆرئاوا، ئەوانیش بەهاکانی ئازادی و یەکسانین. ئەم بەهایانە پێویستە هەمیشە بەهێزەوە ڕێک وەستاو بن. خۆرئاوا، با بڵێین وڵاتانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئینگلتەرا، ئیتاڵیا یان یەکێتیی ئەورووپا، ئەم دامەزراوانە بەم بەهایانەوە دەبێت بتوانن تەدەخولی زنجیرە کێشەیەک لە هەر کوێی جیهان بکەن. بۆ نموونە دەبێت بتوانن تەدەخولی کێشە

> ئەمرۆ دەوڵەتێک نەماوە بەناوی عێراق

کۆمەڵگەیی و سیاسییەکانی وڵاتە نیمچە پێشکەوتووەکان بکەن، بەڵام تێگەیشتنێک کە باس لە "یەکێتیی عێراق" دەکات، ئەم بەها گەردوونییانە بێ بایەخ دەکات، بۆچی؟ چونکە تەنیا عێراق نییە، سووریا و ئێران و تەواوی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین دەوڵەتی تاکرەو و نەژادپەرست و مەزهەبگەران، واتا دەوڵەتی دیموکراسی نین. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەمرۆ ئەم بەها گەردوونییانە بۆ کوردستان ڕێی تێدەچێت، سەیرکە ئیدارەی هەرێمی کوردستان گرنگیی پێویست بە خەڵکی ناوچەکە دەدات، وەکو ئەرمەنی و تورکمان و کوردی ئێزدی. ئەمە شیاوی ئەو بەها گەردوونییانەن کە خۆرئاوا دەکەن بەو خۆرئاوایە. لێرەدا پێویستە خۆرئاوا خاوەندارێتیی ئەم بەهایانە بکات. پێویستە کورد ئەمە وەبیر خۆرئاوا بهێنێتەوە کاتێک کە دەڵێن دوایبخەن، لە ساڵی 1988 کۆمەڵکوژی کرا، کێ دەنگی هەڵبڕی؟ هیچ کەسێک دەنگی هەڵنەبڕی و کاردانەوە نیشان نەدرا.

**ڕووداو: بۆچی کاردانەوەیان نەبوو؟**

**بێشکچی:** چونکە پشتگیریی عێراقیان دەکرد. لەکاتێکدا کە دەرکەوتنی ئەو بەهایانە گرنگە، بەهای ئازادی و بەهای یەکسانی. کارێکی دژەدیموکراسی و دژەمرۆیی وەکو کۆمەڵکوژی ئەنجامدراوە، تۆ ئەم هەڵوێستە نیشان مەدە، ئەوەتا خۆشت دەوڵەتێکی دیموکراسیی خۆرئاوایت. نە فەرەنسا و نە ئەڵمانیا و نە ئینگلتەرە، تەنیا لە تەلئەبیب کاردانەوە دژ بەو کۆمەڵکوژییە نیشاندرا کە ڕژێمی سەددام حوسێن دژ بە کورد ئەنجامیدا. ئەوەی خۆرئاوای کردووە بەم خۆرئاوایە، بەهاکانی ئازادی و یەکسانین. ڕۆژئاوا دەبێت هەمیشە پارێزگاری لەم بەهایانە بکات، بەڵام کە گوتت "یەکێتیی عێراق" ئەوا نەوەک بەها گەردوونییەکان، بەڵکو تۆ بەرگری لە بیری تاکرەوی و نەژادپەرستی و مەزهەبگەری دەکەیت.

**ڕووداو: ئەگەر هیچ پشتیوانێکی دەرەکی نەبێت، ئەمریکا و ڕووسیا و یەکێتیی ئەورووپا پشتیوانیی نەکەن، کورد لەم دۆخەدا پێویستە چی بکات؟**

**بێشکچی:** ئەوەی گرنگە هەڵوێستی کوردە، با بڵێین گشتپرسی بەڕێوەچوو 80%ی دەنگەکان دەنگی بەڵێ بوون. هەمووان ئەمە پەسەند دەکەن، ئەمریکا، تورکیا و ئێرانیش، هەمووان ئەمە پەسەند دەکەن. بەڕێوەچوونی ئەم گشتپرسییە لە 25ی ئەیلوولدا گرنگە، کورد کاتێک لە ڕۆژی 25ی ئەیلوولدا دەچێتە سەر سندووقی دەنگدان، دەبێت بیر لە چی بکاتەوە؟ مرۆڤەکان دەبێت بیر لە منداڵەکانیان و نەوەکانیان بکەنەوە، پێویستە "کوردستانێکی سەربەخۆ" ببێتە ئەوینی کوردان. واتا بەدەم بیرکردنەوە لە داهاتووی منداڵەکان و نەوەکانیان و کوردستانێکی سەربەخۆوە بڕۆن، بۆ نموونە ئەمرۆ، ناوبەناو دەبیستین باپیرانمان کوردستانێکی سەربەخۆیان بۆ جێنەهێشتین. ئێمە وا دەڵێین. جا ئێمە ئەم خەباتە دەکەین لەپێناوی ئەوەدا، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ ئەمە سەختتر دەبێت. بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی پرسیاری "بۆچی کوردستانێکی سەربەخۆتان بۆ جێنەهێشتین" نەبنەوە، ڕۆژی 25ی ئەیلوول دەبێت لە نێو ئەم بیر و هەستەدا بن و توانای خۆیان بۆ بەدەستهێنانی کوردستانی سەربەخۆ بخەنەگەڕ.

**ڕووداو: ئەگەر مافی دەنگدانت هەبووایە، دەچوویتە سەر سندوقی دەنگدان؟**

**بێشکچی:** بەڵێ.

**ڕووداو: بە بەڵێ دەنگت دەدا؟**

**بێشکچی:** بەڵێ بەوشێوەیە دەنگم دەدا.

**ڕووداو: چونکە بەهۆی کوردەوە دەستگیرکرایت، دادگایی کرایت و خرایتە زیندانەوە؟**

**بێشکچی:** ئەوە شتیکی جیاوازە، مرۆڤەکان با بڵێین توێژەرەکان، بەڕای من دروست نییە بڵێن ئێمە ئەمەمان کرد و ئەوەمان کرد. بەڵام کاتێک کەسێک لە دەرەوەوە ئەمە دەڵێت، بۆ نموونە کە دەڵێن ئێوە ئەوەندە سزادران و خرانە ژوورەوە، چۆن بیردەکەنەوە؟ جا با من لە ئێوە بپرسم: ئێوە لەمبارەوە چۆن بیردەکەنەوە؟ واتا بیرکردنەوەی ئێوە گرنگە. بێگومان من لێرەدا پرسیارێکی لەمجۆرە لە ئێوە ناکەم، بەڵام لەم پرسیارانەدا بیرکردنەوەیەک گرنگە کە لە دەرەوەی کەسەکە خۆی بێت. لێرەدا مەسەلەیەک هەیە کەمێک ئاسۆ دەردەخات. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چۆمسکی کەسێکی زۆر بەهادارە. کەسێکە زۆرترین ڕەخنەی لە ئیدارەی ئەمریکا هەیە و ڕەخنەکانیشی بەجێن. ئیدوارد سەعید وەهابوو، ئەو فەڵەستینی بوو. بۆ نموونە ژان پۆل سارتەر لە فەرەنسا زۆر بەهادار بوو. سارتەر گوتی: هەموومان بکوژین، چونکە فەرەنسا لە جەزائیر کۆمەڵکوژی دەکات. هەموومان لەو کۆمەڵکوژییەدا بەشدارین، ڕووناکبیران، پارتە سیاسییەکان، دەوڵەت و حکومەت، هەموومان بکوژین. جا لەبەر ئەمە لەلای دیگۆل سکاڵایان تۆمار کرد و گوتیان ئەوە فەرەنسا بچووک دەکاتەوە و زیان بە دەستکەوتە نەتەوەییەکانی فەرەنسا دەگەیەنێت. دیگۆل گوتی: سارتەر فەرەنسایە و ناتوانین هیچ بکەین. سەیرکە ئەمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یان لە فەرەنسا و شوێنی دیکە، تۆ ڕەخنە لە حکومەت دەگریت و هیچ سزایەکی سیاسی یان ئیداری نییە. بۆ نموونە سێیەم ماددەی دەستووری ئەمریکا لەبارەی ئازادیی ئیفادەدانە. ئیفادەدان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بێسنوورە. ئەها لە تورکیادا ئەو ماددانە هەن کە ناتوانرێت بگۆڕدرێن، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئەمە ناگۆڕدرێت. تەنانەت گۆڕانکاری لە ماددەی ئیفادەدان نابێتە جێی باسیش. فەرەنسا بەمشێوەیەیە، بەڵام تورکیا وا نییە. هەرکاتێک لەنێو

> بۆ سەربەخۆیی کوردستان کات درەنگیش بووە

هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی دژ بە چەند ئایدیۆلۆژیای ئیداری فەرمیدا بوویت، ئەوا ژمارەیەک سزا و گەمارۆی ئیداری دەبنە جێی باس.

**ڕووداو: نیگەرانیی تورکیا لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

**بێشکچی:** دامەزراوەیەک هەیە بەناوی ئایدیۆلۆژیای فەرمی، گرنگترین دامەزراوەی سیاسەتی تورکە، بەڵام لە دەستووردا ئاماژەی پێنەدراوە. دامەزراوەیەکە لە سەرووی دەستوورەوە. هزر و بیر و هەڵسوکەوت دیاری دەکات، بۆ نموونە لە زانکۆکاندا توێژینەوە لەسەر چی دەکرێت؟ چۆن دەکرێت؟ پارتە سیاسییەکان چی دەڵێن؟ چۆن ئەمە دەڵێن؟ دامەزراوەیەکی بنکەییە و ئەمانە دیاری دەکات، هەر کاتێک تۆ ڕەخنەت لێی گرت، ئەوا ژمارەیەک سزای ئیداری دەسەپێنن. بێگومان لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا ئایدیۆلۆژیای فەرمی نییە. خۆ لە هەموو دەوڵەتێکدا ئایدیۆلۆژیا هەیە، بەڵام دامەزراوەیەکی تایبەت بە ئایدیۆلۆژیا نییە.

**ڕووداو: تورکیا یان کۆمەڵگەی تورکی، ئەوەی پێ پەسەند دەکرێت کە وڵاتێکی نوێ بەناوی کوردستان ببێتە دراوسێی؟ باس لە حکومەت و ئایدیۆلۆژیای فەرمی نەکەین؟ تا چەند کۆمەڵگەی تورکی ئەمەی قبووڵە؟**

**بێشکچی:** بابڵێین گشتپرسی بەڕێوەچوو و 80% دەنگی بەڵێ هەبوو. هەموو کەسێک ئەمە قبوڵ دەکات. تورکیا، ئێران، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا، بەڵام شتێک هەیە، زۆر گرنگە ئەو وەبیرهێنانەوەیە بۆ یەکێتیی ئەورووپا هەبێت، کورد ئەمە بکەن زۆر گرنگە. کەمێک بەر لە ئێستا باسی کۆمەڵکوژیمان نەکرد لە 16ی ئاداری 1988 ؟ جگە لەوەش لە نێوان 1983 و 1988 ڕژێمی سەددام حوسێن دەڵێ کام گاز ژەهراویترە با بەرهەمی بهێنن و بەکاریبهێنن، لە ئانوساتێکدا کورد لەناوبەرین. ئەوکات ئەو وڵاتانە بۆ خاتری زویرنەکردنی سووریا و تورکیا و عێراق و ئێران دەنگیان لێوە نەهات و ئەمرۆ باسی یەکگرتوویی عێراق دەکەن، ئەوەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وا دەڵێت، تورکیا وا دەڵێت، یەکێتیی ئەورووپا وا دەڵێت. بەڵام بەڕای من کە ئەنجامێکی لەمشێوەیەی هەبووە، هەموو کەسێک قەبووڵی دەکات.

**ڕووداو: تورکیا ئەمە قبوڵ دەکات؟**

**بێشکچی:** بەڵێ.

**ڕووداو: ئەگەر ئەم دەرفەتەمان لەدەستچوو، چی دەبێت، چی ڕوودەدات؟**

**بێشکچی:** ئیدارەدان و خۆبەڕێوەبەری لەلایەن کوردەوە گرنگە. بۆ نموونە ئێران ئاوی زێی بچووکی گرتەوە. لەو ناوچەیەدا کشتوکاڵ دەکرێت، ئەو چۆن ئاوەکەی گرتەوە؟ با بڵێین لە سنووری خۆیدا بەنداو دروست دەکات. لێرەدا برەودانی کشتوکاڵی پەیوەندیی بە تێپەڕبوونی ئاو هەیە لەو ناوچەیەدا، تۆ ئەگەر نەتوانی خۆت بەڕێوەبەریت، ناتوانی پلاندارێژی. لەکاتێکدا ئەوە زۆر گرنگە کە تۆ بتوانیت بۆ نموونە بەنداوێک بۆ بەرهەمهێنانی تەزووی کارەبا لەسەر زێی گەورە دروست بکەیت. بۆ نموونە بە بەرزیی 150 مەتر بەر لە ئاوی زێی گەورە بگریت. لەوانەیە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان یان عێراق دژی ئەمە بن کە کورد لەوێدا بەنداو دروست بکات، بەڵام ئەگەر کورد خۆی خۆی بەڕێوەبەرێت، ئەمە دەکات. ئەگەر بڕیاری گەشەپێدان و بەڕێوەبردن و پلان لەدەستی خۆیدا بێت، ئەمە جێبەجێ دەکات.

**ڕووداو: بەڵام دوو دراوسێی بەهێزمان هەیە پێمان دەڵێن گشتپرسی مەکەن؟**

**بێشکچی:** ئاخر ئەوان بە کورد دەڵێن: تۆ خۆت بەڕێوەمەبە، با ئێمە بەڕێوەتبەرین و ئیدارەت بدەین. لێرەدا کورد دەبێت پێداگر بن و بڵێن ئیدی لەمەودوا خۆمان خۆمان بەڕێوەدەبەین، گەشەپێدانی کوردستان تا ئێستا دواکەوتووە. ئیتر خۆمان پلانی گەشەپێدان دادەڕێژین و کار لەسەر پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ دەکەین. بۆ نموونە لەسەر زێی گەورە بەنداوێک دروست دەکەین.

**ڕووداو: وەکو جاران هێرشمان ناکەنە سەر؟**

**بێشکچی:** لێرەدا پێویستە کورد پێداگر بێت.

**ڕووداو: چی بکەن باشە؟**

**بێشکچی:** بۆ نموونە بە خۆرئاوا دەڵێن لە 1988 کۆمەڵکوژی کرا بۆ هیچ کاردانەوەیەکتان نەبوو، ئێستا دەڵێیت کاتی نییە؟ ڕەخنە لە خۆرئاوا دەگریت. بۆ کاردانەوەت نەبوو؟ واتا ئەو کۆمەڵکوژییە، ئەو کارە نامرۆڤانەیە کرا. ئەها کاتێک لە خۆرئاوا چارەسەرێکی تازە تاقی دەکرێتەوە لەسەر چی تاقیدەکرێتەوە؟ لەسەر مشک. ڕژێمی سەددام حوسێن کێی بەکارهێنا؟ کوردی بەکارهێنا. کوردی بەندکراوی نێو گرتووخانەکانی بەکارهێنا، گوندە کوردنشینەکانی بەکارهێنا لە 1983، لە هەڵەبجە 6 هەزار و 300 و قسوور کەس بەهۆی گازی کیمیاییەوە ژەهراوی بوون. لەکاتێکدا لە 1983 تاکو 1988 تاقیکردنەوە لەسەر گوندە کوردنشینەکان دەکرا بۆ ئەوەی

> ئەمریکا بە هاوکاریکردنی عێراق هاوکاریی ئێران دەکات

بزانن کامە گاز ژەهراوییە. بێگومان پێویستە لەم ڕووەوە ڕەخنە لە خۆرئاوا بگیرێت. ئەوەندە ڕووداوی نامرۆڤانە ڕوویاندا، بەڵام ئێوە کاردانەوەتان نەبوو. کەچی ئێستا هاتوون، لەکاتێکدا کورد دەیەوێت لەڕێگەی ئازادیدا بەرەوپێش بچێت، کوردستانێکی سەربەخۆ ڕابگەیێنێت، دەڵێن دوایبخەن. تۆش دەڵێیت ئەمە ڕاست نییە، ڕەخنە لە خۆرئاوا دەگریت و دەڵێی ئێمە پێویستە خۆمان، خۆمان بەڕێوەببەین.

**ڕووداو: دەرئەنجام قبوڵی دەکەن؟**

**بێشکچی:** بەڵێ.

**ڕووداو: واتە دەبێتە ئەمری واقیع؟**

**بێشکچی:** بێگومان ئێستا ئەگەر بڵێین یەکێتیی ئەورووپا، ئەگەر دانە دانە قسە لەسەر وڵاتەکان بکەین، یان وەکو دامەزراوە بڵێین یەکێتیی ئەورووپا، دەڵێ یەکێتیی عێراق. بەڵام ئەگەر گشتپرسی بەڕێوەچوو و ئەنجامێکی وەها هاتە ئاراوە ( 80%) بێگومان پەسەندی دەکەن. بە بۆچوونی من وەها دەبێت.

لەساڵی 1990 یەکێتیی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە و 15 دەوڵەت دروستبوو. لە هەمان سەردەمدا یۆگوسلاڤیا لێکترازا و حەوت دەوڵەت دروستبوو. هەر لەو سەردەمەدا چیکۆسلۆڤاکیا لەنێو خۆیدا بووە دوو بەش. خۆرئاوا ئەمانەی زۆر بە ئاسایی وەرگرت، بەڵام کە سەرە دێتە سەر عێراق، دەڵێ یەکێتیی عێراق. یەکێتیی عێراق، یەکێتیی عێراق، وەک بڵێی زۆر پیرۆز بێت، لەکاتێکدا بەهیچ شێوەیەک پیرۆز نییە. بۆچی؟ لە بیستەکاندا لە سەردەمی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا ویلایەتی بەغدا و ویلایەتی بەسرە هەبوون. ئەوکاتە ئینگلتەرە بەهۆی ئەوەی بیری لە نەوت دەکردەوە کە لە کەرکووکدا نەوت دۆزرابووەوە، کاری کرد تا ویلایەتی مووسڵ (کە کەرکووکیشی لەخۆگرتبوو) بخاتە سەر ئەو عێراقەی دیزاینی کردبوو. بەمجۆرە عێراقیان دروستکرد. دەوڵەتێکی سوننی. ئەمرۆ بە قەناعەتی من دەوڵەتێک بەناوی عێراق نەماوە، بەڵام هێشتا دەڵێن یەکێتیی عێراق. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێشتا وەها دەڵێت. لەکاتێکدا لە 2011 ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەبەرهێنانێکی زۆر گەورەی ملیارەهایی بۆ سوپای عێراق ئەنجامدا. دووەم قورسایی سوپا لە مووسڵ بوو، چەندین بەرپرس و پێداویستیی سەربازی و نزیکەی 60 هەزار سەرباز لەوێ بوون. بەڵام لە حوزەیرانی 2014 چی ڕوویدا؟ سوپا بێ ئەوەی هیچ شەڕێک لەگەڵ داعش بکات، پاشەکشەی کرد و تەواوی ئەو چەک و کەرەستە سەربازییە بۆ داعش مایەوە. داعش بەو چەک و پێداویستییە سەربازییە هێرشی کردە سەر کوردستان. سەیرکەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوپای عێراق بەهێز دەکات، ئەوان سەربازگەیەکی زۆر گەورەیان لە مووسڵ هەیە، ئەو چەکە دەکەوێتە بەردەستی داعش و داعش لە دژی کورد بەکاریدەهێنێت. لەم ڕووەوە ئەمریکا دەڵێ با ئێران سنووردار بکەین. واتا ئێران ئیدارەیەکی شیعییە لە خۆرهەڵاتی ناویندا و دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات. دەیەوێ شیعەگەری بەدامەزراوەیی بکات. لەکاتێکدا ئەمریکا هێشتا دەڵێ یەکێتیی عێراق، وەبەرهێنان بۆ عێراق دەکات. لەکاتێکدا هاوکاریی ماددی بۆ عێراق وەبەرهێنانە بۆ ئێران، بۆ نموونە حەشدی شەعبی هێزێکی عێراقییە، بەڵام ئێران بەڕێوەی دەبات. تۆ کە هاوکاریی ماددیی عێراقت کرد واتا هاوکاریی حەشدی شەعبیت کرد، ئێ حەشدی شەعبی زیاتر لە داعش شەڕی کورد دەکات. ئیتر پێویستە ئەمانە وەبیر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی خۆرئاوا بهێندرێنەوە. جگە لەوە عێراق ئەو دەوڵەتە پیرۆزە نییە. یەکێتیی سۆڤیەت پەرتەوازە بوو دەنگت نەکرد، یوگوسلاڤیا پەرتەوازە بوو دەنگت نەکرد. کە کورد دەڵێ ئازادی و سەربەخۆیی تۆ بۆ بەرهەڵست دەبیت؟

> تەواوی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین دەوڵەتی تاکرەو و نەژادپەرستن

> ئەگەر 80%ی دەنگەکانی گشتپرسی بەڵێ بوون، ئەمریکا و تورکیا و عێراق و ئێران قبوڵی دەکەن

## عەلی سندی: ئاوارەکان ڕێژەی دانیشتووانی کوردستانیان 13% زیادکردووە



ڕووداو- هانۆڤەر

وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی هانۆڤەر ڕایگەیاند، ئاوارەکان ڕێژەی دانیشتووانی کوردستانیان لە 13% زیادکردووە و ئەوەش بارگرانییەکی دیکەیە بۆ سەر ئابووریی کوردستان. دەشڵێت کۆمپانیا ئەڵمانیاکانیان بۆ وەبەرهێنان لە کوردستاندا بانگهێشتکردووە. ڕۆژی چوارشەممە 6-9-2017 لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا کۆنفرانسی خاوەنکار و وەبەرهێنەرانی ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد، ئامانجی کۆنفرانسەکە دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش. د.عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گوتارێکدا ڕایگەیاند، کۆنفرانسەکە کاریگەریی لەسەر زیادکردنی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

## زیاتر لە 20 کارگەی دیکەش مۆڵەتیان وەرگرتووە

# لە کوردستان 23 کارگەی بەرهەمهێنانی پاککەرەوە بەشی عێراقیش دابین دەکەن



لە ڕووی خواست و بەکارهێنانەوە، ماددە پاککەرەوەکان لە دوای خۆراک بە پلەی دووەم دێن

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

ساڵانە بە هەزاران تۆن ماددەی پاککەرەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە هاوردە دەکرێت و ژمارەی کارگەکانی ناوخۆش کە لەو بوارەدا کار دەکەن لە زیادبووندان. بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت لەڕووی خواست و بەکارهێنانەوە، ماددە پاککەرەوەکان لە دوای خۆراک بەپلەی دووەم دێن.

بەپێی ئامارێک کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشەپێدانی پیشەسازیی پارێزگاکان و دەستەی وەبەرهێنان دراوەتە ڕووداو، 23 کارگەی بەرهەمهێنانی پاککەرەوە (12 لە هەولێر، حەوت لە سلێمانی و چوار لە دهۆک) ئێستا لەکاردان، زیاتر لە 20 کارگەی دیکەش مۆڵەتیان وەرگرتووە.

ئەندازیار مستەفا زوبێر، بەڕێوەبەری هونەری و سەرپەرشتیاری کارگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی بە (ڕووداو)ی گوت "لەڕووی خواست و بەکارهێنانەوە ماددە پاککەرەوەکان لەدوای خۆراک بەپلەی دووەم دێن، بۆیە ساڵانە بەهەزاران تۆن ماددەی پاککەرەوە هاوردە دەکرێ".

سەبارەت بە بەرهەمی کارگە نێوخۆییەکان، مستەفا زوبێر دەڵێت: "بەپێی بەدواداچوونمان، هەندێ لەو کارگانە 80%ی بەرهەمەکانیان لەناوخۆ دەفرۆشن، هەندێ کارگەش تەواوی بەرهەمەکانیان بۆ شارەکانی عێراق دەنێرن، بەڵام بەتێکڕا 60%ی بەرهەمی ئەو کارگانە بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکرێت".

مستەفا زوبێر، لەبارەی هۆکاری هەناردەکردنی بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ بۆ شارەکانی عێراق گوتی: "خەڵکی کوردستان زیاتر خواستیان لەسەر کاڵای هاوردەی کواڵیتی بەرزە، بۆیە کارگەکان زۆر بەزەحمەت دەتوانن لە بازاڕەکانی کوردستاندا بەرهەمەکانیان ساغ بکەنەوە، بەپێچەوانەوە دانیشتووانی پارێزگاکانی عێراق زیاتر حەزیان لە بەکارهێنانی کاڵای هەرزان و خۆماڵییە، ئەمەش وای کردووە زۆربەی بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ هەناردەی شارەکانی عێراق بکرێ".

### ڕکابەریی کاڵای بیانی دەکەن

گرووپی کۆمپانیاکانی بانە، خاوەنی دوو کارگەی پاککەرەوەیە، کارگەی پاککەرەوەی برایت ڕۆژانە نزیکەی 40 تۆن پاککەرەوەی شل بەرهەمدێنێ، هەروەها کارگەی پاککەرەوەی ئاریز ڕۆژانە 25 تۆن پاککەرەوەی ڕەق (تایت و سابوون) بەرهەمدێنێ.

نەجمەددین عەلی، خاوەنی هەردوو کارگەکە دەڵێت: "لەماددە شلەکان 55 جۆر و لەماددە پاککەرەوە ڕەقەکان و بۆدرەکانیش 30 جۆر بەرهەمدێنین. 75%ی بەرهەمەکانمان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەین، ئەوەی دیکەش لەڕێگەی بریکارەکانمانەوە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دەفرۆشین".

نەجمەددین عەلی دەڵێت ئەوان و کارگەکانی دیکەش هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی ڕکابەریی بەرهەمی بیانی بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش کاڵاکانیان بە هەرزانترین نرخ دەخەنە بازاڕەوە.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، خاوەنی هیچ داتایەک نییە لەبارەی بڕی پێویستیی تاک بە ماددە پاککەرەوەکان، بەڵام هاوڕان لەسەر ئەوەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە وڵاتانی دەوروبەر ماددە پاککەرەوەکان بەکاردێنن.

> "فرۆشمان لە پاککەرەوەی قاپ بە ڕێژەی 80% کەمی کردووە"

نەجمەددین عەلی دەڵێت: "بۆمان دەرکەوتووە ساڵانە هەر تاکێکی هەرێمی کوردستان 35 بۆ 40 لیتر پاککەرەوەی شل و 15 تاوەکو 20 کیلۆش ماددەی پاککەرەوەی بۆدرە و ڕەق بەکاردێنی کە تێکڕای نرخی ناوەندیی ئەم بەرهەمانە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا نزیکەی 55 دۆلار دەوەستێ".

بەگوێرەی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن و 614 هەزار کەس بووە، گریمان خەرجیی هەر تاکێک لە ساڵێکدا بۆ بەکارهێنانی ماددە پاکەرەوەکان 55 تاوەکو 60 دۆلار بووبێت، کەواتە ساڵانە زیاتر لە 336 ملیۆن و 840 هەزار دۆلار تەنیا بۆ کڕینی ماددە پاککەرەوەکان لە کوردستان خەرج دەکرێ، ڕۆژانەش نزیکەی 923 تۆن ماددەی پاککەرەوە بەکاردەهێنرێ.

نەجمەددین عەلی دەڵێت: "تاکی کوردستان زیاد لە پێویستیی خۆی ماددە پاککەرەوەکان بەکاردێنێ، نزیکەی ملیۆنێک و 500 هەزار ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان هەن، بۆیە دڵنیام ڕۆژانە زیاتر لە ملیۆنێک تۆن ماددەی پاککەرەوە بەکاردەهێنرێت و زۆر زیاتر لە 336 ملیۆن و 840 هەزار دۆلار خەرج دەکرێ".

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر ماددە پاککەرەوەکان لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق هەیە، بەدەیان کۆمپانیای بازرگانی بوونەتە بریکاری کارگەکانی دەرەوە.

کۆمپانیای ئەلوەزیر، یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی ماوەی 12 ساڵە بریکاری ماددەی پاککەرەوەی کۆمپانیای ئەلوەزیری ئوردنییە، ساڵانە 80 جۆر بەرهەم هاوردەی کوردستان دەکات.

ئەحسەن بورهان، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەلوەزیر بۆ بازرگانیی گشتی و هاوردەکردنی کاڵای پاککەرەوە دەڵێت: " لە هەرێمی کوردستان لەڕووی خواستەوە ماددە پاککەرەوەکان لە دوای خۆراک بە پلەی دووەم دێن، بۆیە بە دەیان کۆمپانیا کاری هاوردەکردنی ماددە پاککەرەوەکان دەکەن، مانگانە بەهەزاران تۆن ماددەی پاککەرەوە دەهێننە هەرێمی کوردستان".

ئەحسەن، نموونە بە فرۆشی کۆمپانیاکەی لە پارێزگای هەولێر دێنێتەوە و دەڵێت: "لە وەرزی هاوین، مانگانە تەنیا بۆ هەولێر 250 تاوەکو 280 تۆن ماددەی پاککەرەوە هاوردە دەکەین، بەڵام لە وەرزی زستاندا خواست کەمتر دەبێتەوە، مانگانە نزیکەی 100 تۆن کەمتر لە وەرزی هاوین هاوردە دەکەین".

ئەحسەن دەڵێت هەرزانیی نرخی بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ، کاریگەریی زۆری لەسەر بازاڕی ئەوان هەبووە، بە تایبەتی پاککەرەوەکانی قاپ شۆرین کە بە زاهی ناوی دەرکردووە. ئەو دەڵێت "فرۆشمان لە پاککەرەوەی قاپ بە ڕێژەی 80% کەمی کردووە".

پارێزگای هەولێر لەڕووی زۆریی ژمارەی کارگەکانی پاککەرەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەپلەی یەکەمدایە و 12 کارگەی تێدایە. 11 کارگەیان مۆڵەتیان لە بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی وەرگرتووە، کارگەیەکیشیان مۆڵەتی لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە، مۆڵەتی دامەزراندنیش بە 9 کارگەی دیکە دراوە، بەڵام بەهۆکاری جیاواز هێشتا نەکەوتوونەتە کار.

تەیب کەژۆ عەلی، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازیی هەولێر دەڵێت "ماوەی چەند ساڵێکە خواست لەسەر دامەزراندنی کارگەی پاککەرەوە زیاد بووە. تاوەکو ئێستا مۆڵەتمان بە دامەزراندنی 20 کارگەی پاککەرەوە داوە، 11یان بەرهەمەکانیان لە بازاڕە، ئەوانی دیکەش بە هۆکاری جیاواز هێشتا نەکەوتوونەتە کار".

سەبارەت بە بەرهەمی ئەو کارگانە، تەیب کەژۆ گوتی: "بەرهەمیان بەگوێرەی قەبارەیان دەگۆڕێت. کارگەمان هەیە مانگانە 50 تۆن، هەمانە 300 تۆن بەرهەمی هەیە، هەشمانە 1000 تۆنە، بەشێوەیەکی گشتی مانگانە 2500 تاوەکو 3000 تۆن بەرهەمیان هەیە".

سەرەڕای بوونی سەتان جۆری پاککەرەوەی بیانی لە کوردستان و پاڵپشتیی وڵاتان بۆ ئەو کارگانە، بەڵام کارگەکانی ناوخۆ توانیویانە لە نرخ و کواڵیتی کێبڕکێی بەرهەمی بیانی بکەن و بوونی خۆیان لە بازاڕدا بسەلمێنن.

# 100 کارگەی خۆماڵی هاوردەکردنی 105 کاڵای بیانی نابووت دەکەن

> دەستەی وەبەرهێنان:
> هەر کارگەیەک پێداویستیی ناوخۆ پڕبکاتەوە، بۆ پاراستنی کاڵاکەی، هاوردەکردنی ئەو کاڵایە قەدەغە دەکەین

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

زیاتر لە 100 کارگەی ستراتیژیی جۆراوجۆر کە مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە، ئێستا لەکاردان و بەرهەمەکانیان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە کەمکردنەوەی هاوردەی هەندێ کاڵای بیانیدا بۆ هەرێمی کوردستان هەبووە.

بە ئامانجی بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە بونیاتنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، ساڵی 2006 دەستەی وەبەرهێنان دامەزرا. ئەم دەستەیە بە پشتبەستن بە یاسای وەبەرهێنان، تاوەکو ئێستا مۆڵەتی بە 868 پرۆژە لە 13 سێکتەردا داوە.

لەنێو پرۆژەکانی وەبەرهێناندا سێکتەری پیشەسازی بە وەرگرتنی 198 مۆڵەت و بە سەرمایەی 16 ملیار و 751 ملیۆن دۆلار لە ڕیزبەندی یەکەمی پرۆژەکانی وەبەرهێناندایە. بەپێی بەدواداچوونی دەستەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەکانی پیشەسازی، 100 پرۆژە لەوانە بە ڕێژەی 100% کاردەکەن.

سەربەست خدر مەنتک، بەڕێوەبەری فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری لە دەستەی وەبەرهێنان کە سەرپەرشتیی پرۆژەکان دەکات، دەڵێت "مانگی ڕابردوو لە ئەنجامی بەدواداچوون بۆ پرۆژەکانی سێکتەری پیشەسازی، دەرکەوت لەکۆی 198 پرۆژەی مۆڵەتپێدراو 100 پرۆژەیان لەکاردان و ڕۆژانە 105 کاڵای جیاواز دەخەنە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراقەوە".

سەربەست خدر گوتی: "جگە لەو 100 پرۆژەیە، 10 پرۆژەی دیکەش 100% تەواو بوون، پێشتر بە بڕی جیاواز بەرهەمیان لە بازاڕەکان هەبوو، بەڵام بەهۆی لاوازیی بازاڕ ئێستا کارەکانیان ڕاگرتووە".

ئەو 100 پرۆژە پیشەسازییەی لەکاردان، بەرهەمەکانیان بریتین لە شیش، ئاسن، چیمەنتۆ، بلۆکی پونزا، قیر، وزەی کارەبا، ساندویچ پەنەڵ، PVC-MDF، دەرگا و پەنجەرەی ئەلەمنیۆم، جام، بەرمیل و ڕۆنی بزوێنەر، بۆیە، خواردنەوە گازییەکان، ئاوی کانزایی، جگەرە، دەرمان، کاغەز و کارتۆن، گونیە، بەفرگر، مۆبیلیات، ئایسکرێم، شیرەمەنی، هەویرکاری، چەرەزات، پاککەرەوە، مافوور، ئایزۆگام، پلاستیک، تەنەر، بۆڕیی پلاستیکی، پێستە و خوری، ئارد، ئامێری یەدەگی کشتوکاڵی و چەندین بەرهەمی دیکە.

بەگوتەی سەربەست مەنتک، بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و گەشەپێدانی بەرهەمی ئەو کارگانە، ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان لەدوایین کۆبوونەوەیدا ڕەزامەندی لە ئەنجوومەنی وەزیران وەرگرتووە کە هەر کارگەیەک لەتوانایدا بێت پێداویستی هەرێمی کوردستان لە هەر کاڵایەک پڕبکاتەوە، ئەوا هاوردەکردنی ئەو کاڵایە قەدەخە دەکرێ.

سەربەست گوتی "لە داهاتوویەکی نزیکدا، دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەرهەمی هەر کارگەیەک پێداویستی ناوخۆ پڕبکاتەوە، بۆ پاراستنی کاڵاکەی، بڕیاری قەدەخەکردنی هاوردەی ئەو جۆرە کاڵایە دەدرێ".

کارگەی فۆمیکس، بۆ دروستکردنی مافور و دۆشەک و مۆبلیات، یەکێکە لە پرۆژە مۆڵەتپێدراوەکانی دەستەی وەبەرهێنان. کارگەکە ڕۆژانە 5 هەزار مەتر کۆمبار و 120 دۆشەکی سپرینگی جۆراوجۆر و 25 تاخم مۆبیلیات دەخاتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق.



سەرمایەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازیدا 16 ملیار دۆلارە (فۆتۆ: AFP)

کەمال حەمەساڵح بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیا و کارگەی فۆمیکس دەڵێت "بەهۆی بەرزی کوالێتی و گونجاوی نرخەکانمان خواستێکی زۆر لەسەر کاڵاکانمان هەیە، تەنانەت هەندێجار خواستەکە ئەوەندە زۆر دەبێ، ناتوانین لەیەککاتدا خواستی هەموو کڕیارەکانمان دابین بکەین".

کارگەکەی کەمال ئێستا ڕۆژانە 5 هەزار مەتر کۆمبار بەرهەمدێنن، کەمال دەڵێت "70%ی بەرهەمەکانمان بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکەین. بەهۆی ئەو خواستە زۆرەش لەسەر کۆمۆاری کۆمپانیاکەمان لەشارەکانی عێراق هەیە، لەپلانماندایە لەسەرەتای ساڵی داهاتوو بەرهەمی ڕۆژانەی کارگەکەمان بۆ 8 هەزار مەتر زیاد بکەین". بەگوتەی ئەو خاوەن کارگەیە بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی بەتایبەت لەکۆمبار و دۆشەک، زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنن 40%ی نرخی کۆمبار ڕەسمی گومرگی دەخەسەر هاوردە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان و عێراق باجێکی زۆر کەم دەخرێتەسەر هاوردە، ئەمەش وایکردووە ساڵانە ملیۆنان دۆلار لەهەرێمی کوردستان بۆ هاوردەکردنی کۆمباری تورکی و ئێرانی بچێتە دەرەوە.

کەماڵ حەمەساڵح، دەڵێت "تاکە داواکاری ئێمە لە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوەیە هاوشێوەی وڵاتان ڕەسمی سەر هاوردەکردنی کۆمبار زیاد بکەن، ئەگەر ئەم هەنگاوەش بنێن بەڵێنیان پێدەدەم بە بەرزترین کوالێتی و کەمترین نرخ تەواوی پێداویستی ناوخۆ لە کۆمبار دابین بکەم".

کەماڵ نموونە بەهەناردەکردنی بارهەڵگرێک لە دۆشەکەکانی بۆ ئێران دێنێتەوە و دەڵێت "بازرگانێکی ئێرانی ترێلەیەک دۆشەکی لێکریم و ویستی بباتەوە ئێران، حکومەتی ئێران بۆ پاراستنی بەرهەمی کارگەکانی 100%ی نرخەکەی باجیان خستەسەر، بازرگانەکە جارێکی دیکە نەهاتەوە بۆ کڕینی دۆشەک".

کەماڵ ئێستا بەرهەمەکانی تەنیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە بازاڕ دەکات، بەڵام وەک ئەو دەڵێت "لەداهاتوودا لەپلانماندایە بۆ کوێت و یەمەن و ئۆزبەکستان بەرهەمەکانمان هەناردە بکەین، بۆ نموونە لەگەڵ ئۆزباکستان ڕێکەوتووین کەرەستەی خاویان لێبکڕین و بەرهەمی ئامادەکراویان پێ بفرۆشین".

شێخ ئاراس ڕەئووف عارف، بەڕێوەبەری گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت :"زیاتر لە 100 کارگەی ستراتیژی جۆراوجۆر کە مۆڵەتیان لەدەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە، ئێستا کاردەکەن، بەرهەمی ئەم کارگانە زیاتر بواری بیناسازی و خۆراکین، بەشێکی بەرهەمەکانیشیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت".

بە گوتەی شێخ ئاراس، بەرهەمی هەندێک لەو کارگانە زیاترە لە پێداویستی ناوخۆ، بۆیە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان نووسراویان بۆ بازگەکان کردووە کە ڕێگری لە هەناردەکردنی بەرهەمەکانیان بۆ شارەکان نەکەن، تەنانەت هەندێ لەو کارگانە گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە لەوانە کارگەی ئاڤیس کە ڕۆژانە 200 تۆن زەیتی خۆراک لەگوڵەبەڕۆژە بەرهەمدێنێ و زۆربەی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکات.

شێخ ئاراس دەڵێت "بەرهەمی ئەم کارگانە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە کەمکردنەوەی هاوردەی هەندێ کاڵا بۆ هەرێمی کوردستان هەبووە، بەهۆی هەناردەکردنیشیان بۆ شارەکانی عێراق بوونەتە هۆکارێک بۆ گەڕانەوەی پارە بۆ هەرێمی کوردستان".

شێخ ئاراس ڕەئووف، هەروەها دەڵێت "دوای زیادبوونی بەرهەمی ئەو کارگانە بۆ پاراستن و گەشەپێدانیان بیرمان لەوە کردەوە ڕەسمی گومرگی بخەینە سەر هەر بەرهەمێک کە ئەم کارگانە لە توانایاندابێت پێداویستی ناوخۆ دابین بکەن، بۆیە چەند جارێک ئەم بیرۆکەیەمان خستە بەردەم ئەنجوومەنی باڵای ئابووری، ئەوانیش ڕەزامەندیان نیشاندا و دەسەڵاتیان بە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی داوە، بۆیە بە سود وەرگرتن لەم دەسەڵاتە، ڕەسمی گومرگیمان لەسەر هاوردەکردنی دەیان کاڵا زیاد کردووە".

# ڕێککەوتنەکەی داناگاز چ واتایەکی بۆ کوردستان هەیە؟

عومەر ئەحمەد

هەفتەی ڕابردوو کۆمپانیای داناگاز و حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی یاسایی چوار ساڵەی نێوانیان یەکلایی کردەوە و لاپەڕەیەکی نوێیان لە هاوکاریی دوولایەنە هەڵدایەوە. بەپێی شرۆڤەکاران چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەبێتە هۆکاری بووژانەوەی کەرتی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان. لەڕووی داراییشەوە پێگەی کۆمپانیای داناگاز بەهێز دەکات بۆ ئەوەی ڕەوشی دارایی خۆی ڕێکوپێک بکات و بتوانێت سەرمایەی پێویست بۆ پێشخستنی کارەکانی لە هەرێمی کوردستان دابین بکات و دەست بکات بە پەرەپێدانی ئەو بلۆکە نوێیانەی وەریگرتوون.

## مێژووی ناکۆکییەکان

ساڵی 2007، کۆمپانیای داناگاز، گرێبەستێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کرد بۆ پەرەپێدانی دوو بلۆکی گازیی کۆرمۆر و چەمچەماڵ. ساڵی 2009 کۆمپانیای داناگاز و کرێسێنت پێترۆلیۆم بۆ پەرەپێدانی ئەو دوو کێڵگەیە کۆنسێرتیۆمی "پێرل پێترۆلیۆم"یان پێکهێنا. کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوبەشەکانی لەو کاتەدا سەریهەڵدا کە کۆمپانیای داناگاز بەشێک لە پشکەکانی خۆی فرۆشتە OMV و MOL ، لە ساڵی 2015شدا، کۆنسێرتیۆم، 10%ی دیکەی پشکەکانی فرۆشتە کۆمپانیای RWE ی ئەڵمانی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخنەی لە کۆمپانیاکە هەبوو کە بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، مامەڵەی بە پشکەکانی کردووە و لەو پرۆسەیەدا داوای پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، بەڵام کۆمپانیاکە مامەڵەکردنی بە پشکەکانی بە مافی خۆی زانیوە بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کورستان هەیبووە. هاتنی کۆمپانیای داناگاز بۆ هەرێمی کوردستان پێش پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز بووە لە پەرلەمانی کوردستان. هەندێ ئاڵۆزی و بۆشایی یاسایی لە گرێبەستەکەی کۆمپانیای داناگاز و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە کە بووەتە سەرچاوەی ناکۆکی. لەو ساڵانەدا کە هێشتا چەند کۆمپانیایەکی بچووک کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران خوازیار بوون بێنە کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەوڵی دەدا بەهەر چەشنێک بێت کۆمپانیا نەوتییەکان ڕازی بکات بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بکەن.

لە مانگی 11ی ساڵی 2013 دا کۆمپانیای داناگاز و هاوبەشەکانی سکاڵای یاساییان دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر مافەکانیان بەپێی گرێبەستەکەیان تۆمار کرد. پێش ئەوەی دادگا لەم مانگەدا بڕیاری کۆتایی خۆی دەربکات، هەردوو لایەن هەفتەی ڕابردوو کێشەکانیان بە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیان چارەسەر کرد.

## ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە

بەکورتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان یەک ملیار دۆلار دەداتە کۆنسێرتیۆمی پێرڵ لەبری حەقدەستە کەڵەکەبووەکانی. لەو یەک ملیار دۆلارە 400 ملیۆن دۆلاری دەبێت لە ئەژمارێکی تایبەتدا بێت کە تەنیا بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی گازی کۆمپانیاکە لە هەرێمی کوردستان تەرخان دەکرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها مافی وەرگرتنەوەی 1.24 ملیار دۆلاری دیکە دەداتە کۆمپانیای داناگاز، بەڵام نەک وەک قەرز، بەڵکو وەک وەرگرتنەوەی تێچووەکانی بەکارخستنی کێڵگەکان، بەپێی ناوەڕۆکی گرێبەستە نەوتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان کە بە گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەم (PSC) ناسراون.

لە مۆدێلی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستاندا، کۆمپانیا دوای ئەوەی سەرمایەی پێویست تەرخان دەکات بۆ پەرەپێدانی بلۆکە نەوتیەکان، ئەگەر سەرکەوتوو بوو لە دۆزینەوەی نەوت یان گاز کە لەڕووی بازرگانییەوە قازانجدار بێت، ئەوا کۆمپانیاکە بەپێی فۆرمۆلەیەک کە بە فۆرمۆلی R ناسراوە، لە ماوەی چەند ساڵێکدا تێچووەکانی وەردەگرێتەوە و پاشان بە ڕێژەیەک بەشدار دەبێت لەو بەرهەمەی کە دەردەهێنرێت و دەفرۆشرێت. ئەو 1.4 ملیار دۆلارەی داناگازیش دەڕواتە چوارچێوەی وەرگرتنەوەی تێچووەکان لە داهاتوودا.

کۆمپانیای داناگاز پابەند دەبێت بە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان بەبڕی ڕۆژانە 500 ملیۆن پێی سێجا لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵدا. دابەشکردنی داهاتیش 22%ی بۆ کۆنسێرتیۆمەکەیە و 78%ی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

> حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی داوە ڕۆژانە 250 ملیۆن پێ سێجا گاز لە کۆمپانیای داناگاز بکڕێتەوە

## پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ

ئێستا زۆربەی ئەو گازە سرووشتییەی لە هەرێمی کوردستان بەرهەمدێت، لە کێڵگەی کۆرمۆرەوە دێت کە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا هەناردەی وێستگەی کارەبای هەولێر و سلێمانی دەکرێت. هێشتا وێستگەی کارەبای دهۆک بە گازی سرووشتی کارناکات و لە داهاتوودا دوای بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی، ئەو وێستگەیەش دەگۆڕدرێت بۆ گازی سرووشتی.

ئێستا ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 330 ملیۆن پێی سێجایە، بەڵام خواستی ناوخۆ بۆ گازی سرووشتی ڕۆژانە نزیکەی 600 ملیۆن پێی سێجایە. لەبەر ئەوەیە لە گرێبەستە نوێیەکەی داناگاز لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، ڕۆژانە لەو 500 ملیۆن پێ سێجایەی لەسەر کۆمپانیای داناگازە لە ماوەی دوو ساڵدا بەرهەمی بهێنێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان نیوەی، واتا ڕۆژانە 250 ملیۆن پێ سێجای بە گەرەنتییەوە دەکڕێت. مەبەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زیادکردنی ئەو بڕگەیە، دابینکردنی خواستی ناوخۆ بووە کە کڕینی گاز بەو ڕێژەیە لە کۆمپانیاکە گەرەنتی دەکات. هەرێمی کوردستان ئەگەر لەجیاتی ڕۆژانە 330 ملیۆن پێ سێجای ئێستا، ڕۆژانە نزیکەی 600 ملیۆن پێی سێجای هەبێت، دەتوانێت لەڕێی گازی سرووشتیەوە بەتەنیا ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا بەرز بکاتەوە بۆ نزیکەی 4000 میگاوات کە پێداویستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان پڕدەکاتەوە. هەرچەندە جگە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا، چاکسازی لە چۆنیەتی بەکاربردن و دابەشکردنی کارەباش پێویستە و ئێستا وەزارەتی کارەبا سەرقاڵی ئەو کارەیە.

گازی سرووشتی تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکەڵک نایەت، بەڵکو ماددەی سەرەتایی زۆربەی کارگە پێترۆکیمیاییەکانە. هەروەها باشترین و هەرزانترین سووتەمەنیشە بۆ پیشەسازییە قورسەکانی وەک چیمەنتۆ و ئاسن. لەڕێی ئەو 250 ملیۆن پێ سێجایەی سێجا. هەرچەندە بەپێی گرێبەستە نوێیەکەی داناگاز لەسەریەتی ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لەو دوو کێڵگەیە لە ماوەی دوو ساڵدا بەرز بکاتەوە بۆ زیاتر لە 800 ملیۆن پێ سێجا ڕۆژانە، بەڵام مەجید جەعفەر بەڕێوەبەری کۆمپانیای داناگاز دەڵێت دەتوانن ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بەرزبکەنەوە بۆ ڕۆژانە 5 تا 6 ملیار پێ سێجا. بەم کارە هەرێمی کوردستان دەبێتە یەکێک لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی گازی سرووشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەگەر هەرێمی کوردستان لە ساڵانی داهاتوودا توانی ڕۆژانە 5 ملیار پێ سێجا گازی سرووشتی بەرهەمبێنێ، ئەوا ساڵانە دەتوانێت تەنیا لەڕێی ئەو دوو کێڵگەیەوە زیاتر لە 50 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی بەرهەمبێنێ کە بەرامبەرە بە پێداویستیی یەک ساڵی وڵاتێکی گەورەی وەک تورکیا لە گازی سرووشتی.

ئەو ڕێژەیە هەروەها بەرامبەرە بە دوو



کۆمپانیای داناگاز دەڵێت دەتوانن ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سروشتیی کوردستان بەرزبکەنەوە بۆ ڕۆژانە 5 تا 6 ملیار پێ سێجا

گازی سرووشتیی دیکە کە کۆمپانیای داناگاز سەربەستە لە بەبازاڕکردنی لە ناوخۆ یان دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دەکرێت شۆڕشێکی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بکرێت بە دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی قورس و کارگەی پیترۆکیمیایی.

## هەناردەکردنی گازی هەرێمی کوردستان

دوو کێڵگەی چەمچەماڵ و کۆرمۆر بەتەنیا خاوەنی 17 تریلیۆن پێ سێجا یەدەگی گازی سروشتیی سەلمێنراون کە دەکرێت دەربهێنرێن. هەرچەندە دوای ئەنجامدانی کارە تەکنیکییە پێویستەکان، ئەگەری ئەوە هەیە یەدەگی نەسەلمێنراوی ئەو کێڵگانە چەندینجار بەرز ببنەوە بۆ نزیکەی 75 تریلیۆن پێ

> بەرهەمی ساڵانەی کێڵگەی کۆرمۆر و چەمچەماڵ 50 ملیار مەتر سێجایە، ئەوەش پێداویستی یەک ساڵی وڵاتێکی وەکو تورکیایە بە گازی سرووشتی

هێندەی ئەو گازەی ئێستا ڕووسیا هەناردەی تورکیای دەکات. چوار هێندەی ئەو گازەشە کە ئێران هەناردەی تورکیای دەکات.

بەپێی گرێبەستە نوێیەکە، کۆمپانیای داناگاز دەتوانێت نیوەی ئەو گازە زیادەیە کە لەسەریەتی بەرهەمی بهێنێ، ئەگەر لە ناوخۆ بەکارنەهات، دەتوانێت لە دەرەوە بازاڕی بۆ بدۆزێتەوە. ئەوەش دەتوانێت ببێتە سەرەتای هەناردەکردنی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە.

## گەنەڵ ئینێرجی و کێڵگەکانی میران و بنەباوی

جگە لە دوو کێڵگەی گەورەی کۆرمۆر و چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان هەروەها خاوەنی دوو کێڵگەی زەبەلاحی دیکەی گازی سرووشتییە کە ئەوانیش میران و بنەباوین و پێکەوە خاوەنی زیاتر لە 10 تریلیۆن پێ سێجا گازی سرووشتین. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017دا گرێبەستەکەی لەگەڵ کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی نوێ کردووەتەوە و خۆی پابەند کردووە بە کڕینی گازی بەرهەمهاتوو لەو کۆمپانیایە. کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجیش سەرقاڵی پەرەپێدانی ئەو کێڵگانەیە و بەدوای کۆمپانیای هاوبەشدا دەگەڕێت کە بتوانێت لە ساڵی داهاتووەوە دەست بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی گازی سرووشتی بۆ تورکیا بکات. کێڵگەکانی کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی و کۆمپانیای داناگاز لە داهاتوودا سەرچاوەی سەرەکیی ئەو بۆڕییەن کە گازی هەرێمی کورستان دەگوازێتەوە بۆ تورکیا.

## ڕەوشی دارایی داناگاز دوای ڕێککەوتن

دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای داناگاز، تەنیا لە ماوەی یەک هەفتەدا، بەهای پشکەکانی کۆمپانیای داناگاز بەڕێژەی 20% بەرز بووەوە. ئەوە بە مانای ئەوەیە خاوەن پشکەکانی ئەو کۆمپانیایە تەنیا بەهۆی یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 240 ملیۆن دۆلار قازانجیان کردووە و سەرمایەی کۆمپانیاکەیان زیادی کردووە. کۆمپانیای داناگاز بە وەرگرتنی یەک ملیار دۆلار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەبەر بەرزبوونەوەی بەهای پشکەکانی، دەتوانێت بگاتە ڕەوشێکی سەقامگیری دارایی، بەتایبەت لەم کاتەدا کە زۆربەی کۆمپانیا نەوتییەکان لەبەر دابەزینی بەهای نەوت، ڕووبەڕووی چەندین کێشەی دارایی بوونەتەوە و قازانجەکانیان کەمبووەتەوە. بەهێزبوونی کۆمپانیای داناگاز لەڕووی داراییەوە، توانای کۆمپانیاکە بەرز دەکاتەوە بۆئەوەی بتوانێت بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات و لەکاتی خۆیدا ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان بەرز بکاتەوە کە لە بەرژەوەندیی هەردوو کۆمپانیاکە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە. بەواتایەکی دیکە ئەو پارەیە کە دراوەتە کۆمپانیای داناگاز، بەشێوازی دیکە دێتەوە هەرێمی کوردستان و لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان خەرج دەکرێت.

## نۆژەنبوونەوەی کەرتی نەوت و گاز

یەکلاکردنەوەی کێشە یاساییەکان و هەروەها تەسفیەکردنی حەقدەستە کەڵەکەبووەکانی کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە تا ئێستا بۆ کۆمپانیاکانی داناگاز و گەنەڵ ئینێرجی و دی ئێن ئۆ کراون، دڵنیاییەکی زۆری گەڕاندووەتەوە بۆ کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. یەکێک لەو کۆمپانیایانەی کە ئێستا ماوەتەوە حەقدەستەکانی پاکتاو بکرێ، کۆمپانیای گۆڵف کیستۆنە کە لە کێڵگەی شێخان کاردەکات. گفتوگۆی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو کۆمپانیایەش ئێستا بەڕێوەدەچێت و پێشبینی دەکرێت ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەش ڕابگەیەندرێت. دەرچوونی ئەم هەموو هەواڵە ئەرێنییە لە هەرێمی کوردستانەوە، دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی دوای سێ ساڵ لە سستبوونەوەی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت، جارێکی دیکە وەبەرهێنەران و کۆمپانیاکانی نەوت، هەرێمی کوردستان وەک دوایین بەرەی دۆزینەوەی نەوتی جیهان بەجدی وەربگرن و ئاوڕی لێ بدەنەوە و هاوکات سەکۆ نەوتییەکان بگەڕێننەوە سەرکار و بەردەوام بن لە دۆزینەوەی نەوتی نوێ و بەرهەمهێنانی زیاتری نەوت. یەکێک لەو نموونانە گرێبەستی نوێی کۆمپانیای دی ئێن ئۆی نەرویجییە کە نیوەی پشکەکانی گەورە کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیلی لە باشیک کڕیوە و ڕایگەیاندووە لە ساڵی داهاتوودا دەست بە هەڵکۆڵینی بیری نەوت لەو کێڵگەیە دەکات.

جگە لەوەش پاکتاوکردنی ئەو حەقدەست و قەرزانە لەلایەن حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستانەوە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی حکومەتی داهاتووی هەرێمی کورستان بە خەیاڵێکی ئاسوودە و بە بارێکی سووکەوە کارەکانی بەڕێوەببات و بەردەوام بێت لەو ڕێگە قورسەی گرتوویەتیەبەر کە ئەویش چاکسازیی بنچینەیی و جددیی ئابووری و داراییە.

یادگار سدیق

# کوردستان هێزە تەوقیتکراوەکەی بازاڕی وزە

لە ماوەی ڕابردوودا حکومەتی عێراق بەردەوام هەوڵیداوە لەڕێی بڵاوکردنەوەی داتای نادروستەوە سەبارەت بە یەدەگی نەوتی کوردستان، شکست بە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان بهێنێ. چەند جارێک ڕایگەیاندووە کە تەنیا 6%ی یەدەگی نەوتی عێراق لە کوردستانە، بۆ ئەوەی وەبەرهێنەرانی نەوت لە کوردستان دووربخاتەوە. بەڵام ئەو هەوڵانەی عێراق نەک هەر نەزۆک بوون، بەڵکو لە کاتێکدا کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت، کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت لە کوردستان بەگوڕتر کاردەکەن و گرێبەستی تازە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن.

یەدەگی نەوتی کوردستان بە زیاتر لە 45 ملیار بەرمیل دەخەمڵێنرێ، لەگەڵ 200 ترلیۆن پێ سێجا گازی سروشتی کە دەکاتە 3%ی تێکڕای یەدەگی گازی سروشتیی جیهان. هەرچەندە لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ ئەوە نەکراوە کە زۆر ئاژانس و کۆمپانیای بواری وزە، ئاماژە بۆ بڕێکی زیاتر لەم بڕە دەکەن. هەر چۆنێک ئەم داتایانە بەر گوێی کۆمپانیاکانی کەرتی نەوت و گاز کەوتبن، داتاکان پێماندەڵێن کوردستان بەو یەدەگەوە لەکاتی گشتپرسی و هەنگاوەکانی سەربەخۆیی، بازاڕی نەوت دەخاتە ژێر کاریگەریی یەدەگەکەی، وڵاتێکی وەک لیبیا کە یەدەگی نەوتەکەی دوو بۆ سێ ملیار زیاترە لە یەدەگی نەوتی کوردستان، بڕی بەرهەمهێنانی بۆ زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز کردووەتەوە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا هەبووە. نەیجیریا کە یەدەگەکەی لە یەدەگی نەوتی کوردستان کەمترە، ڕۆژانە نزیکەی 1.8 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە کوردستانیش دەبێتە هێزێکی دیکە لە بازاڕی نەوت و دەتوانێ بڕی بەرهەمهێنانەکەی بۆ زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل بەرز بکاتەوە. لە ماوەیەکی نزیکدا دەوڵەتەکانی دیکە ناچار دەکات ڕێکبکەون لەگەڵ کوردستان. لەلایکی ترەوە چونکە نەوتی کوردستان بە ڕێژەیەکی کەم کبریتی تێدایە، بۆیە بەیەکێک لە باشترین جۆرەکانی نەوت هەژمار دەکرێ، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دابینکردنی وزە بۆ جیهان لە بواری نەوت و گاز، بە تایبەتی بۆ تورکیا و بەشێکی ئەوروپا، چونکە ئەوان بۆیان گرنگە کە ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی تاکە سەرچاوەی دابینکردنی وزەی ئەو ناوچەیە نەبن.

## بۆمبە تەوقیتکراوەکەی کاتی سەربەخۆیی:

ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی نێوان حکومەتی عێراق و کوردستان، ئەگەرچی لە دوای هاتنی داعش، هێزی پێشمەرگەیان لێ جێگیر کراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین بۆمبی تەوقیتکراون بۆ کاتی سەربەخۆیی کە یەدەگێکی زۆری نەوت و گازی سروشتیی تێدا کۆبووەتەوە، هەرچەندە ئەو ناوچانە خاکی کوردستانن، بەڵام حکومەتی عێراق وا بە سانایی دەستبەرداریان نابێ. بۆیە پێویستە کوردستان ژیرانە ڕەفتار بکات بەرامبەر بە عێراق و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هاودەنگ و یەکگرتوو بن، بەرامبەر ئەم پرسە.

زۆربەی شارەزایانی بواری ئابوری و نەختینەیی لەسەر ئەوە کۆکن کە ئابووریی کوردستان بەتایبەتی دوای ساڵی 2003 بووەتە هۆی بووژانەوەی ئابووریی عێراق و بەرزکردنەوەی پلەی ئابووریی عێراق.

ئابوورییەکی پێشکەوتوو بۆ ئابووریی کوردستان پێویستی بە بەڕێوەبردنێکی ژیرانە و شەفافانە و دادپەروەرانەیە بۆ کەرتی وزە لە کوردستان، پێویستە کار بۆ ڕێکخستنەوەی بواری وزە لە کوردستان بکرێت و هەوڵ بدرێت داهاتی نەوت و گاز بکرێتە هەوێنی دروستبوونی سەرچاوە جۆر بەجۆرەکانی دیکە بۆ ئابووریی کوردستان، چونکە لەگەڵ ئەوەی جیهان پێویستی بەو وزە ناوازەیە هەیە، بەڵام پشتبەستن بە تاکە سەرچاوە کارێکی ژیرانە نییە.

## هەولێر هێڵی سوورە

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە ئەمەریکا هەمیشە دەڵێت هەولێر هێڵی سوورە! ئەمەریکا ئەوکاتە ئەمەی سەلماند کە داعش نزیکی هەولێر بووەوە و بە هێرشی ئاسمانی وەڵامی درایەوە. کوردستان جگە لەوەی لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی ناوچەیەکی گرینگە بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، یەدەگێکی زۆر لە نەوت و گازی سروشتیشی تێدایە، بۆیە ئەگەرچی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بەڕاشکاوی پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان ناکەن، بەڵام چەند بۆ ئێمەی کورد گرنگە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێین، ئەوەندەش بۆ ئەو وڵاتانە گرنگە، بە تایبەتی گەورە کۆمپانیاکانی بواری وزەی وڵاتانی زلهێز سەرمایەگوزارییەکی زۆریان لەو کەرتەدا لە کوردستان کردووە.


Aga
THE BOY WHO SURVIVED
WORLD NEVER FORGET
لە 2017/09/21
لە سینەماکانی کوردستان نمایش دەکرێت
Text and Scenario
AMIR HAJI DAWOD
Directed by
BEHNAM BABAZADEH
Adiabin
RÛDAW

# Knowledge UNIVERSITY




**کۆلێژی ئەندازیاری**
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە

**کۆلێژی زانستی**
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان
بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری (ئای تی)

**کۆلێژی یاسا**
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

**کۆلێژی زانستی کارگێڕی و دارایی**
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانك
بەشی کارگێڕی کار
بەشی بازاڕگەری

**کۆلێژی ئاداب**
بەشی زمانی ئینگلیزی

www.knowlwdge.edu.krd















## زرێبار پرۆژەیەکی تازە دەکاتەوە

**ڕووداو – سلێمانی**

دوای کردنەوەی کارگەیەکی تایبەت بە دروینی جلوبەرگی سەربازی، خانمە میدیاکاری کورد زرێبار هەورامی، پرۆژەیەکی نوێ بۆ ئافرەتان دەکاتەوە. زرێبار هەورامی، لە ئینستاگرامەکەی خۆی باسی پرۆژەکە دەکات و دەڵێت "وەک هەمیشە بیرو هەستم لای پرۆژەی نوێیە، چونکە پێموایە پرۆژەی نوێ تازەگەری لەژیاندا دروست دەکات و وزەی بەردەوامبوون دەبەخشێت.. بەتایبەت ئەگەر ئەو پرۆژەیەش هاوتەریب بێت لەگەڵ خولیاو ئارزووەکانتدا". پرۆژەکەی زرێبار وەک خۆی باسی کردووە "لێرەوە حەز دەکەم ئێوەی خۆشەویست ئاگادار بکەمەوە، کە ئێستا سەرقاڵی دامەزراندن و کردنەوەی ئارایشتگایەکم لە شاری سلێمانی ئاریز کە بەنوێترین ستایل خزمەتی جوانکارییەکانی ئافرەتان بکات".

# کورتەباڵا شۆخەکە بەشداریی فیلمێکی نوێ دەکات




فۆتۆمۆدێلەکانی نیان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنیوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

نیان عەزیز، خانمە ئەکتەری سینەمایی و فۆتۆمۆدێل، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەشداری لە فیلمێکی سینەمایی نوێدا دەکات.

نیانی تەمەن 27 ساڵان، تاکە منداڵی خێزانەکەیەتی کە بە کورتەباڵایی لەدایکبووە، لە پێنج منداڵی خێزانەکەی، نیان دواهەمین منداڵیان بووە.

لەگەڵ لەدایکبوونی نیاندا، باوکی شەهید دەبێت، هەرچەندە نازانێت سۆزی باوکایەتی چۆنە و نەیبینیوە، بەڵام دەڵێت دایکی نەیهێشتووە هەست بەو بۆشاییە بکات "دایکم باوکایەتی بۆ کردووم، هەرگیز لەبیری ناکەم".

نیان باس لە خەونەکانی دەکات و دەڵێت هیچ سنوورێک نییە ڕایبگرێت "زۆر منداڵ بووم لە چالاکییەکانی قوتابخانە بەشدار دەبووم، شانۆگەریمان دەکرد، بەردەوام بووم تا گەیشتم بە کاری سینەمایی".

یەکەم دەرکەوتنی نیان لە کاری سینەمادا، لە فیلمی کلاسیکۆ بوو کە دەرهێنەرەکەی هەڵکەوت مستەفایە. ئەو فیلمە لە 56 وڵاتی جیهان نمایشکرا و خەڵاتی باشترین فیلمی ساڵی لە نەرویج پێ بەخشرا، بەڵام نیان بەهۆی شکانی قاچییەوە نەیتوانی لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بێت. ئێستاش دڵی بەوە خۆشە کە شوان عەتوفی سینەماکار بۆ ساڵی داهاتوو پرۆژەی بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی لەبەردەستە و داوای لەو کردووە ڕۆڵی سەرەکیی تێدا ببینێ.

> کۆمەڵەی کورتەباڵایان قفڵی دەرگای هەموو خەونەکانمی کردەوە
>
> نیان

### بە فۆتۆمۆدێل تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنیوە

وێنەکانی نیان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنیوە، لەم چەند ڕۆژەشدا تازەترین وێنەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردەوە و بووە جێی سەرنجی هەموان کە کچێکی کورتەباڵا بۆ یەکەمینجار لە کوردستان و عێراقدا کاری فۆتۆمۆدێل بکات.

نیان گوتی "فۆتۆمۆدێل خەونی منداڵیم بوو، هەمیشە حەزم کردووە ڕکابەری نمایشکارە جیهانییەکان بکەم، بۆیە بەرەو کاری مۆدێل هەنگاوم نا، سەربەرزم کە خانەوادەکەم تەواو پشتگیریم دەکەن، ئەمە بووە هۆی ئەوەی هەنگاوی باشتر بنێم، بوێرانە بەرەو ڕووی ئاستەنگەکان بچم. هیچکات هەستم بە کەمئەندامێتی خۆم نەکردووە، چونکە خێزانەکەم فێری بڕوابەخۆبوونیان کردووم. دوای خێزانەکەشم هەتا ماوم خۆم بە قەرزاری کۆمەڵەی کورتەباڵایان دەزانم، کە فێری هیوا و گەشبینی و زۆر شتی دیکەیان کردم، فێریانکردم کە ئامانجی ئێمە زۆر لە کەسانی ئاسایی زیاترە، هەر ئەوانیش قوفڵی دەرگای خەونەکانمیان کردەوە".

کەژان حەسەن خاتوونێکە کە کاری فۆتۆمۆدێل دەکات. نیان لەگەڵ ئەو فۆتۆگرافەرە کاری مۆدێل دەکات و دەڵێت "زۆر بە کارەکانی کەژان ئاسوودەم، حەزم لێیە لەگەڵ ئەودا کاربکەم".

### داوای نمایش و ریکلامی لێدەکەن

نیان باس لەوەش دەکات کە لە زۆر شوێن داوای کاری ڕێکلام و نمایش و وێنەگرتنی لێدەکرێت، بەڵام حەزناکات زۆر دەرکەوێت و هەموو شوێنێک بە شایانی کارکردن نازانێت "حەزناکەم هەموو ڕۆژێک لەسەر شاشە بم، دەمەوێت کەم و پوخت دەربکەوم، دواتر هەرکەسێک و جێگایەک داوای کاریان کرد ناکرێ ئامادە بیت کاریان لەگەڵ بکەی، چونکە سەنگی خۆت دەبێت بزانیت و هەموو جێیەک شایانی ئەوە نییە کاری تێدا بکرێ".

نیان تاوەکو ئێستا بەشداری لە چەند ڕێکلامێکدا کردووە و دەڵێت "حەزم لە دەرکەوتنە بە جلی نیمچەڕووت. بەڵام جلی نەشیاو و نامۆ بە کولتوور و کۆمەڵگاکەم حەزی لەبەر ناکەم، چونکە من تاکی ئەم کۆمەڵگایەم و ئەوانیش بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی سەیرم دەکەن".

نیان سەرەڕای خولیای زۆری بۆ هونەر، بەڵام ئامادەیە لەپێناوی عەشقێک کە بۆ هاوسەرگیری بێت واز لە هونەر بهێنێت "ئەگەر هاوسەرگیرم بەمەرجی وازهێنان لە هونەر بێت واز دەهێنم، بەڵام کاتێک پلەی خۆشەویستی بۆ من لە عەشقدا بێت و ڕێز و خۆشەویستیم پێبدات، هەرچەندە ئێستا خۆشەویستم نییە و هاوسەرگیریش تائێستا لە بەرنامەمدا نەبووە".

# بەهۆی سوێندێک ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- حاجیاوا**

دەمەقاڵەی نێوان بەناز و مێردەکەی لەسەر کڕینی مەغسەلێکی قاپ شووشتن بوو، مێردەی ئامادە نەبوو بۆی بکڕێ، بەنازیش سوێندی خوارد خۆی بسووتێنێ، ئەو پێیوابوو ئەگەر سوێندەکەی بەجێنەهێنێ گوناهبار دەبێ، بۆیە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.

ڕۆژی 2017/8/26 ژنێکی تەمەن 37 ساڵ بەناوی (بەناز. ئـ.م) لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لە ناحیەی حاجیاوا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، بەناز کە 17 ساڵ بوو شووی کردبوو و دایکی شەش منداڵ بوو، ڕۆژی 2017/9/5 لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەهۆی سەختیی برینی سووتانەکەی، گیانی سپارد.

پەنا کە برای بەنازە، بە (ڕووداو)ی گوت "خوشکەکەم شووی بە خزمێکی خۆمان کردبوو، هیچ کێشەیەکیان نەبوو، خاوەنی شەش منداڵە کە گەورەکەیان 16 ساڵانە و بچووکەکەشیان دوو ساڵ و نیوە. 17 ساڵ بوو شووی کردبوو، ڕۆژێک نەتۆرا".

بە گوتەی پەنا، خۆسووتاندنی خوشکەکەی لەسەر دەمەقاڵەیەکی بچووک بووە لەگەڵ مێردەکەی، بەناز داوای گۆڕینی مەغسەلی قاپشۆرینی ماڵەکەی کردبوو، بەڵام مێردەکەی ڕەتیکردبووەوە، بۆیە لە داخان خۆی سووتاند.

پەنا گوتی "ئەو ڕۆژە لە ماڵەوە لەگەڵ هاوژینەکەی باسی کڕینی مەغسەلی قاپشۆرین دێتە گۆڕێ، بەڵام هاوژینەکەی لەو کاتەدا ئامادە نابێت ئەو داوایەی جێبەجێ بکات و لێیان دەبێت بە دەمەقاڵێ، خوشکەکەم ئەوکاتە سوێند دەخوات کە خۆی دەسووتێنێ".

پەنا دەڵێت خوشک و برایەکی ئاگاداری کێشەی نێوان بەناز و هاوژینەکەی بوون، بۆیە دەچنە نێوانیان و کێشەیان بۆ چارەسەر دەکەن و پەیوەندیی نێوان بەناز و هاوژینەکەی ئاسایی دەبێتەوە.

پەنا گوتی "ئێوارە هەموویان لەسەر سفرە بوون، خەریکی نان خواردن بوون، لەو کاتەدا بەناز دەڵێت دەچم چایی حازر دەکەم، بەڵام کە دەچێتە چێشتخانە، دەبە نەوتەکە دەبینێ کە پێشتر بۆ خۆسووتاندن ئامادەی کردبوو، یەکسەر نەوتەکە بەخۆیدا دەکات و ئاگر لە خۆی بەردەدات".

بەناز 11 ڕۆژ لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێریی پزیشکدا مایەوە، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەی گیانی دەرچوو، پەنا کە لە نەخۆشخانە پرسیاری هۆکاری خۆسووتاندنەکەی لە بەناز کردووە، دەڵێت "کە لێم پرسی بۆچی خۆت سووتاند، گوتی لەبەر ئەوەی پێشتر سوێندم خواردبوو کە خۆم دەسووتێنم، کاتێک چوومە چێشتخانە و دەبە نەوتەکەم بینی، یەکسەر سوێندەکەم بیرکەوتەوە، بۆ ئەوەی سوێندەکەم نەکەوێت و گوناهبار نەبم، یەکسەر خۆم سووتاند".

هەرچەندە هاوژینەکەی بووەتە هۆکاری ئەوەی بەناز سوێند بخوات کە خۆی بسووتێنێ، بەڵام بەناز هیچ سکاڵایەکی لەسەر هاوژینەکەی نەبووە و لە نەخۆشخانە بە کەسوکارەکەی گوتووە تەنیا خۆی بەرپرسیارە لەوەی بەسەری هاتووە. هەر بۆیە کەسوکارەکەشی سکاڵایان لەسەر هاوژینی بەناز نییە. پەنا دەڵێت "ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ بنەماڵەی مێردی خوشکەکەم نییە، هەردوولا پێکەوە پرسەمان بۆ بەناز دانا".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕانیە، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 17 ژن لە دەڤەری پشدەر و بیتوێن بە هۆکاری جیاجیا مردوون، لەوانە 10 ژن بە سووتان و خۆسووتاندن (چوار ژن خۆیان سووتاندووە و شەش ژنیش سووتاون).

مولازم ئەسعەد ڕێبوار، گوتەبێژی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "ئێوارەی ڕۆژی 2017/8/26 لە ناحیەی حاجیاوا ژنێکی تەمەن 37 ساڵ لە ماڵەکەی خۆیدا سووتا، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان بەئەنقەست نەوتی بەخۆیدا کردووە و خۆی سووتاندووە، بەڵام هۆکاری خۆسووتاندنەکەی دیار نییە، ئەو ژنە داوای لەسەر کەس تۆمار نەکردووە، بۆیە کەس لەسەر ڕووداوەکە دەستگیر نەکراوە.

ئاشنا حەسەن، بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی ژنانی یەکێتی لە بیتوێن بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ژنە لەگەڵ هاوژینەکەی بووەتە ناخۆشییان و نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە، هەرچەندە 11 ڕۆژ لە نەخۆشخانە ماوەتەوە، بەڵام نازانین بۆچی سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار نەکردووە".

> لە ماوەی شەش مانگدا 10 ژن لە دەڤەری پشدەر و بیتوێن بەهۆی سووتان و خۆسووتاندنەوە مردوون



دەمەقاڵەی نێوان بەناز و مێردەکەی لەسەر کڕینی مەغسەلێکی قاپ شووشتن بوو

# فائیزە خۆی کوشت یان جەڵتەی دەماغ کوشتی؟

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

کارمەندێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر لە ڕووداوێکی گوماناویدا دەمرێ، کوڕەکەی دەڵێت جەڵتەی دەماغ لێی داوە و گیانی دەرچووە، پۆلیسیش دەڵێت گومان دەکرێ بە دەرزی خۆی کوشتبێ.

فائیزە محەممەد، تەمەن 49 ساڵ کە خەڵکی شاری خانەقینە و لە هەولێر دەژیا، کارمەندی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر بوو، ڕۆژی 2017/8/19 لە ڕووداوێکی گوماناویدا لەنێو نەخۆشخانەکە گیانی دەرچوو.

فائیزە، دایکی چوار منداڵ بوو، مێردەکەی لە ژیاندا نەماوە. محەممەد ساحێب کە یەکێکە لە کوڕەکانی فائیزە، هۆکاری مردنی دایکی دەگەڕێنێتەوە بۆ نەخۆشکەوتنی و دەڵێت "دایکم هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوو، ئەوە دوورە لە ڕاستییەوە کە دەڵێن دایکم خۆی کوشتووە، بەڵکو مردنەکەی بەهۆی نەخۆشییەوە بووە".

محەممەد باسی نەخۆشییەکەی دایکی دەکات و دەڵێت "دایکم گوشاری خوێنی بەرز بوو، کانیۆلای بۆ دانرابوو، دەرزیی هەبوو، ئەو ڕۆژەش سوکە جەڵتەیەک لێی دابوو، بەو هۆیەوە مرد، بە هیچ شێوەیەک خۆی نەکوشتووە".

هەر یەک لە پۆلیس و محەممەدی کوڕی فائیزە، چاوەڕێی دەرچوونی ڕاپۆرتی پزیشکیی پەیمانگەی دادوەریی هەولێر دەکەن، بەڵام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو هەفتە بەسەر ڕووداوەکەدا، هێشتا ڕاپۆرتی پزیشکییان نەبینیوە.

هاوڕێیەکی فائیزە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەو باوەڕەدا نییە فائیزە خۆی کوشتبێ. ئەو هاوڕێیەی فائیزە بە (ڕووداو)ی گوت "فائیزە ژنێکی سەربەرز و بەڕەوشت بوو، منداڵەکانی بەبێ باوک پەروەردە کرد، خێزانێکی نموونەیی دروستکردبوو، بەڵام ماوەیەک بوو نەخۆش بوو، بەو هۆیەوە زۆر بێتاقەت بوو، بەڵام هێشتاش باوەڕ ناکەم خۆی کوشتبێت، ئەگەر خۆیشی کوشتبێ دیارە پاڵنەرێکی زۆر بەهێزی هەبووە، ئەگینا ژنێکی زۆر خۆڕاگر بوو".

### پۆلیس: بە دەرزی خۆی کوشتووە

هەرچەندە کوڕەکەی فائیزە دەڵێت دایکی بەهۆی نەخۆشییەوە مردووە، بەڵام پۆلیسی هەولێر لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێت ئەو ئافرەتە بە دەرزی خۆی کوشتووە.

لە ڕوونکردنەوەکەی پۆلیسدا هاتووە "کاتژمێر 5:30ی ڕۆژی 2017/8/19 پۆلیس لە ڕووداوێکی مردن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر ئاگادار کرایەوە. دواتر دەرکەوت هاووڵاتییەک بەناوی (فائیزە محەممەد موراد) تەمەن 49 ساڵ، پیشە کارگوزار لە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوا، دوای ئەوەی دەچێتە ژووری خۆی کە ئێشکگر بووە، بە سرنجی دەرزی لێدان، کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان پێدەچێت ئەو ژنە خۆی کوشتبێ، دوای ڕووداوەکە تەرمەکەی نێردرا بۆ پزیشکی دادوەری و چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکی دەکەین".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 472 ) – دووشەممە 2017/9/11

## برایەک براکەی خۆی دەکوژێت

**ڕووداو – چەمچەماڵ**

لە قەزای چەمچەماڵ، برایەک تەقەی لە برایەکی خۆی دەکات و دەیکوژێت.
بەپێی هەواڵێک کە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی لە پەیجەکەی خۆیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاویان کردووەتەوە، شەوی سێی ئەم مانگە لە قەزای چەمچەماڵ کەسێک تەقە لە برایەکی خۆی دەکات و برینداری دەکات. دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە، بریندارەکە دەگوازانەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام ڕۆژی دواتر بریندارەکە لە نەخۆشخانە گیان لە دەست دەدات. بە گوتەی پۆلیس کوژراوەکە ناوی (س،ش) ە و لە دایکبووی 1986 ە.



# هاوڕێکەی خۆی لەسەر مۆڕەیەک کوشت



محەممەد دراوسێ و هاوڕێیەکی نزیکی بکوژەکەی بوو

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو– ڕانیە**

خۆشی و شادیی یەکەم ڕۆژی جەژن لە ماڵی محەممەد بووە شین و لەخۆدانی ژنان و هاواری باوک و برا بۆ مەرگی کوڕەکەیان، محەممەد لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە بە چەقۆ کوژرا، دوای ڕووداوەکە هاوڕێکەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا.

ڕۆژی 2017/9/1 کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، گەنجێکی تەمەن 15 ساڵ بەناوی محەممەد ئەنوەر خدر، دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕینی شارۆچکەی ڕانیە، لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە بەناوی (م.م.ئە) لەبەردەم پارکی دەروازەی ڕانیە بە چەقۆ کوژرا، کەسوکارەکەی دەڵێن کێشەیەکی بچووک لە نێوانیاندا هەبووە و ئەو ڕووداوەی لێکەوتووەتەوە، پۆلیسیش ئاشکرای دەکات کە ڕووداوەکە لەسەر مۆڕەکردنێک بووە.

بڕیار محەممەد کە ئامۆزای محەممەدە، زۆر پەسنی ئامۆزاکەی دا و گوتی "ئامۆزاکەم کەسێکی زۆر باش بوو، زۆر خۆشەویست بوو لەنێو خزم و کەس و هاوڕێیانی، ئەو لەسەر کێشەیەکی بچووک لەگەڵ هاوڕێیەکی کوژرا، کێشەکە ئەوەندە گەورە نەبوو خوێنی تێدا بڕژێ".

بە گوتەی بڕیار، ئەوان هیچ هەڵوێستێکی توندیان بەرامبەر بنەماڵەی تۆمەتبارەکە نەبووە و نابێ، چاوەڕێن یاسا دۆسیەکە یەکلایی بکاتەوە.

محەممەد و هاوڕێکەی پێشتر دراوسێی یەکدی بوون، ئەوان پێکەوە لە گەڕەکێک گەورە بوون. کەسوکاری تۆمەتبارەکە دەڵێن تووشی شۆک بوون کاتێک زانیویانە محەممەد بەدەستی کوڕەکەی ئەوان کوژراوە.

هەرچەندە بنەماڵەی محەممەد دەڵێن ئێمە بیر لە تۆڵەکردنەوە لە بنەماڵەی تۆمەتبارەکە ناکەینەوە، بەڵام کەسوکاری تۆمەتبارەکە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و لە ترسی تۆڵەکردنەوە خۆیان حەشارداوە.

نوری کە مامی تۆمەتبارەکەیە، دوای ڕووداوەکە بە تەلەفۆن قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "کوڕەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی ئامۆزاکەی کوڕێکی کوشتووە، دواتر بۆمان دەرکەوت ناسیاوی خۆمانە و پێشتر دراوسێ بووین، بەڕاستی زۆر نیگەران بووین، چونکە محەممەد کوڕێکی زۆر بەڕەوشت و باش بوو، بنەماڵەکەشی زۆر خانەدانن، بۆیە چاوەڕێی هەڵوێستی باشیان لێدەکەین".

دوای ڕووداوەکە تۆمەتبار ڕایکردبوو بۆ ماڵی باپیری (باوکی دایکی) لە حاجیاوا، بەڵام بە گوتەی نوری، خاڵەکانی داڵدەیان نەدا و تەسلیمی پۆلیسیان کرد.

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکە، نوری دەڵێت "ئەو دوو گەنجە هاوڕێی یەکدی بوون، زۆر نزیکبوون لە یەکەوە، نەمانزانیوە کێشە لە نێوانیاندا هەبووبێ، دواتر گوتیان شەڕەکە لەسەر شتێکی بچووک بووە".

دوای ڕووداوەکە تەرمی محەممەد یەکسەر ڕەوانەی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە کرا و پشکنینی بۆ کرا. فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت "چەقۆیەک بەر سینگی کەوتبوو، شاخوێنبەری گرتبوو، بەو هۆیەوە تووشی خوێنبەربوون بووبوو".

پۆلیس باسی هۆکاری ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت لەسەر خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بووە. ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس دەرکەوتووە سەرەتای کێشەکە لەسەر خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بووە، ئەو گەنجەی تاوانەکەی کردووە، شوفێری ئۆتۆمبێلەکە بووە، بە خێرایی بە بەردەم تاوانلێکراودا ڕۆیشتووە، ئەویش تووڕە بووە. ڕۆژی دواتر بە تەلەفۆن یەکدییان بینیوە و کێشەکە لە نێوانیان سەری هەڵداوەتەوە.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## ڕازی نین دایکیان هاتوچۆیان بکات

دەبێ چی لەوە ناخۆشتر بێ، چەند منداڵێک بهێنیتە سەر دونیا و بە دەستی خۆت پەروەردەیان بکەی، پاشان پشتت تێبکەن و تەنانەت نەهێڵن سەردانیشیان بکەی.

ماوەیەک لەمەوبەر ئافرەتێک پەنای بۆ هێناین، بۆ ئەوەی ڕێگایەکی بۆ بدۆزینەوە چۆن بە منداڵەکانی شاد ببێتەوە. ئەو ئافرەتە گوتی: "منداڵەم ورد بوون، تەمەنیشم زۆر نەبوو کە هاوژینەکەم مرد. خانووی خۆمان هەبوو، بەڵام کەس نەبوو بەخێومان بکات. ماڵی باوکم دەیانگوت نابێ بە تەنیا دابنیشی، چونکە تۆ بێوەژنی، خەڵک قسەت لەسەر دەکەن. ناچار ماوەیەک چوومە ماڵی شووبراکەم هەتا لێم بێزار بوون، دواتر چوومە ماڵی براکەم هەتا براژنەکەم لێم بێزار بوو، ئینجا بە ناچاری شووم کرد، ویستم منداڵەکان لەلای خۆم بن، هاوژینە تازەکەشم بەڵێنی دا منداڵەکانم بەخێوبکات، بەڵام ماڵی شووبرام پەشیمان بوونەوە و ڕازی نەبوون منداڵەکان لەگەڵ خۆم ببەم.

منیش لەبەر ئەوەی کەس نەبوو بەخێوم بکات و ماڵی باوکیشم ڕازی نەبوون بە تەنیا بژیم، بە ناچاری شووم کرد و دەستبەرداری منداڵەکان بووم. پاشان مامی منداڵەکان، خانووەکەی لەسەر منداڵەکان تاپۆ کرد. دوای ئەوەی شووم کردەوە زوو زوو سەردانی منداڵەکانم دەکرد، بەڵام مامیان هەڕەشەی لێکردم کە چیدی سەردانیان نەکەم. جاروبار بە نهێنی سەردانم دەکردن، بەڵام ئەوان دواتر بۆ مام و پوورەکانیان دەگێڕایەوە، ئەوانیش هەڕەشەیان لێدەکردم. منداڵەکانیشیان وا حاڵی کردبوو کە من ئەوانم فڕێداوە و شووم کردووەتەوە، ئەوان نازانن من ناچار بووم شوو بکەمەوە، بەڵام کەسوکارەکەیان ڕاستییەکەیان لێدەشاردنەوە. دواجار مێردەکەمیان ئاگادار کردەوە کە نابێ ڕێگەم پێ بدات سەردانی منداڵەکانم بکەم، ئەویش دوو ساڵە ڕێگریم لێدەکات".

بانگی مێردەکەی کرا و ئاگادار کرایەوە کە بەپێی یاسا بۆی نییە ڕێگری لە هاوژینەکەی بکات منداڵەکانی ببینێ، بەڵام ئەو گوتی "خەتای منی تێدا نییە، مامی منداڵەکان ناهێڵێ سەردانی منداڵەکان بکات، ئەگەر ئەوان ڕێگە بدەن، من هیچ کێشەیەکم نییە. بۆیە بەدوای مامی منداڵەکاندا نێردرا، ئەویش خۆی بێبەری کرد و گوتی "من کێشەم نییە، بەڵام ئەوە منداڵەکانن ڕازی نین دایکیان ببینن".

کاتێکیش قسە لەگەڵ منداڵەکان کرا کە چۆن لە منداڵی پێیانگوتراوە دایکتان ئێوەی جێهێشتووە و شووی کردووەتەوە، هەر ئەو قسەیەیان دووبارە دەکردەوە. هەرچەندە دایکی پێیگوتن ئەو ناچار کراوە شوو بکاتەوە و کاتی خۆی مامی ئێوە نەیهێشتووە ئێوە لەلای من بن، منداڵەکان قەناعەتیان نەدەهات. دایکی چەندینجار گوتی من خزمەتکاری ئێوەم چیتان پێویست بێ بۆتان دەکەم، بەڵام منداڵەکان هێندە دڵڕەق بوون بەرامبەر دایکیان بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبوون سەردانیان بکات، بۆیە دایکەکە بەدڵشکاوی لەگەڵ هاوژینەکەی گەڕایەوە ماڵ.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# لە شەڕە تەقەی نێوان ئاسایش و هاوڕێکانیدا کوژرا

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو– قەڵادزێ**

گەنجێک لە قەڵادزێ بە تەقەی هێزەکانی ئاسایش دەکوژرێ، کەسوکارەکەی دەڵێن کوڕەکەیان بە هەڵە کوژراوە، بەڵام ئاسایش دەڵێت ئەو کوڕە ئەندامی باندێکی بازرگانیی بە ماددەی هۆشبەر بووە، لە دەستی هێزەکانی ئاسایش هەڵاتوون، ئەوانیش تەقەیان لێکردوون و ئەو کوڕە بەرکەوتووە.

ڕۆژی 2017/9/6 هەواڵێک بڵاوکرایەوە کە تەرمی گەنجێکی تەمەن 26 ساڵ بەناوی (ڕابەر عەزیز)، دانیشتووی ناحیەی ژاراوە لەنێو گۆڕستانی گەورەی قەڵادزێ دۆزراوەتەوە. دواتر دەرکەوت ئەو گەنجە بە گوللەی هێزەکانی ئاسایشی ناوچەکە کوژراوە.

خدر مەحموود کە مامی گەنجە کوژراوەکەیە بە (ڕووداو)ی گوت "برازاکەم لەگەڵ دوو گەنجی دیکە چوونەتە قەڵادزێ، بەڵام پێدەچێ ئەو دوو گەنجە لەگەڵ ئاسایش کێشەیان هەبووبێ و ڕابەر تێوەگلابێ".

گوتیشی: "ئەو دوو گەنجە لەگەڵ ئاسایشی قەڵادزێ بووەتە شەڕیان، تەقەیان لە یەکدی کردووە و برازاکەم کوژراوە".

خدر پێیوایە برازاکەی بە "غەدر" کوژراوە و دەڵێت "لە خوێنی ڕابەر خۆش نابین، دوای پرسەکەی سکاڵا تۆمار دەکەین، ئێمە دەمانەوێت ئاسایشی ڕاپەڕین ڕوونکردنەوەی پێویستمان بداتێ و زۆر دڵنیاین کە برازاکەم بە گوللەی ئەوان کوژراوە، بۆیە داواکاریشم ئاسایش هیچ تۆمەتێکی خراپی بۆ دروست نەکات".

ڕابەر خوێندکاری زانکۆی ئیشق بوو لە شاری هەولێر. بە گوتەی مامەکەی، باری دارایی باش بووە و خاوەنی خانووی خۆی بووە.

مەلا عەبدوڵڵا شێخ ڕەزای ژاراوا کە گەورەی ئەو بنەماڵەیەیە، دەڵێت "ئێمە چاوەڕێین هێزەکانی ئاسایش ڕوونکردنەوەی پێویستمان بدەنێ لەبارەی کوژرانی ئەو گەنجە، دوای پرسەکەش لەگەڵ خزمان کۆدەبینەوە و بڕیار لەسەر هەڵوێستێک دەدەین، دەمانەوێ ڕاستی و دروستیی بابەتەکە ئاشکرا ببێ، لێناگەڕێین خوێنی ڕابەر بەفیڕۆ بچێت".

بەکر بایز، قایمقامی قەزای پشدەر لەسەر کوژرانی ئەو گەنجە بە (ڕووداو)ی گوت "چوار کەس ڕووبەڕووی هێزەکانی ئاسایش بوونەتەوە، ئەو کوڕە گوللەیەکی بەرکەوتووە و گیانی دەرچووە. یەکێک لە تۆمەتبارەکان دەستگیرکراوە و دووانەکەی دیکەش هەڵاتوون".

گوتیشی: "ڕووداوەکە پەیوەندی بە ماددەی هۆشبەرەوە هەیە".

### "یەک کیلۆ شیشەیان پێبووە"

دوای ڕووداوەکە، ئاسایشی ڕاپەڕین ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە لە بەشێکیدا هاتووە: "دوای دەستکەوتنی زانیاری، هەروەها دوای وەرگرتنی بڕیاری دادوەر، توانرا باندێکی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر دەستگیر بکرێن، دوو لە تۆمەتبارەکان دەستگیرکران و تۆمەتبارێکی دیکەش بەناوی (ر.ع) لە نزیک گۆڕستانی گەورەی قەڵادزێ لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش بریندار دەبێ و لە ڕێگەی نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات". بەپێی ڕوونکردنەوەکەی ئاسایش "زیاتر لە یەک کیلۆگرام ماددەی شیشەیان پێبووە".



ڕابەر عەزیز

# حوسێن لەنزیک ماڵی خەزووری کوژرا



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو– ڕاپەڕین**

حوسێن بە تەلەفۆنێکی ماڵە خەزوورانی لە گوندی سونێی سەر بە ناحیەی هەڵشۆی قەزای پشدەر چووە ڕانیە، بەڵام بە زیندوویی نەگەڕایەوە. کەسوکارەکەی دەڵێن کوژراوە. بەڵام ماڵە خەزوورانی دەڵێن خۆی کوشتووە.

دوو ساڵ لەمەوبەر هاوژینی حوسێن عەوڵا ئەحمەدی تەمەن 53 ساڵ ماڵئاوایی لە ژیان کرد، دوای ساڵێک حوسێن ژنێکی دیکەی هێنایەوە، بەڵام هەر زوو کێشە کەوتە نێوانیان و دواجار ڕۆژی 2017/9/7 حوسێن لە نزیک ماڵە خەزوورانی لە ڕانیە کوژرا.

محەممەد عەوڵا، برای حوسێن بە (ڕووداو)ی گوت: "براکەم لەگەڵ هاوژینەکەی ناتەبا بوون، چەندینجار داوامان لێکرد جیاببنەوە، بەڵام بە قسەی ئێمەی نەکرد، تا دواجار ژنەکەی هەرچی پارە و ئاڵتوونی هەبوو بردی و ڕۆیشت".

محەممەد باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "ئەو ڕۆژە لەلایەن ژنبرایەکییەوە تەلەفۆنی بۆ دەکرێت، حوسێن دەچێتە ڕانیە، لەوێ هەڕەشەیان لێکردبوو، ئەویش یەکسەر تەلەفۆنی بۆ کوڕەکەی کردبوو، دواتر لە نزیک ماڵی خەزووری بریندار کرابوو، تاوەکو گەیەنرابووە نەخۆشخانە گیانی دەرچووبوو".

سەبارەت بەو کەسەی حوسێنی کوشتووە، محەممەد گوتی "دوای ڕووداوەکە پۆلیس برایەکی هاوژینی حوسێنی دەستگیر کرد کە پێشتر هەڕەشەی لە حوسێن کردبوو، ئێمە دەڵێین ئەو تاوانە لەلایەن هەمان کەسەوە کراوە".

گوتیشی: "گوللەیەکیان لە سکی دابوو لە پشتی دەرچووبوو، بەڵام پێدەچوو لە ماڵەوە کوشتبێتیان و دواتر فڕێیاندابێ، چونکە مەچەکەکانی شین هەڵگەڕابوون، وەک ئەوەی دەستی بەسترابێتەوە".

بەڵام نەجمەدین برای (ق)ی هاوژینی حوسێن ڕەتیکردەوە کە حوسێن کوژرابێ و دەڵێت خۆی کوشتووە. نەجمەدین بە (ڕووداو)ی گوت "حوسێن دڵی لە ژنەکەی پیس بوو، نەخۆشیی دەروونی هەبوو، زۆرجار بە شەوانە چەقۆی هەڵدەگرت و دەهاتە دەرەوە، دووجاریش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، ئەو ڕۆژەش هاتووەتە ماڵی باوکم، خوشکەکەم پێیگوتووە بڕۆ کەسمان لە ماڵ نییە، ئیدی ڕۆیشتووە و لەسەری کۆڵانی ماڵی باوکم گوللەیەکی لە خۆی داوە و خۆی کوشتووە".

تەها محەممەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت، تەرمی حوسێن لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە هێنراوەتە نەخۆشخانەکەیان، دوای پشکنین دەرکەوت شوێنەواری فیشەکێک بە سکییەوە بووە، بەپێی پشکنینەکان ڕووداوەکە کوشتنە نەک خۆکوشتن".

بەڵام ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین دەڵێت "لەبەرئەوەی ڕووداوەکە تازەیە و لێکۆڵینەوە لە قۆناغی سەرەتادایە، تاوەکو ئێستا ڕوون نەبووەتەوە کوژراوە یان خۆی کوشتووە، بەڵام ژنبرایەکی قوربانییەکە بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە".

# خەڵکی حەویجەش بەشداریی گشتپرسی دەکەن

ئەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بەڕێوەبەری لقی کەرکووکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، بە چڕی سەرقاڵ بوو. ئەو چەند ڕۆژێکی کەمی لە بەردەم ماون و دەبێ تاوەکو کۆتایی هەفتەی داهاتوو ڕایبگەیێنێ کە ئەوان بەتەواوی ساز و ئامادەن. بەڵام پرۆسەی دەنگدان لەو پارێزگایە کە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق پارە و چەک لە گۆڕینی دیمۆگرافیا و ناسنامەکەیدا خەرجکراوە، پرۆسەیەکی فرەئاڵۆزی هێناوەتە بەردەم ئەو ئۆفیسەی کۆمسیۆن کە ماوەیەکی کەمە لەو پارێزگایە کراوەتەوە "بەردەوام کار لەسەر ئامادەکردنی فەرمانبەرانی سەر سندووق دەکەین". عەلی شوانی، بەڕێوەبەری لقی کەرکووکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی وا دەڵێت.

لە دوای کەوتنی سەددام حوسێنەوە، بەردەوام دەگوترێ "شاری بەرمیلە بارووتی ناکۆکییەکان گڕ دەگرێ". ئێستا دژبەرانی گشتپرسی و بەشێک لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی وادەیەکی دیکەیان بۆ گڕگرتنی داناوە، ئەویش 25ی ئەیلوولە. بەڵام فەرماندە سەربازییەکانی پێشمەرگە بەدووری دەزانن ئەوە ڕووبدات.

شێخ جەعفەر مستەفا، فەرماندەی هێزەکانی حەفتای سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەی پێویست بێ بۆ پاراستنی کەرکووک و دوورخستنەوەی گشتپرسیی لە هەر کێشەیەکی نەخوازراو، پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان کردوویانە و بە هەموو هێز و توانامان کەرکووک دەپارێزین".

گوتیشی "پێشمەرگە سەنگەرەکان دەپارێزن و ئاسایش و پۆلیسیش نێو شار".

مەترسییەکە پلانی ئازادکردنەوەی قەزای حەویجە دروستیکردووە کە بە دووریی 55 کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوای کەرکوک هەڵکەوتووە و ناحیەکانی زاب، ڕەشاد و ڕیاز و عەباسی لەخۆدەگرێ. ئەو قەزایە بە ناحیەکانییەوە لە ناوەڕاستی 2014ەوە کەوتووەتە دەستی داعش. قەزاکە 32%ی خاکی پارێزگای کەرکووک پێکدەهێنێ. بەغدا بەبێ گوێدانە خواستی بەردەوامی کورد، پرۆسەی ئازادکردنەوەی حەویجەی دواخست و ئێستا دەگوترێ لە 23ی ئەیلوول کە دوو ڕۆژ پێش ئەنجامدانی گشتپرسی و ڕۆژی دەنگدانی تایبەتە (واتە دەنگدانی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان) دەست بە ئۆپەراسیۆنەکە دەکەن.


90% ئەو ئاوارانەی ڕوویان لە کەرکووک کردووە خەڵکی سنووری قەزای حەویجەن

> ## حەویجە بە دوو ڕۆژ ئازاد ناکرێ
> محەممەدی حاجی مەحموود

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک، دڵنیایی دەدا لەوەی سەرکردایەتی کورد لەسەر ئاستی باڵا تاوتوێی دۆخەکەیان کردووە و لە هەموو ئەگەرەکاندا پلانی خۆیان هەیە.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "بەنیسبەت گشتپرسییەوە هیچ کێشەیەک لە کەرکووک ڕوونادات و دەزانین چۆن ڕووبەڕووی هەر کێشە و گرفتێک ببینەوە ئەگەر هاتە بەردەممان". عەمید سەرحەد قادر، لەبارەی جموجوڵی گوماناویی هێز و گرووپەکانی حەشدی شەعبی، بڕوای وانییە بتوانن خەڵک بترسێنن "پێشتر ئەو حاڵەتانە لای ئێمە ئەزموونکراون، لە سەرەتای 2005یش هەوڵی زۆر درا بە بەکارهێنانی نەتەوەکانی نێو کەرکووک کێشە دروستبکەن، بەڵام دۆخەکە کۆنترۆڵ کرا".

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکان، پێشبینی دەکات لەکاتی پرۆسەی ئازادکردنەوەی حەویجەدا هەوڵ بدرێ ژمارەیەک خەڵک بۆ تێکدانی گشتپرسی بخزێنرێنە نێو ئاوارەکانەوە و بیانەوێ بێنە نێو شارەکە، بەڵام دەڵێ پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەشیان هەیە "هێزەکانی پێشمەرگە لە دەرەوەی شار ئاوارەکان وەردەگرن و تاوەکو تەواو دڵنیا نەبن ڕێگە نادەن بێنە نێو شارەوە".

زیاتر لە 30 هەزار خێزانی ئاوارەی حەویجە و دەوروبەری لە کەرکووک داڵدەدراون. بەرپرسانی پارێزگای کەرکووک پێشبینی دەکەن لە کاتی دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنیشیدا 10 هەزار خێزانی دیکە ئاوارە ببن. ئێستا لەو حەوت کەمپەی بۆ ئاوارەکان دروستکراون لە کەرکووک، 90%یان ئاوارەی حەویجەن، بەردەوام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، خەڵکانێک لەنێو ئەو کەمپانەدا دەدۆزرێنەوە کە هێشتا مەیلیان هەر لەلای داعشە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دڵنیایی دەداتە خەڵکی کەرکووک کە ڕۆژی گشتپرسی بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان "حەویجە چ پەیوەندی بە ئەمنیەتی نێو شاری کەرکووکەوە هەیە؟"، ئەحمەد عەسکەری، هەڕەشەی گرووپەکانی حەشدی شەعبی بە "سواڵی دەنگدان"نێودەبات و پێیوایە ئەو جۆرە لێدوانە بێزارکەرانە لەپێناوی هەڵبژاردنی داهاتوون بۆ ئەوەی دەنگ کۆبکەنەوە "پلانی ئەمنی تۆکمە هەیە و هێزەکان بەشێوەیەک ئارامیی دەپارێزن کە گشتپرسی بەبێ کێشە بەڕێوەبچێ".

بەرپرسێکی ئیداریی پارێزگای کەرکووک، هێما بۆ ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەکات لە کەرکووک کە نەک تەنیا کەرکووک، عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوسێشی هێنایە قسە "هەر ئەوکات هەوڵ هەبوون نائارامی دروستبکەن، بەڵام هێزە ئەمنییەکان و خەڵکی وشیاری کەرکووک بواریان نەدا".

بۆچی بەغدا داواکاریی بەردەوامی هەولێری پشتگوێ خست لەبارەی پێشخستنی ئازادکردنەوەی حەویجە؟

محەممەدی حاجی مەحموود، کە فەرماندەی یەکێک لە میحوەرەکانی پێشمەرگەیە لە کەرکووک، دەڵێ بۆ ئەوەی دوای مووسڵ و تەلەعفەر و ناوچەکانی لای ئەنبار، زۆربەی هێزە عێراقییەکان لە خەمی داعش بڕەخسێن و بهێنرێنە نزیک کەرکووک "ئێستا 3 تاوەکو 4 هەزار چەکداریان لەوێیە، هەوڵ دەدەن لە کەرکووک و دوزخورماتوو کێشە دروستبکەن، بەڵام ئەوان هەڵەن، چونکە حەویجە بە دوو ڕۆژ ئازاد ناکرێ و گشتپرسی کوردیش تەنیا ڕۆژێکی دەوێ".

ڕۆژەکان هەروا دێن و شەڕی حەویجە و 25 ئەیلوول پێکەوە نزیکتر دەبنەوە، بەڵام کەرکووکییەکان نموونەی نزیکیان هەیە بۆ بەرگریکردن لە کەرکووک بیخەنەڕوو. چونکە دواهەمین شەڕی قورسی چەکدارانی داعش، دزەکردنی دەیان چەکداری ئەو ڕێکخراوە بوو بۆ ناو شارەکە کە شەڕی کۆڵان بە کۆڵانی لێکەوتەوە و دواجار خەڵک و پێشمەرگە پێکەوە بەرگرییان کرد.

عەلی شوانی، بەڕێوەبەری لقی کەرکووکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، دەڵێ ڕاستە بەهۆی تایبەتمەندێتی کەرکووک، تۆماری دەنگدەران خاوێن نەکراوەتەوە و ژمارەیەک عەرەبی هاوردە ناویان لە لیستی دەنگدەراندا هەیە "بەڵام ئەوان ناتوانن دەنگ بدەن و لە کەرکووک نەماون".

گوتیشی: "ئێمە تەنانەت ئامادەکاریمان کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی حەویجەش دەنگ بدەن، ئاوارەکان سندووقیان بۆ دەبەین و بنکەی دەنگدان لای ئەوانیش دەکەینەوە".

# کەرکووک خاڵی یەکلاکەرەوەی ئاکامی گشتپرسی

ڕووداو- هەولێر

چاویلکەیەکی کۆن، کاتژمێرێکی ڕەنگبردوو، کۆمەڵێک پارەی دڕاو، هەندێک ناسنامەی کۆن، ئەمانە ئەو شتانەن کە لە مۆزەخانەی کەلوپەلەکانی ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئەنفالکراوان لە شارۆچکەی بارزانی سەربەشاری هەولێر بەرچاو دەکەون. هەر ئەم مۆزەخانەیە بەسە بۆ ئەوەی هیچ گومانێک نەمێنێت لەوەی خەڵکی کوردستان لە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلوولدا چۆن دەنگ دەدەن.

خەڵات بارزانی، بەرپرسی مۆزەخانەکە بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی دەڵێت: "نازانم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆچی چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکات دوای ئەم تاوانانە (لەدژی خەڵکی کوردستان) وەکوو بەشێک لە عێراق بمێنینەوە؟".

وەکوو بەرپرسانی کوردستان دەڵێن، گشتپرسییەکە هەنگاوی یەکەمە لە پرۆسەی گۆڕینی کوردستان لە هەرێمێکی فیدراڵەوە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەنگاوەکانی دوای 25ی ئەیلوول، دانوستاندن لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکان دەبێت کە هەموویان بە ڕێژە و هۆکاری جیاواز دژایەتی خۆیان لەگەڵ گشتپرسییەکە دەربڕیوە. مانگی ڕابردوو برێت مەکگۆرگ، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش، گوتی "بە بۆچوونی ئێمە گشتپرسی بەو خشتە زەمەنییە خێرایە و بەتایبەتیش لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیری".

بەڵام کورد بۆچوونێکی دیکەی هەیە و سوورە لەسەر ئەوەی گشتپرسییەکە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا بەڕێوەبچێت. مەسروور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی گوت "ئەگەر سەیرێکی مێژووی ئێمە بکەن، دەبینن بە درێژایی مێژوو بە شێوازێکی خراپ مامەڵە لەگەڵ ئێمە کراوە".

مەسروور بارزانی گوتیشی "ئێمە وەکوو نەتەوە مافی بڕیاردان لە چارەنووسی خۆمانمان هەیە و بڕواشمان وایە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی هەوڵی سەربەخۆیی بدەین".

کەم نین ئەو دیپلۆماتکارە ڕۆژئاواییانەی هاوڕان لەگەڵ ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان. پیتەر گالبرێس، کۆنە دیپلۆماتکاری ئەمریکی پێیوایە "دوا ئامانج ڕوون و ئاشکرایە کە سەربەخۆییە. مادام وادەی گشتپرسییەکە دیاریکراوە، ئیدی پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە". گالبرێس کە ڕۆڵی بەرچاوی لە ناساندنی نەهامەتییەکانی کورد بە ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەبووە، گشتپرسییەکەی کوردستان بە برێکزیت دەشوبهێنێ و دەڵێت "دواجار ئەمەش برێکزیتێکە".

هێرشەکانی 2014ی چەکدارانی داعش ڕێگەی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە خۆشکرد، بۆ ئەوەی هێز ڕەوانەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بکات کە کورد بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێناسەیان دەکات. گرنگترین ئەو ناوچانەش پارێزگای کەرکووکە. لە کاتی هێرشەکانی داعشدا هێزەکانی سوپای عێراق بنکە و بارەگاکانی خۆیان لەو پارێزگایە چۆڵ کرد و هێزی پێشمەرگەش بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و ڕێگری لە پێشڕەویی داعش لە کەرکووک هێزی ڕەوانەی ئەو پارێزگایە کرد. شارەزایان پێیانوایە لە دوای 25ی ئەیلوول و لەکاتی دانوستاندنی نێوان بەغدا و هەولێر، چارەنووسی کەرکووک خاڵی گەرمی دانوستاندنەکان دەبێت.


لە چایخانە و بازاڕەکانی کەرکووکدا باسکردن لە گشتپرسی لە نێوان پێکهاتەکانی شارەکە تابۆیە (فۆتۆ: ڕووداو)

> ## گشتپرسییەکەی کوردستانیش برێکزیتێکە
> پیتەر گالبرێس، کۆنە دیپلۆماتکاری ئەمریکی

یوست هیلتەرمان، بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە "بەغدا ئامادەیە لەسەر سەربەخۆیی دانوستاندن لەگەڵ کورد بکات، بەڵام نابێت کەرکووکی لەگەڵ بێت. کەرکووک لای هەموو غەیرە کوردەکان هێڵی سوورە". هیلتەرمان ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە پێی سەیر نییە گشتپرسییەکە لەسەر ئەم کێشەیە دوابخرێت.

بەغدا دەنگی بەشێک لە تورکمان و عەرەبەکانی کەرکووکی لەگەڵە. ڕاکان سەعید ئەلجبووری، جێگری پارێزگاری کەرکووک، پێیوایە "کورد هەڵە دەکات ئەگەر خۆیان بە تەنیا بڕیار لەسەر چارەنووسی شارەکە بدەن". بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکیش، لە چایخانە و بازاڕەکانی کەرکووکدا باسکردن لە گشتپرسی لە نێوان کورد، تورکمان و عەرەبەکانی ئەو شارەدا تابۆیە.

عیسام حوسێن، شوفێری تەکسییە و تورکمانی کەرکووکە، ڕۆژانە بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ هاوڕێ کوردەکانی پیاسە و دەمەتەقێ دەکات، بەڵام کاتێک لە بارەی گشتپرسییەوە پرسیاری لێدەکرێت، داوا دەکات بە تەنیا قسە بکات، عیسام بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێت "ناتوانم لەبەردەم کوردەکان قسە بکەم، ئەوان برای منن، بەڵام بەو باسە دڵگران دەبن. ئەگەر ڕاستیت دەوێت ئێمە ناتوانین پێکەوە باسی سیاسەت بکەین".

نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک، یەکێکە لەو سیاسییە کوردانەی بەشی زۆری ژیانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا بەسەر بردووە، ماوەیەکی زۆر لە ئەمریکا ژیاوە. ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە پێیوایە ڕەوشی ئاڵۆزی دارایی کوردستان و کێشەی لایەنە سیاسییەکان هۆکار دەبێت بۆ دواخستنی گشتپرسی. نەجمەدین کەریم دەڵێت: "کاتێک ئەمریکا سەربەخۆیی ڕاگەیاند دەستووریان هەبوو؟ وڵاتە ئەفریقییەکان پێش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەموو شتەکانیان ڕێکخستبوو؟". هەر خۆی وەڵامدەداتەوە و دەڵێت "بێگومان نەخێر".

قارەمان محەممەد، کوردی کەرکووک و فەرمانبەری ئاسایش، بە گەشبینییەوە لە گشتپرسییەکە دەڕوانێت. قارەمان دەڵێت بەشی هەرە زۆری ژیانی براکەی لە گرتووخانەی ئەبوغرێب تێپەڕیوە "کاتێک عەرەب حوکم بکات، هەر ئەمە حاڵمان دەبێت".

سەبارەت بە گشتپرسییەکەش دەڵێت "هەست دەکەم وەسف ناکرێت، هەست بە ئازادی و هێز دەکەم".

# دەکرێ بە کەسێک بگوترێ نەخۆشیی کوشندەت هەیە؟

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

زۆربەی نەخۆشەکان خۆیان نازانن چ نەخۆشییەکیان هەیە، چونکە کەسوکاریان بەردەوام داوا لە پزیشکان دەکەن نەهێڵن کەسەکە بزانێ ئەو نەخۆشییەی هەیە، پزیشکانیش دەڵێن گرنگە کەسەکە خۆی بزانێ چ نەخۆشییەکی هەیە، تاوەکوو پلانەکانی ژیانی بەپێی ئاستی جێگیریی تەندروستی خۆی دابڕێژێ.

بەشێک لە خەڵک تاوەکو ئێستاش بە نەگونجاوی دەزانن کەسی تووشبوو ئاگادار بکرێتەوە لەوەی نەخۆشییەکی کوشندەی هەیە، چونکە پێیانوایە ورەی نەخۆشەکە دەڕووخێنێ و ئەو ژیانەی ماویەتی تاڵی دەکات.

ئوسامە ئەسعەد، لە وەڵامی پرسیارێکی پەیجی (ڕووداوی تەندروستی)دا دەڵێ: "نابێ پێی بگوترێ، باشتر وایە ئەو ماوەیە بە شتێکی باشترەوە سەرقاڵ بێت، نەک بەردەوام لە دڵەڕاوکێدابێ". بەڵام بەشێکی دیکە دژی ئەو بۆچوونەن و دەڵێن نەخۆش مافی خۆیەتی دەستنیشانی نەخۆشییەکەی بزانێ. سۆزی هەولێری، لە وەڵامی هەمان پرسیاردا دەڵێ "دەبێ پێی بگوترێ، چونکە لەکۆتاییدا هەر دەزانێت، ئەوکاتیش یەکجاری ورەی دەڕووخێت، بۆیە هەر سەرەتا لەگەڵ نەخۆشییەکەی ڕابێت باشترە".

پێچەوانەی بنەما نەگۆڕە زانستییەکانی پزیشکی، هەموو پزیشکان سەبارەت بەم بابەتە هاوڕا نین. پزیشکێک دەڵێ بە پێچەوانەی نەریتی باو لە کوردستان، نابێ کەسوکار بزانن نەخۆشییەکەی هەیە، مەگەر خۆی ڕەزامەند بێ.

د.ڕێدار جەزا، پزیشکی هەناو و دڵ دەڵێ: "دەبێ دەستنیشانی نەخۆشییەکە و بژارەکانی چارەسەرەکەشی بۆ نەخۆش ڕوونبکرێنەوە، دواتر کەسە نزیکەکانی ئاگادار بکرێنەوە، ئەویش پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی نەخۆشەکە. ڕەنگە هەندێکجار نەخۆش نەیەوێ خەڵکی بزانن ئەو نەخۆشییەی هەیە و لەو کاتەدا ڕێز لە بڕیاری نەخۆش دەگیرێ و وەکوو نهێنی و تایبەتمەندیی ئەو دەمێننەوە".

بەڵام بەشێک لە پزیشکان دژی ئەوەن دەستنیشانی نەخۆشییە کوشندەکان بە نەخۆش بگوترێ!

د.هاوژین فازڵ، پزیشکی هەناو و دڵ، دەڵێ "هەندێک گوتە و ڕاستیی لە بارەی نەخۆشییەکە هەن، لە فیشەک کوشندەترن و ورەی نەخۆش دەڕووخێنن، ڕەنگە بە نەخۆشییەکە نەمرێ و بە قسەکە بمرێ".



### کامە بۆچوون زۆرینەیە؟

ڕاپرسییەکی ئۆنلاینی ڕووداو کە لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کراوە، دەریدەخات جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان بۆچوونی پزیشکان لەلایەک و هاووڵاتیانی ئاسایی لەلایەکی دیکە، سەبارەت بە ئاشکراکردنی نەخۆشییە کوشندەکان لای کەسی تووشبوو.

لە ڕاپرسییەکدا لەنێو 238 پزیشکی کوردستان، 208 پزیشک (87%ی بەشداربووان) دەڵێن دەبێ نەخۆشییەکە بە کەسی نەخۆش بگوترێ، تەنانەت ئەگەر کوشندەش بێت. بەڵام کاتێک لە ڕێگەی پەیجی (ڕووداوی تەندروستی) لە فەیسبووک هەمان پرسیارمان لە فانەکانی پەیجەکە کرد، لە کۆی 69 کەس کە وەڵامیان داوەتەوە، تەنیا 27 کەس (39%ی بەشداربووان) پێیان باشە دەستنیشانی نەخۆشییەکە بە کەسی تووشبوو بگوترێ.

### کەسوکار وەک ڕێگری سەرەکی

پزیشکێک دەڵێ کەسوکاری نەخۆش زۆرکات ڕێگرن لەوەی ڕاستییەکە بە نەخۆش بگوترێ. د.زانیار نووری عوسمان کە دکتۆرای لە نەخۆشییەکانی هەناو هەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "نەخۆش هاتووەتە لام سێ ساڵە جەڵتەی دەماخ لێیداوە، سێ موڕافق ئیشارەت دەکەن کە پێی نەڵێم، یەکێکی دیکە دەمگوت نەخۆشیی گورچیلەت هەیە؟ دەیگوت نەخێر، کەچی موڕافق دواتر هاتووە دەڵێ بەڵێ دکتۆر ساڵێکە شەکرە لە گورچیلەی داوە، بەڵام پێمان نەگوتووە".

دکتۆر زانیار لەم ئاریشەیەدا تەنیا نییە. (ڕووداو) پرسیاری ئاراستەی 118 پزیشکی کوردستان کرد کە ئایا تووشی هەڵوێستێکی وەها بوون کەسوکاری نەخۆش داوا بکەن دەستنیشانی نەخۆشییەکە و ڕاستییەکەی بە خودی نەخۆش نەڵێن؟ لە وەڵامدا 108 پزیشک (91%ی بەشداربووان) گوتوویانە کە تووشی حاڵەتی وەها هاتوون و تەنیا 10 پزیشک (کەمتر لە 9%ی بەشداربووان) نەکەوتوونەتە باری لەو جۆرەوە.

دکتۆر زانیار دەڵێ ئەم بابەتە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بابەتێکی بڕاوەیە کە دەبێ دەستنیشانی نەخۆشییەکە بە کەسی تووشبوو بگوترێ "پێگوتنی ڕاستی، بەشێکی بنەڕەتیی ڕەوشتی پزیشکی و ئەرکی پزیشکە بەرامبەر نەخۆش، لە جیهاندا مەسەلەکە لەوەدا نەماوە کە ئایا ئەنجام بە نەخۆش بگوترێت یان نا، بەڵکو ئەوەیە ئایا نەخۆش تا چەند زانیاری پێ بگوترێ".

پزیشکە پسپۆڕەکەی هەناو دەڵێ وەکو ئەرکی پزیشک دەبێت ئەمانە بە نەخۆشەکە بڵێیت: جۆری نەخۆشییەکە، هۆکاری ئەو ناڕەحەتییانەی ئێستا نەخۆشەکە هەیەتی، پلانی چارەسەر، زانیاری لەسەر چارەسەرەکە، داهاتووی نەخۆشییەکە چی دەبێت.

هەرچی د.جەعفەر عومەر، پزیشکی پسپۆڕی دەروونییە، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیدەکاتەوە لایەنی دەروونی بکرێتە بیانوو بۆ نەگوتنی ڕاستییەکان بە نەخۆش "ئەوە کارێکی ئەخلاقیی پزیشکییە و پێویستە نەخۆش بزانێت چ نەخۆشییەکی هەیە. مافی سەرەتایی نەخۆشە، شاردنەوەی تاوانە".

## بەپێی چەند توێژینەوەیەک:

# جنێودان ئازارشکێنە

ڕووداو- ئاژانسەکان

جنێو، دەربڕینی هەستی تووڕەیی ناخی مرۆڤە، لە کوردەواریدا ئەو کەسەی جنێو زۆر دەدات، پێیدەڵێن "جنێوفرۆش" یان "دەمپیس".

خەڵک بەگشتی سێ جۆرن :یەکەم ئەوانەن کە جنێو نادەن، دووەم ئەوانەی بە دەگمەن جنێو دەدەن و سێیەمیش هەمیشە جنێو دەدات .

توێژەرانی سویدی لە زانکۆی یۆتۆبۆری سەرنجی ئەوەیان داوە کە جنێوی 50 ساڵ بەر لە ئێستا زۆر جیاواز بووە، جنێوەکانی ئەوکات وەکو ئێستا توند و ڕەق و نەشیاو و بێزارکەر نەبوون.

ئەوانەی زۆر جنێو دەدەن، دەڵێن ڕاهاتوون یان خوویان پێوە گرتووە و ناتوانن واز بهێنن. بڵاوترین جۆرەکانی جنێو بریتین لە جنێوێک کە ئەندامی زاوزێی نێرینە و مێیینەی تێدا بەکاردێ، دەگوترێ لە ئەوروپا پۆڵۆنییەکان جنێوفرۆشترین نەتەوەن. جنێوی سوێدیش زۆر نەرمترە لە جنێوی گەلانی دیکە .

دەروونناسی ئینگلیزی (ڕیتشارد ستیڤن) دەڵێت: "کاتێک چەکوشێک دەکێشی بە پەنجەیەکتدا، بەرتەکی ئازارەکە بە هاوار و جنێودان کەم دەکەیتەوە .

جنێودەر، زۆرجار ماوەی جنێودانەکەی کورتە، ئەگەر نەنووسرێت، تۆمار نەکرێت بە دەنگ و ڕەنگ ئەوا کاریگەریی کەمترە .

لەبەر ئەوەی لەباری یەکەمدا (تۆمارنەکراو) ژمارەیەکی کەم لە جنێوەکانە و کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر بەرامبەر کەمتر دەبێ، جاری واش هەیە ئەو کەسەی جنێوپێدراوە، کاردانەوەی دەبێ و شەڕ و دەمەقاڵێ و تەنانەت ڕووداوی نەخوازراوی لێدەوەشێتەوە کە هەمیشە بە زیانی هەردوولا تەواو دەبێ. لەباری دووەمدا (تۆمارکراو) ژمارەیەکی زۆر خوێنەر، بینەر و بیسەری دەبێت ولەوبارەشدا هەرگیز ئەنجامی باشی نابێت، لەبەر ئەوەی دەکەوێتە قاڵبی ناوزڕاندنەوە .



کاریگەریی پۆزەتیڤی جنێو، وەک هەستکردن بە هێز و بڕیاردانی پەلە .

کاریگەریی نێگەتیڤی جنێو بریتییە لە لەدەستدانی کۆنترۆڵ، بریندارکردنی بەرامبەر.

کاریگەریی سوعبەت: بونیاتنەر، دڵخۆشکەر و خەمڕەوێن.

لە مانگی ئاداری 2015 دا لە شاری ئۆپسالای سوید پسپۆڕانی زمان و جنێو کۆبوونەوەیەکی دوو ڕۆژییان بەست لەمەڕ جنێو. ئەوان کۆکبوون لەسەر ئەوەی جنێو جۆرێکە لە قسە دەربڕین و هەندێکجار دەگاتە بریندارکردنی هەستی کەسانی بەرانبەر، بۆیە پێویستە باوانەکان منداڵەکانیان لە ژینگەیەکی بێ جنێودا پەروەردە بکەن و لە گەورەکانیان جیابکەنەوە. هەندێکجار مرۆڤ بەهۆی ژێردەستەیی و بێدەسەڵاتی و نالەباریی باری ئابووری و سیاسی، پەنا بۆ جنێو دەبات وەک شێوازێک لە شێوازە خێراکانی دەربڕین و بەتاڵکردنەوەی دەروونی .

هەموو دایک و باوکێک هیوادار و خوازیارن منداڵەکەیان فێری وشەی پاراو، ڕێز، ڕەوشتی بەرز و جوان ببێت و بە زمانی زبر نەئاخڤێت و فێری جنێودان نەبێت، بەکوردی دەڵێن تف نەکرێتە دەمییەوە بۆ ئەوەی دەم و زمانی پاک بێت و لە جنێودان بەدوور بێت. بۆ نموونە کاتێک منداڵێک دەگری و داوای شتێک دەکات، باشتر وایە بزانین بۆچی دەگری نەک بە نەڕەنەڕ و لێدان و جنێودان بێدەنگی بکەین. هەندێک کەس جنێو دەدەن، بەڵام بە ڕوخساری پێکەنیناوی و شیرینەوە وشەکان دەردەبڕن و کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر بەردەنگ دروست ناکات. بەپێی توێژەران لاوان لە هەموو کەس زۆرتر جنێو دەدەن. بە داخەوە لە زۆربەی زمانەکاندا جنێو ئاراستەی خوشک و دایک دەکرێ .

ئەنجامی توێژینەوەکانی سوێد دەریانخستووە ئەوانەی زۆر جنێو دەدەن لە ڕەگەزی نێرن، ژنان کەمتر جنێو دەدەن، بەڵام ئەگەر تووڕە بکرێن، کوردەواری گوتەنی دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکەن.

### جنێوئازارشکێنە

بەپێی چەند توێژینەوەیەک، جنێو "ئازارشکێنە" نائارامیی دەروونی کەم دەکاتەوە وا لە مرۆڤ دەکات باشتر بیر بکاتەوە، توێژینەوەیەکی ئەمریکایی کە لە ساڵی 2009دا کراوە، دەڵێت: "جنێو بۆ هەندێک مرۆڤ جۆرێکە لە ئازارشکێن، لە کاتی جنێوداندا ژمارەی لێدانی دڵ زێد دەکات، ڕێژەیەکی باش لە ئۆکسجین دەچێتە نێو سییەکانەوە" .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی نێگەتیڤی جنێودان زۆرن، ڕەنگە کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەی لێ بکەوێتەوە. بۆیە بازرگانێکی گەورەی ئەمریکیی وەکو Jim O´conor سەنتەرێکی بەناوی (The Cuss Control Academy) دامەزراندووە و هەوڵ دەدات هاریکاریی جنێوفرۆشەکان بکات بۆ ئەوەی واز لە جنێودان بهێنن.



# ورگ زیان لە سێکس دەدات



ڕووداو- DW

کۆبوونەوەی چەوریی ورگ ئەگەر لە شارستانێتییە کۆنەکاندا هێمای تێروپڕی بووبێ و نیشانە بووبێ بۆ ئەوەی ئەو کەسە لە چینە باڵاکانە، ئەوە ئێستا بە پێچەوانەوە، نیشانەی تەندروستییەکی خراپە، چونکە ورگی زل ڕێگە خۆشدەکات بۆ چەندین نەخۆشیی درێژخایەن، ئێستاش دەرکەوتووە هۆکارێکی لاوازیی سێکسە.

ئۆلیڤەر گرالا، پسپۆڕی میز و زاوزێ لە ئەڵمانیا، دەڵێ پەیوەندی هەیە لەنێوان گەورەبوونی ورگ و کەمبوونەوەی توانای سێکسی لە شێوەی کەمبوونەوەی توانای ڕەپبوونی چووک و ئەنجامدانی سێکس بەشێوەیەکی گشتی.

پزیشکەکە دەڵێ گەورەبوونی ورگ پەیوەندی هەیە لەگەڵ تووشبوون بە بەرزەپەستانی خوێن و شەکرە. ئەمانەش بە تێپەڕبوونی کات کار لە بۆڕییەکانی خوێن دەکەن و دەبنە هۆی تەسکبوونەوەیان.

ڕەقبونی خوێنبەرەکانی خوێن و تەسکبوونەوەیان لە ئەنجامی ئەو حاڵەتانە، وادەکات خوێنی پێویست نەگاتە چووک، ئەوەش توانای ڕەپبوون کەمدەکاتەوە.

کەمبوونەوەی توانای ڕەپبوونی چووک، وەکوو ئاگادارکەرەوەیەکی پێشوەختە وایە بۆ مەترسیی تووشبوون بە جەڵتەی دڵ و مێشک لە داهاتوودا، چونکە هەندێکجار ڕەقبوونی خوێنبەرەکان هۆکاری هەرسێکیانە.

پسپۆڕە ئەڵمانییەکە دەڵێ چەوریی ورگ لە چەوری کۆبووەوەی ناوچەکانی دیکە مەترسیدارترە، چونکە چەوریی ورگ بەشێوەیەکی چالاک دەست بە دەردانی هەندێک هۆرمۆن دەکات، ئەو هۆرمۆنانەش بەربەرەکانێ لەگەڵ هۆرمۆنی نێرینە دەکەن کە ئەوەش ئارەزووی سێکسی و توانای ڕەپبوون کەمدەکاتەوە.

لە توێژینەوەیەکی زانکۆی هارڤارددا کە بۆ ماوەی 14 ساڵ بەدواداچوون بۆ لایەنی سێکسی کۆمەڵێک پیاو کرا، دەرکەوت لە قەڵەوەکانیاندا ئەگەری لاوازبوونی سێکسی بە ڕادەی 90% زیادی کردبوو، بەراورد بەوانەی کێشیان ئاسایی بوو.

# پانتۆڵی تەسک کواڵیتی تۆو دادەبەزێنێ

ڕووداو- dw

پسپۆڕانی ئەڵمانی دەڵێن پانتۆڵی تەسک دەبێتە هۆی پەکخستنی هەستە دەمارەکانی بەشی خوارەوەی جەستە، بەڵام ئایا دەبێتە هۆی لاوازیی سێکسی؟

گۆتس کریستیان، پزیشک لە بەشی میز و زاوزێ لە نەخۆشخانەی بەنێوبانگی شاریتە لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، دەڵێ سەرەتا شتێک نییە بەنێوی لاوازیی سێکسی، بەڵکو دوو شت هەن: یەکێکیان کەمبوونەوەی توانای ڕەپبوونی چووکە لە پیاواندا و ئەوی دیکە منداڵ نەخستنەوەیە.

کریستیان دەڵێ پانتۆڵی تەسک بەهیچ شێوەیەک نابێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای ڕەپبوونی چووک. هەروەها ناشبێتە هۆی نەزۆکی، بەڵام هۆشداری دەدات لەوەی "توێژینەوەی زانستی هەن دەریانخستووە پانتۆڵی تەسک کواڵیتی تۆوی پیاو دادەبەزێنێ". هۆکاری ئەوەش بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گونەکانە لەنێو پانتۆڵی تەسکدا. بە گوتەی پزیشکەکە ئەم حاڵەتە زیاتر لەو پانتۆڵ تەسکانەدا ڕوودەدات کە بۆ ماوەی دوورودرێژ دادەنیشن.

جگە لە پانتۆڵی تەسک، هۆکاری دیکەش هەن کە کواڵیتی تۆوەکان دادەبەزێنن، وەکوو جگەرەکێشان، گوشاری دەروونی و جەستەیی و سرووشتی خۆراک و ژەمەکانی کەسەکە.

توێژینەوەیەکی زانستی لە زانکۆی زارلاندی ئەڵمانیاوە دەڵێ جگەرەکێشان بەپیتیی پیاوان کەم دەکاتەوە. توێژینەوەیەکی دیکەش، کە لە جۆرناڵی زانستیی (ساینس) بڵاوبووەتەوە، دەڵێ ژەمە خۆراکی ئەوتۆ کە پڕ چەوری بن و کالۆرییەکی زۆر بدەن، زیان لە تۆوەکانی پیاو دەدەن و توانای بەپیتی کەم دەکەنەوە.

# تاران بە هاوکاریی هێزێکی عەرەبی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگۆڕێت

رووداو- هەولێر

بۆ ماوەی زیاتر لە سێ دەیە ئامانجی سەرەکیی حیزبوڵڵای لوبنان لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل بوو، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی رەوشی سیاسی و ئەمنیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک ململانێی نوێ کە هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە ئیسرائیلەوە نییە، حیزبوڵڵاش لە هێزێکی لۆکاڵیی دروستکراو و لایەنگری ئێرانەوە گۆڕا بۆ هێزێکی ناوچەیی کە پەرە بە ئامانجەکانی تاران لە ناوچەکەدا دەدات.

لە ماوەی زیاتر لە دە ساڵی رابردوودا، مەودای ئۆپەراسیۆنەکانی ئەو رێکخراوە بەشێوەیەکی بەرچاو فراوان بووەتەوە، لە کاتێکدا حیزبوڵڵا هەزاران چەکداری رەوانەی سووریا کردووە، سەدان راهێنەری سەربازیی بۆ عێراق ناردووە و پشتگیریی مرۆیی و تەکنیکی پێشکەش بە حووسییەکانی یەمەن کردووە، لە ئەفغانستانیش بەتالیۆنێک لە چەکدارە شیعەکانی دروستکردووە کە ژمارەیەکی زۆریان لە سووریا شەڕیان کردووە، هەموو ئەو هەوڵانەش بۆ بەرەوپێشبردنی ئەجێندای ئێرانە لە ناوچەکەدا.

حیزبوڵڵای لوبنانی لە هەشتاکانی سەتەی پێشوودا بە پشتگیریی ئێران دامەزرا. ئێستاش ئەو گرووپە نەک باڵێکی سەرەکیی سوپای قودسی سەر بە پاسدارانی ئێرانە، بەڵکو بووەتە نموونەی ئەو گرووپەش کە ئێران لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا دەیەوێت دروستیان بکات.

وەکوو لە راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکیدا هاتووە "ئێران و حیزبوڵڵا تەواوکەری یەکدین. هەم حیزبوڵڵا و هەم ئێران دوو هێزی شیعە مەزهەبن لە ناوچەیەکدا کە زۆرینەی سوننین". بەڵام ئێران لەڕووی زمان و کولتووریشەوە لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە جیاوازە، ئەمەش ئەو کەلێنەیە کە حیزبوڵڵا دەتوانێت بۆ ئێرانی پڕبکاتەوە. لای حیزبوڵڵاش ئێران سەرچاوەی دابینکردنی پارەی ئەو تۆڕە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەیە کە لە پێش


شەڕی سووریا، حیزبوڵڵای لە گرووپێکی کلاسیکی پارتیزانییەوە گۆڕی بۆ گرووپێکی خاوەن ئەزموونی سەربازی

دامەزرانی باڵی سەربازیی حیزبوڵڵاوە لە لوبنان هەبوون، ئەوە جگە لەو هاوکارییە سەربازییەش کە سوپای پاسداران پێشکەش بە حیزبوڵڵای دەکات.

سەرەتای پلان و هاوکارییە ناوچەییەکانی ئێران و حیزبوڵڵا بۆ ساڵی 2003 و رووخانی رژێمی بەعسی عێراق دەگەڕێتەوە. ئەوکات ئێران داوای لە حیزبوڵڵا کرد یارمەتی میلیشیا شیعەکانی عێراق بدات خۆیان رێکبخەن، شەڕەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییش تۆڕی هاوکارییەکانی ئێران و حیزبوڵڵای بەرینتر کردەوە. هەمزە محەممەد، چەکدارێکی شیعەی عێراقیی بەشدار لە شەڕی حەلەب، بە رۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێت: "لە بەرەی پێشەوەی شەڕی حەلەبدا خەڵکی زۆر وڵاتی جۆراجۆر هەبوون، حیزبوڵڵا لەوێ بوو، پاکستانی، ئەفغانی و عێراقیشی لێبوون، ئێرانییەکانیش فەرماندەیی شەڕەکەیان دەکرد".

## شەڕێکی بێسنوور

لە چەند ساڵی رابردوودا سەرنجێکی تایبەتی خراوەتە سەر چەکدارە بیانییە سوننەکانی رێکخراوی وەکوو داعش و ئەلقاعیدە. بەڵام ئێران و حیزبوڵڵا لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا هەوڵێکی هاوشێوەیان هەبووە و چەکداری شیعەیان لە هەموو وڵاتانی شیعەنشینەوە کۆکردووەتەوە و لە ناوچە جەنگییەکاندا جێگیریان کردوون. لە ناو هەموو هێزەکانیشدا حیزبوڵڵا چالاکترین هێز بووە.

حوسێن عەللاوی، چەکداری میلیشیایەکی عێراقی، بە (نیویۆرک تایمز) دەڵێت، سەدان کەس لە هاوڕێکانی لە دەرەوەی عێراق کوژراون. لە گۆڕستانی نەجەف، عەللاوی پەنجە بۆ لای ژمارەیەک گۆڕ رادەکێشێت و دەڵێت: "ئەمانە لە سووریا بوون، خەڵکێکی زۆرمان لە سووریا گیانیان بەخشی". ئەو پێیوایە هیچکام لە راهێنەرە سەربازییەکان هێندەی فەرماندەکانی حیزبوڵڵا بەئەزموون نەبوون. ئێستا حیزبوڵڵا ئەو رۆڵە دەگێڕێت کە سەردەمانێک سوپای قودس خۆی بۆ پێگەیاندنی چەکداران و فەرماندەکانی حیزبوڵڵا گێڕابووی.

رۆژنامە ئەمریکییەکە لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری میلیشیا شیعەکانی عێراق قسەی کردووە کە هەندێکیان لە عێراق مەشقیان پێکراوە، هەندێکیشیان بۆ ماوەی 15 رۆژ رەوانەی کەمپەکانی مەشق لە ئێران کراون و ژمارەیەکیشیان لە لوبنان یان ئێران مەشقی زۆر پێشکەوتوویان پێکراوە. هەموو ئەو چەکدارانەی کە دیمانەیان لەگەڵ کراوە بۆ شەڕی نێوخۆیی سووریا ئامادەکراون.

یەکێک لەو چەکدارانە عەلی حوسێنە کە لە ئێران مەشقی پێکرا و دواتریش رەوانەی سووریا کرا، بۆ ماوەی مانگێک لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕی دژی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بەشداری کرد. عەلی دەڵێت "دەمەوێ درێژە بە جیهاد بدەم تاوەکوو ئەو کاتەی سەردەکەوین یان شەهید دەبم". لای میلیشیا شیعەکانی عێراق ئەو شەڕە شەڕی پیرۆزە.

حیزبوڵڵا تەنیا چەکداری لە عێراقەوە نەبردووەتە سووریا، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر چەکداریشی بۆ پاڵپشتی لە حەشدی شەعبی بۆ عێراق ناردووە. عەلی کەریم محەممەد، نیشانشکێنێکی عێراقی سەر بە حەشد دەڵێت لە یەکێک لە شەڕەکاندا کە داعش بەردەوام ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوی دەنارد، چەکدارانی حیزبوڵڵا بە چەکی دژە تانکەوە بە هانایانەوە هاتوون، بە گوتەی عەلی "هەموو کەس دەیانزانی ئەوان حیزبوڵڵایین".

## قوربانیدان بۆ ئەسەد

هەرچەندە فراوانبوونەوەی پانتایی چالاکییەکانی حیزبوڵڵای لوبنان بۆ شەڕی عێراق دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوە شەڕی سووریا بوو کە ستراتیژی گرووپەکە و رۆڵی ناوچەیی ئەو گرووپەی بە تەواوەتی گۆڕی. حیزبوڵڵا دەیزانی ئەگەر حکومەتی سووریا بکەوێت تاکە سپۆنسەر و پاڵپشتی عەرەبی خۆی و کەناڵی گواستنەوەی یارمەتییەکانی ئێران بۆ گرووپەکە لەدەست دەدات. ژمارەیەک بەرپرسی ئێرانی نزیک لە حیزبوڵڵا بە نیویۆرک تایمزیان راگەیاندووە "ئەو کات حەسەن نەسروڵڵا لەگەڵ بەرپرسانی سوپای پاسداران کۆبووەوە و بەڵێنی دا پشتگیری لە ئەسەد بکەن". لەو کاتەشەوە حیزبوڵڵا بەردەوام 8000 چەکداری لە سووریا هەبووە.

شەڕی سووریا لەلایەکەوە دەرگای ئەوەی لە حیزبوڵڵا کردەوە کە بنکەیەکی سەربازیی نوێ لە ناوچەکەدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساندن شانبەشانی سوپای وڵاتان (واتە ئێران، سووریا و رووسیا) شەڕ بکەن و لە گرووپێکی پارتیزانیی کلاسیکییەوە بۆ گرووپێکی خاوەن ئەزموونی سەربازیی نوێ بگۆڕدرێن. بەڵام ئەو شەڕە زیانی قورسی دارایی و مرۆییشی بە حیزبوڵڵا گەیاندووە، هەندێک چاودێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە 2000 چەکداری ئەو گرووپە لە شەڕی سووریادا کوژراون و 4000یش بریندار بوون.

## قەرەبووکردنەوەی تاران بە خوێن

لە 1979 و لە گەرمەی شەڕی نێوخۆی لوبناندا ئێران ژمارەیەک فەرماندەی سوپای پاسدارانی بۆ لوبنان نارد بۆ ئەوەی هێزە شیعەکانی لوبنان یەکبخات. حیزبوڵڵا بەرهەمی ئەو هەوڵەی ئێران بوو. شەڕی 34 رۆژەی حیزبوڵڵا لەدژی ئیسرائیل هێندەی دیکە پێگەی ئەو گرووپەی لە لوبنان بەهێز کرد، ئەو کات زۆر کەس پێیانوابوو وێرانکارییەکانی ئەو جەنگە سندوقی دارایی حیزبوڵڵا بەتاڵ دەکات، بەڵام جارێکی دیکە ئێران پشتگیری دارایی پێشکەش بە هەوڵەکانی حیزبوڵڵا و حکومەتی لوبنان کرد.

ئێستا ئێران پێویستی بە هەڵگرتنەوەی ئەو بەرەیە کە ماوەی زیاتر لە 30 ساڵە کار لەسەر پێگەیاندنی دەکات. سووریا، عێراق، یەمەن و لوبنان ئەو شوێنانەن کە ئێران دەیەوێت بە پاڵپشتی هێزێکی عەرەبیزمانی شیعەمەزهەب لێیانەوە دەستکاری سیاسەت و ئاسایشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات.

# ئدلیب.. ئامانجی داهاتووی شەڕی دژی تیرۆر

رووداو- هەولێر

لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا رووماڵی میدیایی شەڕی نێوخۆی سووریا لەسەر دوو خاڵی سەرەکی بووە، یەکەم: شەڕی نێودەوڵەتیی لەدژی داعش و دووەم: بەشداریی بەرفراوانی رووسیا لە جەنگی نێوخۆی سووریادا و رەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە لەسەر داهاتووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەم فۆکەسە میدیایی و سیاسییە وای کردووە رووداوەکانی پارێزگای ئدلیب و شەڕی نێوان هەیئەی تەحریری شام و ئەحراری شام لەبەر چاو ون ببێت، لە کاتێکدا ئامانجی داهاتووی ئەمریکا، تورکیا، ئێران و رووسیا لێدان لە گرووپەکانی سەر بە قاعیدە دەبێت کە گەورەترینیان هەیئەی تەحریرە.

لە مانگی تەمووزی 2017 وە، هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران) دەستی بەسەر هەموو ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای ئدلیب لەگەڵ تورکیا و هەموو شاری ئدلیبدا گرتووە کە چاوەڕێ دەکرێت وەکوو بنکەیەکی سەرەکی بۆ پێگەیاندنی چەکدارانی قاعیدەی لێبێت.

ئەو گرووپە لە یەکگرتنی ژمارەیەک گرووپی دیکە پێکهاتووە کە پێشتر پەیوەندییان بە بەرەی فەتحی شامەوە هەبوو، لەوانەش جەبهەی ئەنساری دین، لیوای حەق و جەیشی سوننە، ئوسوودی مەعرە و ئوسوودی ئیسلام. ئێستا هەیئەی تەحریری شام بە 30 هەزار چەکدارەوە گەورەترین گرووپی چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی سووریایە و دوو لەسەر سێی چەکدارەکانیشی لە پارێزگای ئدلیب جێگیرن.

وەکوو فابریس بالانش، شارەزای کاروباری سووریا لە پەیمانگای واشنتن دەڵێت، کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی نێوان سووریا و تورکیا لە پارێزگای ئدلیب وای کردووە هەیئەی تەحریری شام هاوکارییە مرۆییەکان و هەموو جۆرە بازرگانییەک لەگەڵ تورکیا بۆخۆی پاوان بکات. جگە لەمەش تورکیا ئەگەر بیەوێت هاوکاریی سەربازی بە گرووپە چەکدارەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بگەیەنێت، ناچارە پشت بەو سنوورە ببەستێ، ئەگینا ئەو گرووپانە ناچار دەبن بۆ مانەوەی خۆیان روو لە حکومەتی سووریا بکەنەوە.

کۆتایی مانگی رابردوو هەیئەی تەحریری شام رایگەیاند کە هەموو ئەنجومەنەکانی پارێزگای ئدلیبی کۆنترۆڵ کردووە، تورکیاش یەکسەر داوای کرد ئەنجوومەنێک لەو پارێزگایە دابمەزرێنرێت کە چاودێریی هاوکارییە مرۆییەکان و بازرگانیی سەر خاڵە سنوورییەکان بکات، بە پێچەوانەشەوە تورکیا یارمەتییە مرۆییەکانی خۆی رادەگرێت. بالانش پێیوایە "هەیئەی تەحریر دەزانێت تورکیا سەرکێشیی وا ناکات، چونکە بەم کارە سەدان هەزار ئاوارە و کۆچبەری دیکەی ئەو پارێزگایە لەسەر سنوورەکانی خۆی کۆدەکاتەوە".

## نیگەرانییەکانی تورکیا

توێژەرەکەی پەیمانگای واشنتن پێیوایە "هیچکام لە ئەکتەرە دەوڵەتییەکان نایانەوێت ئدلیب ببێتە کارگەی بەرهەمهێنانی چەکداری جیهادی". یەکێک لەو ئەکتەرانەش کە سنوورێکی درێژی لەگەڵ ئدلیب هەیە تورکیایە، کە مەترسیی هێرشی تیرۆریستی لەسەرە و بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکییەکانی ئەنقەرەش لە پارێزگایە هەڕەشەیان لەسەرە.

هەتا ئەم ساتەوەختەش ئامانجی سەرەکیی ئەنقەرە ئەوە بووە رێگە نەدات کیانێکی کوردیی یەکپارچە لە باکووری سووریا دروست ببێت، بەڵام بالانش جەخت لەوە دەکاتەوە کە رووداو و گۆڕانکارییەکانی ئدلیبیش لە دەرەوەی حیساباتی تورکیا نییە، چونکە دەتوانێت گۆڕانکارییەکانی ئەو پارێزگایە لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی کورد لە باکووری سووریا لێکبداتەوە. فابریس بالانش پێشبینی دەکات یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوە بێت تورکیا بە هێزی سەربازی هێرش بکاتە سەر پارێزگای ئدلیب.

## پلانێکی نێودەوڵەتی بۆ لێدانی هەیئەی تەحریر نییە

ئەبوو محەممەد جۆلانی، سەرکردەی هەیئەی تەحریری شام، دەزانێت پاش تێکشکاندنی داعش هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی و تەنانەت ئێران و رووسیاش رووی هێرشەکانیان لە گرووپەکەی ئەو دەکەن. زۆربەی مەزندە سەربازییەکان چاوەڕێ دەکەن ساڵێک یان دوو ساڵ بۆ ئەو رۆژە مابێت.

جۆلانی و قاعیدە دەزانن توانای سەربازیی ئەوەیان نییە بەرگەی هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بگرن، وەکوو چۆن داعشیش نەیتوانی بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک هەموو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی رابگرێت. خاڵێکی دیکە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، ئەوەیە کە ستراتیژی قاعیدە هەتا ئێستاش لە ستراتیژی داعش جیاوازە، ئەمەش بە روونی لە پەیامی ئەیمەن زەواهیری، سەرکردەی قاعیدەدا بۆ جیهادییەکانی شام دەردەکەوێت کە تێیدا گوتی: "فۆکەسی جیهاد لە شام دەبێ لەسەر شەڕی پارتیزانی بێت، نەک ئەوەی خۆتان بە گرتن و پاراستنی ناوچەکانەوە سەرقاڵ بکەن". ئەمە سیاسەتێکە پێشتر قاعیدە لە باکووری ئەفریقا، عێراق و ئەفغانستان تاقیکردووەتەوە و ئامانج لێی دروستکردنی بنکەیەکە بۆ کۆکردنەوەی ئەندام و چەکدار.

> پێشبینی دەکرێت ئەو شەڕە دەیان هەزار کۆچبەری نوێ رەوانەی تورکیا و ئەوروپا بکات

لە رەوشێکی ئاوادا کە قاعیدە دەتوانێت وەکوو مەترسییەکی درێژخایەن بۆ سەر سووریا و هەموو ناوچەکە دەربکەوێتەوە، کێشەی سەرەکی ئەوەیە ئایا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە تایبەتیش ئەمریکا و تورکیا، هیچ پلانێکیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی لقی سەرەکیی قاعیدە لە سووریا هەیە؟

تاکە هێزێکی لۆکاڵی کە توانیبای ململانێ لەگەڵ هەیئەی تەحریر بکات، گرووپی ئەحراری شام بوو کە لەلایەن تورکیا و قەتەرەوە پشتگیریی دەکرێت و وڵاتانی رۆژئاواییش گومانی ئەوەیان هەیە ژمارەیەک سەرکردەی توندئاژۆی ئیسلامی لە پشت پلان و ستراتیژەکانی ئەو گرووپە بن، بەڵام ئێستا ئەو گرووپەش بە کردەوە لە بەرامبەر هەیئەی تەحریردا شکستی هێناوە. سەرکەوتنی چەکدارەکانی جۆلانی لەو پارێزگایەش مەشروعییەتێکی نێودەوڵەتی بە هێزەکانی لایەنگری حکومەت دەدات هێرشی نوێ بۆ سەر پارێزگای ئدلیب رێکبخەن، بەوەش گرژی و ئاڵۆزییەکی زۆر لەسەر سنوورەکانی تورکیا و سووریا دروستبکەن.

ئەیمەن جەواد ئەلتەمیمی، لێکۆڵەری کاروباری سووریا لە کۆڕبەندی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێیوایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی لەدایکبوونی بنکەی تیرۆر لە ئدلیب دوو رێگا هەیە، یەکەمیان تورکیا دەستتێوەردانی سەربازیی بکات یان لە رێگەی چەکدارانی ئەحرارەوە گورزی کوشندە لە هەیئە بدات. تەمیمی بە دووری دەزانێت تورکیا ئامادە بێت لە داهاتوویەکی نزیکدا و بە تەنیا ئەو هەنگاوە بنێ.

رێگای دووەم ئەوەیە رێگە بە هێزەکانی سەر بە حکومەتی سووریا بدرێت هێرش بکەنە سەر ئدلیب، تەمیمی بەدووری دەزانێت هێزەکانی لایەنگری حکومەت لەم قۆناغەی ئێستای شەڕدا ئامادە بن دەست بەو هەڵمەتە بکەن، لەبەر ئەوەی فۆکەسی سەرەکیی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لەسەر لێدانی چەکدارانی داعشە لە رۆژهەڵاتی سووریا "تاوەکوو بتوانن هەم سەرچاوە سروشتییەکانی ئەو ناوچەیە بگەڕێننەوە بۆ حکومەت و هەمیش ناوچە سنوورییەکانی نێوان سووریا و عێراق بگەڕێننەوە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سووریا".

تەمیمی جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "پێناچێت لە درێژخایەندا حکومەت و هەیئە لە رێگەی دانوستاندنەوە لەسەر کۆمەڵێک خاڵ رێکبکەون". تورکیا و رۆژئاواش بە نیگەرانییەوە لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ گرتنەوەی ئدلیب دەڕوانن، چونکە ئەو شەڕە دەستپێکێکی نوێ دەبێت بۆ شەڕی نێوان شیعە و سوننە لە ناوچەکەدا و دەکرێت هەزاران چەکداری بیانیی نوێ پەلکێشی سووریا بکات و دەیان هەزار کۆچبەری دیکەش رەوانەی تورکیا و ئەوروپا بکات.


ئێستا هەیئەی تەحریری شام بە 30 هەزار چەکدارەوە گەورەترین گرووپی چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی سووریایە

شەڕێک بە خوێنێکی کۆن دەژی

# ڕەگوڕیشە مێژووییەکانی شەڕ و کوشتاری بۆرما

ڕووداو- هەولێر

موسوڵمانانی ڕوهینگیا بە چەوساوەترین گەلی جیهان ناسراون و لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا دەیان هەزار کەسیان لێ ئاوارە بووە، ئەمەش دوای ئەوەی ڕۆژی 25ی ئاب ژمارەیەک چەکدار هەڵیانکوتایە سەر چەند بنکەیەکی پۆلیس لە ویلایەتی ڕاخین لە ڕۆژئاوای بۆرما. لە ڕۆژی یەکەمی پێکدادانەکاندا 71 کەس کوژران.

هێرشەکەی کۆتایی مانگی ڕابردوو چەند کاژێرێک دوای ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی ڕاوێژی ڕاخین بە سەرکردایەتی کوفی ئەنان، ئەمینداری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان هات کە تێیدا داوا دەکات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە قووڵەکانی بۆرما و دانیشتووە موسوڵمانەکانی ڕاخین، ڕەوشی ئابووری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ویلایەتەکە باشتر بکرێت.

## هێرشبەرەکان کێن؟

لە هێرشەکەی شەوی 25ی ئابدا 150 چەکدار گەمارۆی 24 بنکەی پۆلیسیان دا، لە تشرینی دووەمی 2016 وە ئەوە یەکەمجار بوو هێرشێکی بەرفراوانی لەو جۆرە بکرێتە سەر هێزە ئەمنییەکانی بۆرما. چەکدارەکان سەر بە سوپای ڕزگاریی ڕوهینگیای ئاراکان بوون کە بە (ئارسا) ناسراون و لەساڵی 2013 وە مەشق بە ئەندامانیان دەکەن. یەکەم هێرشی ئەو گرووپە لە تشرینی یەکەمی 2016 دا بوو کە تێیدا نۆ پۆلیس کوژران.

گرووپی ئارسا کە پێشتر بە حەرەکەتی یەقین ناسرابوون، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پشتگیری لە مافەکانی گەلی ڕوهینگیا دەکەن. حکومەتی بۆرماش گرووپی ئارسا بە گرووپێکی تیرۆریستی دەزانێ و دەڵێت سەرکردەکانی ئەو گرووپە لە وڵاتانی دەرەوە مەشقیان پێکراوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتیش، سەرکردەکانی ئەو گرووپە لە سعودیە دەژین و عەتائوڵڵا ئەبوو عەممار جونجونی، سەرکردەی ئارسا، لە پاکستان لەدایکبووە و لە سعودیە ژیانی بەسەر بردووە.

گوتەبێژی گرووپەکە لە دیمانەیەکی (ئەیژە تایمز)دا ڕەتیدەکاتەوە ئارسا پەیوەندی بە تۆڕی گرووپە جیهادییەکانی جیهانەوە هەبێت و دەڵێت: "پێویستە مافەکانی ئێمە وەکوو گرووپێکی ئێتنیکی لە بۆرما بسەلمێنرێ. هەتا ئەو کاتەی بە مافەکانمان نەگەین درێژە بە خەبات دەدەین".

حکومەتی بۆرما ئامادە نییە مافی هاووڵاتیبوون بە دانیشتووە موسوڵمانەکانی ویلایەتی ڕاخین بدات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە دانیشتووە موسوڵمانەکانی ئەو ویلایەتە کرێکاری بەنگلادیشی و هیندین و لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆڵۆنیاڵیی بەریتانیادا ڕوویان لەو وڵاتە کردووە.

## ڕەگوڕیشەی مێژوویی کێشەکە

دەسەڵاتی کۆڵۆنیاڵیی بەریتانیا لە بۆرما کۆمەڵگەی بوودی و کەسایەتییە ئاینییەکانی بۆرمای ڕاچڵەکاند. یەکەم هەنگاوی دەسەڵاتی بەریتانییەکان لەو وڵاتە جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت و تێکدانی ئابووریی گوندەکان بوو. هەردوو ئەو هەنگاوەش لەدژی بەرژەوەندیی ڕاهیبە بوودییەکان بوو کە داهاتێکی دارایی باشیان لە ڕێگەی پەروەردەکردنی منداڵی خەڵک و وەرگرتنی باجەوە لە جووتیاران بەدەست دەهێنا.

دەسەڵاتی کۆڵۆنیاڵی زۆربەی پۆستە گرنگەکانی حکومەتی بە هیندی و بە موسوڵمانەکان بەخشی، لەلایەکی دیکەشەوە هاتوچۆی کرێکارانی پاکستانی، بەنگلادیشی و هیندی بۆ بۆرما شتێکی ئاسایی بوو، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو ناوچانە بەشێک بوون لە کۆڵۆنیاڵیی بەریتانی. گواستنەوەی دەسەڵاتی ئابووری بۆ هیندییەکان و گۆڕانە دیمۆگرافییەکان ناکۆکیی بۆرمایییەکانی لەگەڵ هیندییەکان و موسوڵمانەکان زیاتر کرد.

ئەو ناکۆکییانە لە ساڵانی 1930 و 1938 تۆخ بوونەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی موسوڵمانێکی هیندی کتێبێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا سووکایەتی بە ئاینی بوودایی کردبوو. ئەوکات ڕاهیبە بوودیستەکان داوایان کردبوو نووسەرەکە سزا بدرێت، یان ئەوەتا موسوڵمانەکان وەکوو دوژمنی ژمارە یەکی خۆیان دەبینن.

پەیوەندیی قووڵی نێوان ئاینی بوودایی و بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی بۆرما بۆ ئەو سەردەمە کۆڵۆنیاڵییە دەگەڕێتەوە. وەکوو لە دوایین ڕاپۆرتی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتیدا هاتووە، لە ساڵانی دەسەڵاتی بەریتانییەکاندا "بزووتنەوە دژە - کۆڵۆنیاڵی زۆربەی جاران فۆکەسیان لەسەر پەروەردەی ئاینی و مەدەنی بوو، نەک کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری هەڵمەتێکی تەواو سیاسی". بە مانایەکی دی لەو کاتەوە ئاین و پەروەردەی ئاینی وەکوو پێکهاتەیەکی بەخشینی شەرعییەتی لێهات بە گوتاری ناسیۆنالیستیی بۆرمایییە بوودایییەکان.

ئاسەواری ئەم دیاردەیە هەتا ئێستاش بە ڕوونی لەناو بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی بۆرمادا دەبینرێت، دوایین نموونەشیان پشتگیریی ئەنجوومەنی پارێزگاریکردن لە نەژاد و ئاینی بۆرما (ناسراو بە ماباسا) یە لە "قوتابخانەکانی داما" کە قوتابخانەی تایبەت بە وانەکانی بوودیزمە.

> بوودییەکانی بۆرما هەوڵدەدەن پەرە بەو بیرۆکەیە بدەن کە ئیسلام لە کرۆکی خۆیدا توندئاژۆیە و مەترسییە بۆسەر ئایینەکانی دیکەی ناوچەکە

بەپێی ڕاپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی "هەتا ئێستاش قوتابخانە سێکولارەکانی بۆرما لە پەروەردەی مەدەنیی قوتابیاندا پشت بە بەهاکانی بوودیزم دەبەستن".

یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی کە هەستی نەتەوەپەرستی لای بوودایییەکانی بۆرما بەهێز کرد، شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتی ئیداری بوو لەلایەن بەریتانییەکانەوە. بەپێی بڕیاری حکومەتی کۆڵۆنیاڵ، هەر ناوچەیەک لەلایەن سەرکردەکانی ئەو ناوچەیەوە ئیدارە دەکرا، ئەمە وایکردبوو بوودیستەکان هەست بکەن ناوەند (کە خۆیان تێیدا زۆرینەی ڕەها بوون) دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بەسەر ناوچەکانی دیکەدا نەمێنێ. ئەمەش وەکوو سەرەتایەک بۆ لەناوبردنی بۆرمای یەکگرتوو و دروستبوونی شوناسی ئەتنی و ئاینیی سەربەخۆ ببینن. ڕاپۆرتەکەی گرووپی قەیران پێیوایە سووربوونی بوودایییەکانی بۆرما لەسەر دروستکردنی وڵاتێکی یەکڕەنگ و خۆڕاگریی جڤاتەکانی دیکە لەبەردەم ئەم هەوڵە، پاڵنەری سەرەکیی حەوت دەیە شەڕ و ئاڵۆزیی نێوخۆی بۆرما بووە.

## پاڵنەرە هەنووکەیییەکان

قۆناغی گواستنەوە یان گۆڕانی سیستەمی سیاسیی بۆرما لە 2011 وە دەستپێدەکات. بەپێی ئەو گۆڕانکارییەش دەسەڵاتی بۆرما بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاو لە دەستی فەرماندە سەرکوتکەرەکانی بۆرماوە بۆ دەسەڵات و دامەزراوە مەدەنییەکان دەگوازرێتەوە. لەو قۆناغەدا بەهۆی کرانەوەی سیاسییەوە، مەودای ئازادیی ڕادەربڕین و چالاکییە مەدەنییەکان بەرین بوونەتەوە، لەگەڵ ئەم کرانەوە سیاسییەدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بوارێکی گەورەیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەجێندا و دروشمی گرووپە دژبەیەکەکان کردەوە. ئەم گۆڕانکارییە سیاسی و تەکنەلۆژییانە یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ بوودیستە ناسیۆنالیستەکان تاوەکوو ئەجێندای خۆیان لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتر بڵاو بکەنەوە.

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی ئاماژە بە سێ فاکتەری سەرەکی دەدات کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا پاڵنەری سەرەکیی ڕق و قینی بوودیستەکان بەرامبەر موسڵمانان بووە.

**یەکەم:** نیگەرانییە دیمۆگرافییەکان. زۆرینەی بوودیستەکانی بۆرما پێیانوایە ئەگەر ئەوان پارێزگارییان لە ویلایەتی ڕاخین نەکردبایە، ئێستا بەهۆی هێرشی موسوڵمانە بەنگالەکانەوە هەموو بۆرما دەبوونە موسوڵمان.

**دووەم:** نیگەرانییە ئابووری و کولتوورییەکان. بەشی زۆری ئەو کۆچبەرانەی لەسەردەمی دەسەڵاتی کۆڵۆنیاڵییەوە هاتوونەتە بۆرما، پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ خەڵکانی ئەودیوی سنوور پاراستووە و بوودیستەکانیش ئەوان تۆمەتبار دەکەن بەوەی قازانجە دارایییەکانی بازرگانیی خەڵکی ئەو ناوچەیە هەر لە نێوان خەڵکانی هەردوو دیوی سنوورەکاندا دەمێنێتەوە.

**سێیەم:** بزوێنەرە ناوچەیییەکان و ناکۆکیی نێوان موسوڵمان و بوودییەکانی هەموو ناوچەی باشووری ئاسیا. بۆرمایییەکان بڕوایان وایە دەبێ بوودییەکانی تایلاند بەشێک بن لەو بزووتنەوە دژە - ئیسلامییەی لە بۆرما هەیە، لەبەر ئەوەی موسوڵمانەکان مەترسین بۆ سەر بوودییەکانی هەموو ناوچەکە، نەک هەر بوودییەکانی بۆرما.

بوودییەکانی بۆرما هەوڵدەدەن پەرە بەو بیرۆکەیە بدەن کە ئیسلام لە کرۆکی خۆیدا توندئاژۆیە و مەترسییە بۆ سەر ئایینەکانی دیکەی ناوچەکە. لەبەرامبەریشدا بوودیسم ئاینێکە لە بنەڕەتدا ئاشتیخوازە، ئەم تێڕوانینە وای کردووە بوودییەکان پێیانوابێت بەکارهێنانی توندوتیژیی بەرفراوان لە دژی موسوڵمانەکانی بۆرما (بە موسوڵمانە ڕەسەنەکانی بۆرمایشەوە) کارێکی ڕەوایە و ئەمە وەکوو هۆکارێک بۆ تۆقاندنی دانیشتووە بوودییەکان لە موسوڵمانەکان بەکاردەهێنن و ڕای گشتیی بوودییەکانی پێ ئاراستە دەکەن.


بوودیستەکانی بۆرما دەڵێن ئەگەر بەرگریی ئەوان نەبووایە ئێستا بەهۆی هێرشی موسوڵمانە بەنگالەکانەوە هەموو بۆرما ببوونە موسوڵمان

# لە ئیندۆنیسیا قوتابخانەکان شەڕڤان بۆ داعش ئامادە دەکەن

ڕووداو- هەولێر

تەمەنی تەنیا 11 ساڵ بوو کاتێک بە باوکی گوت کە بەیعەتی بە داعش داوە و دەیەوێ واز لە قوتابخانە بهێنێ و بچێتە سووریا بۆ "جیهاد". چەند مانگ دواتر، هاتف سەیفولڕەسول لەسەر ڕوخسەتی باوکی، لەگەڵ هەندێک گەنجی خزمی خۆی ڕووی کردە سووریا و لەوێ لەگەڵ گرووپێکی فەرەنسی لە چەکدارانی داعش دەستی بە مەشق کرد. دوای ساڵێک لە شەڕی نێوخۆی سووریادا کوژرا.

سەیف ئەلئەنام، باوکی هاتف، لە یاداشتێکی 12 هەزار وشەییدا باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە هاتف لە گرتووخانە هاتبووە لای و باسی نیازی خۆی بۆ کردبوو. لە بەشێکی یاداشتەکەیدا هاتووە: "سەرەتا وەڵامم نەدایەوە، چونکە وامزانی نوکتەیەکی منداڵانەیە، بەڵام دواتر بینیم سوورە لەسەر نیازی خۆی".

هاتف بەر لە چوونی بۆ سووریا، لە قوتابخانەی ئیبن مەسعود دەیخوێند کە بە گوێرەی یاداشتەکەی سەیف "لەلایەن کۆمەڵێک براوە ئیدارە دەکرا کە لەگەڵ خۆمان سەر بە هەمان بیرکردنەوە بوون". باوکی هاتف بە تۆمەتی پەیوەندی و لایەنگریی داعش لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئیندۆنیسیاوە دەستگیر کرابوو. دیدارەکەی نێوان هاتف و باوکی لە کاتی پشووی قوتابخانە بووە، سێ بەرپرسی ئەمنیی ئیندۆنیسیاش بۆ ئاژانسی (ڕۆیتەرز)یان پشتڕاست کردووەتەوە کە هاتف چووەتە سووریا.

لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە، ئیندۆنیسیا گەورەترین وڵاتی ئیسلامییە لە جیهاندا. هەرچەندە زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە پەیڕەوی لە ڕەوتێکی ئیسلامیی میانڕەو دەکەن، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان توانیویانە شوێنی خۆیان لەناو دانیشتووانی ئەو وڵاتەدا بکەنەوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆیتەرز، 1200 کەس لەم وڵاتەدا لایەنگر و ئەندامی داعشن و 500 کەسی ئیندۆنیسی تا ئێستا چوونەتە ڕیزەکانی داعش لە سووریا.

یەکێک لەو شوێنانەی ئەندام بۆ داعش پێدەگەیەنێت قوتابخانەی ئیبن مەسعودە. بەپێی بەدواداچوونێکی ئاژانسە بەریتانییەکە، 12 کەس لەو قوتابخانەیە چوونەتە سووریا کە هەشت کەسیان مامۆستا و چواریشیان قوتابی بوون. جگە لەمە 18 کەس لە کەسانی پەیوەندیدار بە قوتابخانەی ئیبن مەسعود لەژێر لێکۆڵینەوەدان و تۆمەتبارن بەوەی پلانی هێرشی گەورەیان لە ئیندۆنیسیا هەبووە.

لە ئیندۆنیسیا نزیکەی 30 هەزار قوتابخانەی ئایینی هەن کە بە پیسانتری (شوێنی قوتابیان) ناسراون. بە گوێرەی بەرپرسانی ئەمنیی ئیندۆنیسیا، ژمارەیەک لەو قوتابخانانە پەیوەندییان بە گرووپە توندئاژۆکانەوە هەیە، یەکێک لەوانیش قوتابخانەکەی هاتفە کە ماوەی یەک دەیەیە کراوەتەوە.

پیسانترییەکان مێژوویەکی کۆنیان لە ئیندۆنیسیا هەیە و دوای نوێبوونەوەی سیستەمی پەروەردەی ئەو وڵاتەش توانییان درێژە بەکاری خۆیان بدەن، بە تایبەتی لەو شوێنانەی خەڵکی هەژار و ناوچە دوورەدەستەکان ناتوانن منداڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە فەرمییەکان بکەن. وەکوو بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەی ئیندۆنیسیا ئاماژەی بۆ دەکەن "کێشەکە بەستانداردکردنی میتۆدی خوێندنە لەو قوتابخانانەدا".

ئاژانسی دژەتیرۆری ئیندۆنیسیا پێیوایە هەڵەکە بۆ وەزارەتی کاروباری ئاینی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان وەزارەتەکەیان لە کێشەکانی ئەو قوتابخانانە ئاگادار کردووەتەوە. وەزارەتی کاروباری ئاینیی ئیندۆنیسیاش بە (ڕویتەرز)ی ڕاگەیاندووە "ناوی ئیبن مەسعود لە وەزارەتەکەی ئەوان تۆمار نەکراوە".

جومادی، گوتەبێژی قوتابخانەکە پشتڕاستی دەکاتەوە کە ناویان لای حکومەت تۆمار نەکراوە و مەنهەجی پەروەردەیی خۆیان بۆ حکومەت نەناردووە، بە گوتەی خۆی "ئێمە فۆکەسمان لەسەر لەبەرکردنی قورئان و حەدیسە، قوتابییەکان فێری زمانی عەرەبی و مێژووی ئیسلام دەکەین".

قوتابخانەی ئیبن مەسعود لە گوندی سوکاجایا لە داوێنی چیای بورکاناویی سەلاکە و تەنیا 90 کیلۆمەتر لە جاکارتای پایتەختی ئیندۆنیسیا دوورە. ئیبن مەسعود 200 قوتابی هەیە کە لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەستپێدەکات و هەتا قۆناغی دواناوەندیش درێژ دەبێتەوە. لەو قوتابخانەیەدا منداڵان جلی عەرەبییان لەبەرە و کچانی تەمەن پێنج ساڵ ناچار دەکرێن لەچک لەسەر بکەن.

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی دەستی (ڕۆیتەرز) کەوتوون، قوتابخانەی ئیبن مەسعود یەکەمجار لە 2007 لە شارۆچکەی دیپۆک لە نزیک جاکارتا دانراوە. عەممان عەبدولڕەحمان، دامەزرێنەری قوتابخانەکە، ئێستا بە تۆمەتی پشتگیری لە بیری توندئاژۆیی لە گرتووخانەیە. سێ کەس لە یاریدەدەر و جێبەجێکارانی پڕۆژەکەش بە تۆمەتی دروستکردنی بنکەیەکی چەکداری لە پارێزگای ئاچێ لە 2009 وە دەستگیرکراون.

لە بەڵگەکانی دادگایی عەممان‌دا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێت کە دولمەتین (یان عەبدولمەتین)، بەرپرسی کۆمەڵی ئیسلامیی ئیندۆنیسیا، لە سەردەمی خۆشاردنەوەیدا ماوەیەک لە ئیبن مەسعود مابووەوە. دولمەتین تۆمەتبار بوو بەوەی پلانی هێرشەکەی سەر دوورگەی بالی داڕشتبوو کە تێیدا 202 کەس کوژران. عەبدولمەتین لە 2010 لە هەڵمەتێکی پۆلیسدا کوژرا.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز)، خەڵکی گوندەکە هەست بە ئاسوودەیی ناکەن، لەبەر ئەوەی هەرکاتێک هەڕەشەیەکی تیرۆریستی لە وڵاتدا هەبێت، پۆلیس دەستبەجێ دەچنە سەر گوندەکەی ئەوان. بەرپرسانی قوتابخانەکەش دەڵێن "ئەگەر ناچار بکرێین بڕۆین، ئەوە بیر لە شوێنێکی دیکە دەکەینەوە".

هاتف لە ئەیلولی 2016 لە ئاکامی هێرشێکی ئاسمانیدا کوژرا. باوکی لە یاداشتەکانیدا بە "جیهادییەکی بچووک" ناوی دەبات کە دوو مانگ بەر لەوەی 12 ساڵ تەواو بکات، لە سووریا کوژرا.

لە مانگی ئایاری ئەمساڵ و ڕێک لەو کاتەدا کە داعش لە عێراق و سووریا لە پاشەکشێی خێرادا بوو، ژمارەیەک چەکداری ئەو گرووپە توانییان دەست بگرن بەسەر شاری مەراوی لە فلیپین، لە دوای ئەو هێرشەوە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ناتوانن دەستەوسان دانیشن و تەماشای چوونی منداڵ و گەنجە توندئاژۆکان بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەن.


500 ئیندۆنیسی چوونەتە ڕیزەکانی داعش لە سووریا



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# هێنانەوەی داعش بۆ عێراق

لە یەکەم رۆژی هێنانی داعشەوە بۆ عێراق، گومانی ئەوە دەکرا لە ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە جۆرێک لە کارئاسانی هەبوو بۆ ئەوەی داعش دەستبگرێت بەسەر چەک و جبەخانە سەربازییەکانی سوپای عێراق و ئەو بەندیخانانەی پڕبوون لە کەسانی توندڕەو، هەروەها هەست بەجۆرێک لە رێخۆشکردن دەکرا بۆ ئەوەی داعش دەست بەسەر تەواوی ناوچە سوننییەکانی عێراقیشدا بگرێت. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەردوو ئەو ئامانجە بەدی هاتن، کەلوپەلی سەربازی و جبەخانەکانی چەندین فیرقەی سوپا کەوتنە دەستی داعش و لە کەمتر لە هەفتەیەکدا قفڵی چەندین زیندانی پڕ لە گەنجی توندڕەو کە پێشتر لەلایەن ئەمریکا و عێراقەوە خرابوونە بەندیخانەوە، بەدەستی داعش شکێنران و هەر چوار پارێزگا سوننەنشینەکەی (نەینەوا، سەلاحەدین، دیالە، رومادی) لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵ کران و خەلافەتیان تێدا راگەیاند.

لە ئاستی ناوخۆ و تەنانەت ناوەندە نێودەوڵەتییەکانیش، هەست بەو سیناریۆیە دەکرا و زۆری لەبارەوە گوترا، هەندێک گومانیان دەخستە سەر وڵاتانی سوننەی ناوچەکە، هەندێک نووری مالیکییان تۆمەتبار دەکرد، هەبوون پێیانوابوو سیناریۆی دەزگای هەواڵگریی وڵاتە زلهێزەکانە، هەبوون دەیانگوت دەستی ئیسرائیلە، دەستی تورکیا و قەتەر و کوردستانە. گومانەکان بە ئەندازەیەک بوون، تەنانەت ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لیژنەی بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێنا و گەیشتن بەو ئەنجامەی لە ئاستی زۆر باڵادا کارئاسانی بۆ داعش کراوە. بەڵام ئەوەی روون نەبوو، ئامانجە شاراوەکانی پشتەوەی بوو. بۆچی داعش هێنرا بۆ عێراق؟ بۆچی لە عێراق خەلافەتەکەیان راگەیاند؟ بۆ تەنها ناوچە سوننیەکانیان کۆنترۆڵ کرد؟ بۆچی سوپا بەرکەنار خرا و حەشدی شەعبی بەخێرایی پێکهات و تا ئەندازەیەک بووە شوێنگرەوەی سوپا؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تری هاوشێوە، وەڵامەکانیان لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی وردی لێکەوتە و دەرئەنجامەکانی شەڕی داعشەوە دەستەبەر دەبن.

ئەگەر خاوەنی راستەقینەی داعش نادیاریش بێت، بەڵام ئەوە روونە کە چەندین دەوڵەت بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ داعش گرێدا و سوودی یەکجار زۆریان لەو رێکخراوە بینی. ئەمریکا، ئەورووپا، رووسیا و ئێران ئەو لایەنانەن کە داعش بۆیان بوو بەخێر و هەریەکە و بەشێک لە ستراتیژی خۆیان لەرێگەی ئەم گرووپەوە لەم ناوچەیە بەجێگەیاند. هەرچەندە داعش بە رووکەش و بە سیما و خەسڵەتەکانی، وەک ئامانجێکی سوننەی عەرەب دەرکەوت، لە دۆخێکیشدا هاتە ناوچەکانی سووریا و عێراق کە بۆشاییەکی گەورە لە نوێنەرایەتیکردنی سوننەدا هەبوو، بۆیە زوو ئەو وێنایە لەمێشکی زۆرینەی خەڵکدا دروست بوو کە وەک فریادڕەسی سوننە خەڵکەکە بە پیرییەوە چوون و تەواوی ناوچەکانی سوننەی کۆنترۆڵ کرد. بەڵام دەرئەنجام و لێکەوتەکانی هاتنی ئەم گرووپە، وێنایەکی پێچەوانەی دەرخست کە ئەگەر حەقیقەتی داعشیش پرۆژە و ئەجندایەکی سوننەی عێراق و ناوچەکە بووبێت، بەڵام بە ئەندازەی ئەوەی بەشێک بووبێت لە پرۆژە و ستراتیژیەتی شیعە، خزمەتی بە ئەجندای شیعە کرد.

داعش وەک موگناتیس تەشەیوعی بەدوای خۆیدا پەلکێشی ناوجەرگەی دەسەڵاتی سوننە کرد، پێگەی دەسەڵاتی شیعەی لە عێراقدا بەهێز کرد، دەسەڵاتی شیعەگەرایی سووریای لە رووخاندنێکی حەتمی پاراست و تەمەنی درێژ کردەوە. هەژموونی ئێرانی وەک چەترێک راکێشا بەسەر تەواوی ناوچەکەدا. دەرفەتی دروستکردنی هێزێکی شیعی وەک شوێنگرەوەی سوپای عێراق رەخساند کە لە حەقیقەتدا هێزێکی شیعی ناوچەییە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی شیعە لە هەموو ئەو وڵاتانەی شیعەیان تێدا دەژین نەک تەنها لە وڵاتێکی دیاریکراو. واتا ئەگەر داعش پرۆژەی سوننەش بووبێت، سەرئەنجام توانرا بەو جۆرە بەکارببرێت کە ببێتە پرۆژەیەک بۆ لێدان لە سوننە لە عێراق و سووریا و لە داهاتووشدا لە تەواوی ناوچەکە، چونکە هێشتا داعش ئامانجەکانی بەتەواوی بەدی نەهێناوە و قۆناغی گرنگتر لە دواوەیە.

ئەوەی لە دوو هەفتەی رابردووشدا روویدا (رێککەوتنی نێوان حیزبوڵڵای لوبنان و رژێمی سووریا و داعش بە ئاگاداریی ئێران و حەشدی شەعبی)، بۆ هێنانەوەی چەکدارانی داعش لە لوبنانەوە بۆ سنوورەکانی عێراق و سووریا، بۆ زۆرینەیەک کە رووکەشانە لە ناسنامەی داعش گەیشتبوون، شۆک بوو، بۆ ئەوانەش کە بەدەرئەنجامی کارەکان داعشیان هەڵدەسەنگاند، دڵنیابوونەوەی زیاتر بوو لەوەی داعش لەلایەن ئێرانەوە بەکاردەبرێت بۆ ئامانجە ستراتیژییەکانی. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هێنایاننەوە بۆ سنوورەکانی عێراق و ئامانجە شاراوەکەی ئەم رێککەوتنە چین؟

پێکهێنانی حەشدی شەعبی لە رۆژانی یەکەمی هاتنی داعشدا، بۆ راماڵینی ناوچە سوننییەکان بوو بە پاساوی دەرکردنی داعش. بەڵام بەهۆی ئەوەی لە سەرەتاوە کاردانەوەیەکی زۆر هەبوو کە ئەم هێزە تائیفیە و دەبێتە هۆی بەرپاکردنی جەنگێکی گەورەی هەرێمایەتی، چاوی زۆر لەسەر رەفتارەکانیان بوو، تەنانەت لە هەندێ ناوچەدا وەک پێویست رێگەی بەشداریی شەڕیشیان پێ نەدان. بەڵام کاتێ لە شەڕی رزگارکردنی مووسڵ ئەو رۆڵەیان بینی کە لەپێناویدا دروست بوون، بەشی هەرە زۆری شارەکەیان لەگەڵ زەویدا تەخت کرد و بە هەزاران کەسی سوننەیان بەرێگەی جۆراوجۆر لەناوبرد، بینییان نە کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان و نە ناڕەزایی وڵاتانی سوننەی ناوچەکە بەو جۆرە نین کە پێشتر ئەمان لێی دەترسان. بۆیە سەرلەنوێ دەستیان بۆ کارتی داعش بردەوە.

سەرباری ئەوەی بەشی زۆری ناوچە سوننییەکان لە هەرسێ پارێزگاکەی تر (رومادی و دیالە و سەلاحەدین) بە بلدۆزەر تەختکراون، بەڵام سەنتەری شارە گەورەکان هێڵدراونەتەوە. ئەوەی لە مووسڵ روویدا و چووە سەر، ئەو مەیلەی لای شیعەکان دروستکرد کە پێویستە ئەو پارێزگایانەی تریش هاوشێوەی مووسڵ دەرفەتی ژیانیان تێدا نەهێڵدرێت. هێنانەوەی داعش بەرێککەوتن لەگەڵ حیزبوڵڵا و سووریا، بۆ ئەوەیە داعش بهێننەوە ناوچە سوننییەکانی عێراق و بەشێوەی گرووپی بچووک بچووک بیانخزێننەوە ناو پارێزگاکانی رومادی و دیالە و سەلاحەدین، تا بە پاساوی دەرکردنی داعش ئەمجارە ئەوانیش لەگەڵ زەوی تەخت بکرێن.

ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەی کوردەوە هەیە لەم هاوکێشەیەدا، لانیکەم لە قۆناغی یەکەمدا ئەوەیە کە رەوێکی ئاوارەی عەرەب روو دەکەنەوە ناوچەکانی کەرکووک و گەرمیان و شارەکانی هەرێمی کوردستان و پێچەوانەی ئەو لێشاوەی سێ ساڵی رابردوو، ئەمجارە دەرفەتی گەڕانەوەیان نامێنێ بۆ ناوچەکانی خۆیان، دەبنە مەترسی لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای بەشێک لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. هیچ دووریش نییە لە قۆناغی دوای ئەوەدا بەغدا جۆرێک مامەڵە بکات کە ئەم ئاوارە عەرەبانە بکاتە سەرئێشەی گەورە بۆ کوردستان، وەک چۆن لە رابردووا کێشەی کورد هەبوو لە عێراق، بۆ داهاتوو کێشەی عەرەب دروستبکەن لە کوردستان.

هیچ دووریش نییە دوای پاکتاوی سوننە لە عێراق، کورد بکەنە ئامانجی خۆیان و داعش بهێننەوە سەرمان، بۆیە گرنگە تا دۆخەکە نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغە، کوردستان بەدوای دەروازەکانی ماڵجیایی خۆیدا بگەڕێت و تا دەگاتە دۆخی دڵنیایی و لەسەرڕێی وەستانی خۆی، کوردستان بکاتە شوێنی بەرژەوەندیی زلهێزەکانی دونیا، بەو مانایەی دەستبردن بۆ کوردستان دەستبردن بێت بۆ بەرژەوەندیی وڵاتە گەورەکان. رەنگە ئەمە تەنها رێگە بێت بۆئەوەی کوردستان بپارێزێت لە ململانێ و هەژموونگەرایی شیعە و سوننەی ناوچەکە.



رێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# کێن ئەوانەی دژی گشتپرسین؟

## "نەخێرگوتن بە رێفراندۆم" و "نەخێرگوتن لە رێفراندۆمدا" دوو شتی جیاوازن!

"نەخێرگوتن بە رێفراندۆم" رێگاکەی بایکۆتکردنی رێفراندۆمە. ئەمە ماف و دەرفەتێکی رەوا و دیمۆکراتیکە بۆ ناڕازییەکان لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و کارنامەی کارەساتباری حیزبە حاکمەکانی چارەکە سەدەی رابردووی کوردستانە.

بەڵام، "نەخێرگوتن لە رێفراندۆمدا"، – کاتێک پرسیارەکە پێوەندیی بە پرسی سەروەریی نەتەوەیەکەوە هەیە–، دوور و نزیک، هیچ پێوەندییەکی بە پرۆسەی سیاسی و کایەی دیمۆکراسیی ناوخۆیی هەرێمەوە، نییە. نەخێرگوتن لە رێفراندۆمدا، هەڵوێستێکی سیاسییە روو بە دنیا، بەرامبەر بەو پرسیارەی ئایا دەتەوێ خەڵکی کوردستان خاوەن سەروەری بن، یان دەتەوێ هەر ئەو شوێنگەیەیان هەبێ کە بەدرێژایی مێژووی ناوچەکە، عەرەب و عەجەم و تورک پێی رەوا بینیون؟ نەخێرگوتن لە رێفراندۆمدا، دەنگدانە بەمەی دووهەمیان.

بەبڕوای من ئەوانەی خوازیاری "نەخێرگوتن بە رێفراندۆم"ن، زۆربەی زۆریان کەسانی دڵسۆز و نیەتپاکن، کە تەنیا نائومێدی و نادڵنیایی لە نیازی پارتی و بارزانی —بە پلەی یەکەم–، و هەروەها ترس لە ئاکامە نەخوازراوەکانی رێفراندۆم، وایان لێدەکا بە رێفراندۆم بڵێن نەخێر. لە ناو ئەم تەیفەدا کەسانی وای تیایە کە دەیان ساڵە " سەربەخۆیی نەتەوەیی" هەوێنی خەون و خەباتی سیاسی و رۆشنبیرانەیان بووە. زۆر لەمانە ئەوانەن کە کاتی خۆی لە لایەن "حوکمی ژاتی– خوازەکانەوە"، بە ناواقعی و ساویلکە و تەنانەت ئاژاوەگێڕ لەقەڵەم دەدران. ئەمان ئێستا و داهاتووش، کۆڵەکەیەکی شیاوی پشت پێبەستنی گەل و نیشتمانن. جەوهەری رەخنەی ئەم گرووپە ئەوەیە کە بنیاتە سیاسییە لاوازکراوەکانی کوردستان و ئابوورییەکی داتەپیو و، گەلێکی دڵشکاو و ماندوو، بەرگەی تەوژمە نەخوازراوەکانی هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی ناگرن. رەخنەی ئەمان رەخنەیەکی بنیاتمەندە. هەڵبەت جگە لە بەشداری لە گفتوگۆ گشتییەکاندا، کارتی سیاسیی دەست ئەمان بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقعی رێفراندۆم، تەنیا بەشدارینەکردنە: بایکۆت.

بەڵام ئەوانەی گرووپی دووهەم، ئەوانەی دەیانەوێ بەشداری بکەن و لە رێفراندۆمدا بڵێن "نەخێر"؛ دەکرێ ئەمان، بەسەر سێ پێڕدا دابەشیان بکەین:

پێڕێکیان ئەوانەن کە لە باشترین حاڵەتدا "نەخێرگوتن بە رێفراندۆم" و "نەخێرگوتن لە رێفراندۆمدا" تێکەڵ دەکەن. ئەمان شیاوی دیالۆگ و، بەئاگاهێنانەوەن لەوەی کە کورد گوتەنی؛ دۆ و دۆشاویان تێکەڵ کردووە.

پێڕی دووهەم، ئەوانەن کە نانیان لە نەخێرگوتندایە لە رێفراندۆمدا. ئەمان یان ئەوانەن کە قازانجی بازرگانییە گەورەکانیان بە هۆی ریسکی رێفراندۆم و ئاکامەکانیەوە زیانی پێ دەگات، یان ئەوانەن کە بە پارووی حەرامی دەزگا ئیستخباراتییەکانی دەوڵەتانی دەوروبەر دەمیان چەور بووە و، قورمیش کراون. بۆ ئەمان، نەخێرگوتن لە رێفراندۆمدا، هەڵبژاردنێکی ئابوورییە.

پێڕی سێهەم، ئەوانەن کە هەڵبژاردنێکی ئایدیۆلۆژیکیان کردووە. بۆ ئەوان، عێراقی چارەکە سەدەیەک دوای ئەنفال و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان، شامی شەریفە و چیتر لە مەداری ئەقڵ و بیرکردنەوەیاندا شتێک بەناوی پرسی نەتەوەیی و ترسی دووپاتبوونەوەی رابردوو، بوون و بایەخی نەماوە. هەربۆیە بەڕووهەڵماڵراوییەوە تەنانەت تانەی نەژادپەرەستیش لەوانە دەدەن کە دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ بۆ بەرگرتن لە دووپاتبوونەوەی ئەنفال و جینۆسایدەکانی داهاتوو، بەپێویست دەزانن.

لە روانگەی سیاسییەوە، ئەم پێڕەی سێهەم، لە پێڕی دووهەم نزیکترە تا لە پێڕی یەکەم. واتە، ئەمان سەرەڕای هەموو ساویلکەییەکی سیاسی، بەڵام گێل نین. ئەمان سیاسەت ئەکەن، بەڵام سیاسەتێک کە – پێ بزانن یان نەزانن — تەنیا ئاودەکاتە ناو ئاشی نەتەوە باڵادەستەکانی ناوچەکە و لەوێشەوە، ئامانجە سیاسیەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەپێکێت. هەڵبەت ئەمان ئەگەر لەپای هەڵوێستەکانیاندا، هیچ نەبێ وەک پێڕی دووهەم، نان و نەوایەکیشیان پێ ببڕایە، هێشتا هەڵبژاردنە سیاسییەکەیان زۆر ئاوەزمەندانەتر دەبوو لەوەی ئاوا لە خۆڕایی و بەلاش، پرسی نەتەوەیەک بۆ پرسی بارزانی چکۆلە بکەنەوە و، ناڕاستەوخۆ ببنە خزمەتکارێکی چکۆلەی هەمان "ئەجندای بارزانی"!

ئەوەی ئێستا بووەتە خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو گرووپ و پێڕانەی سەرەوە، ئەوەیە کە تێکڕای ئەو تەیفە جیاجیایانەی لاگری رێفراندۆمن، بە خزمەتکاری "ئەجندای بارزانی" لەقەڵەم دەدەن. بەم شێوەیەش سوپایەکی گەورەی نەتەوەیی بۆ بارزانی تۆکمە و تەیار دەکەن! ژیرانەتر وا بوو کە نەیارانی رێفراندۆم رووکاری پرسەکەیان وا سادە نەکردایەتەوە. لە هەر حاڵدا هیچ نەبێ بۆ ئەو لایەنەی کە لاگری رێفراندۆم و سەربەخۆیین، وا باشە کە ئەو پۆلێنکاری و جیاکارییەی سەرەوە لە نێوان لایەنەکانی ناڕازی لە رێفراندۆم لەبەرچاو بگرن، تا دەرفەتی دیالۆگ، وەک تاکە بەستێنی هەوڵدان بۆ لێکگەیشتن لە کوردستاندا، بە پارێزراوی بمێنێتەوە. نیشتمان هی هەموومانە و، لەسەر کەس تاپۆ نەکراوە و، ناشکرێت!



عەبدوڵڵا رێشاوی

# کورد و گوتاری جیابوونەوە لە عێراق

سیاسی و قسەکەرانی کوردی عێراق، پاساو بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق دەهێننەوە، لە کاتێکدا جیابوونەوەی کوردستان لەعێراق مافە و پێویستی بە پاساو نییە.

ئەوان دەڵێن: لەوەتای عێراق دروستبووە و لە عێراقی دوای سەدامیشدا، ستەم لە کورد دەکرێت، مافەکانمان نادرێت، لەگەڵ عەرەبی دەسەڵاتدار لە بەغدا ناکۆکین و ناتوانین رێکبکەوین و هاوبەشێکی راستەقینە نین، بۆیە دەمانەوێت جیاببینەوە و جیابوونەوە بۆ ئێمە چارەسەرە، زامنی دووبارەنەبوونەوەی جینۆساید و قڕکردنە.

ئەم گوتارە کە گوتاری کەسی "قوربانی"یە، بۆ عەرەبی عێراقی دوای سەددام، مەفهوم نییە، وەک گوتارێکی دانوستانکارانەش وایە، واتە بەپێی ئەم گوتارە بێت، ئەگەر ئەم حاڵەتانە لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکرێن، جیانابینەوە کە ئەمەش وا نییە.

ئەم جۆرە بیانووانە بۆ جیابوونەوە، وەک بیانووی ئەو پیاوە وایە کە حەزی لە ژنەکەی نییە، بەڵام دەیەوێت بە تاوانبارکردن و تۆمەتبارکردنی ژنەکەی جیاببێتەوە، بیری چووە کە جیابوونەوە پاساوی ناوێ، مافێکە خواو شەریعەت و یاسا داویەتی، جیابوونەوە شەڕی ناوێ، ئیرادەی دەوێ.

کورد لە عێراقدا پێویستە گوتارێکی زۆر ئاشتیانەی لەگەڵ عەرەبی عێراق هەبێت، چونکە جیابوونەوە بە ئاشتی زۆر ئاسانترە لە جیابوونەوە بە جەنگ.

ئەمە جگە لەوەی هەتا ئەوکاتەی کورد لەبەرزترین پۆستی عێراقدا بێت کە پۆستی سەرکۆمارە و جێگرێکی لە بەرزترین دەزگای یاسادانانا هەبێت کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، عەرەبی عێراق گلەیی و رەخنەکانی کورد بە بیانووی توفەیلییانە دەزانن.

ئەمە جگە لە ئەو هەموو وەزیر و گزیر و راوێژکار و بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانەی کورد کە مووچەی عێراق دەخۆن و پلەو پۆستە باڵاکانیان لەبری عەرەب پڕکردووەتەوە، لە کاتێکدا عەرەبێک یان تورکمانێک زۆر بە زەحمەت لە هەرێمی کوردستان پۆستێکی باڵا و مووچەیەکی چەور وەردەگرێت.

کوردی عێراق و ئێران و تورکیا، دەیانەوێت جیاببنەوە و دەوڵەت و حوکمڕانیی سەربەخۆیان هەبێت، جا هەرچییان بۆ بکرێت لەم وڵاتانەدا، ئەم خواستە هەر دەمێنێ و نامرێت، چونکە خواستێکی راستەقینەیە.

ئەم خواستە لای کوردی عێراق ئێستا زۆر بە زەقی دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەو هەموو چانس و مافەی کورد لە عێراقی بەناو وڵاتدا هەیەتی، بەڵام هەر هەست بە ئینتیما ناکات و هەر لەگەڵ خەونەکەی خۆی "دەوڵەتی سەربەخۆ" رۆژ دەکاتەوە.

ئەمە خواستێکی ئەنتۆلۆژی مرۆڤی کوردە، مافێکی رەوای ئەم نەتەوەیەیە کە خۆی حوکمی خۆی بکات، ئەگەر عەرەب، فارس و تورک هەموو مافەکانی کوردیش بدەن، وەک لە عێراقدا زۆربەی زۆری دراوە، بەڵام کورد هەرگیز واز لەم خواستەی ناهێنێت، تۆ هەر تەماشای ئەوە بکە کە خواستی دەوڵەت لای کوردی عێراق زۆر زیاترە وەک لەلای کوردی پارچەکانی دیکە، لێرەوە لەوە تێدەگەیت کە ئەم داوایە پەیوەندی بە ستەمکارییەوە نییە، بەڵکو خواستێکی غەریزییە و وەک هەرەمی ماسلۆ هەر بەرەو سەر دەچێت و راناوەستێ.

بۆیە واباشترە کورد گوتارێکی تۆکمە و قانونی و فەلسەفی لەگەڵ دەسەڵاتداران و رۆشنبیران و گوێگری عەرەبی عێراقی هەبێت، نەک گوتاری مرۆڤی قوربانی.

گوتاری شۆڕەسواری سەرکەوتوو، خاوەن ماف، خاوەن لۆژیک، خاوەن هێز، بۆ کوردی عێراق لەگەڵ عەرەبی ئەم وڵاتە زۆر باشتر و مەفهومترە لە گوتاری قوربانی.

عەرەبی عێراق پێیانوایە کوردی عێراق لە سەردەمەکانی پێشوودا ستەمی دەرهەق کراوە، بەڵام لە 2003 وە ئیدی کورد لە پێگەیەکی باشدایە لە عێراق، هەرچی بەدەستی هێناوە لە ئەنجامی دروستبوونی هاوسەنگیی هێز بووە لە سەرتاسەری عێراقدا، ئێستا عەرەبی عێراق بەگەورە تەماشای کوردی عێراق دەکەن، ناشێ کورد بەهۆی گوتاری قوربانییەوە وێنەیەکی بچووکی لاواز لە خۆی نیشان بداتەوە.

ئەوانەی عێراقی بەناو دەوڵەت بەڕێوەدەبەن، سەردەمانێکی زۆر هاوخەباتی سیاسییەکانی کورد بوون و زۆر ڕوانگەی بیرکردنەوەیان لەمەڕ مێژووی عێراق و ستەمکارییەکان لەگەڵ کورد هەماهەنگە، بۆیە هیچ پێویست نییە کورد وەک مافخوراوێکی تووڕە و لاواز خۆی پیشانی ئەمانە بداتەوە.

گوتاری قوربانی گەڕانەوەیە بۆ دواوە، بچووککردنەوەی ئینسانی کوردە و ئاماژەی ئەوەشە کە کورد پرۆژەیەکی نییە بۆ خۆبەهێزکردن و دروستکردنی چوارچێوەی خۆی، بەڵکو هەمیشە گوتاری خۆی لەسەر ئەوانی دیکە و خراپییەکانیان بونیاد دەنێت.

گوتاری قوربانی گوتارێکی تووڕەیە، بەڵام لاوازیشە، ناهاوسەنگ و نالۆژیکی و سۆزگەرانەیە، ئەگەری جەنگ زیاتر دەکات لە ئەگەری ئاشتی، بەڵام گوتاری شۆڕەسواری خاوەن ماف گوتارێکی بەهێزە، لۆژیکییە و ئاشتی و ماف پێکەوە دەهێنێت.

بچووکترین و مەترسیدارترین پرسیار کە هەر قسەکەرێکی عێراقی دەتوانێت رووبەڕووی گوتاری کوردی عێراقی بکاتەوە، ئەوەیە: ئایا ئەگەر کورد مافەکانیان بەتەواوی لە چوارچێوەی عێراقدا پێ بدرێت، ئامادەن لەگەڵ عێراق بمێننەوە و جیانەبنەوە؟ بێگومان وەڵامی راستەقینەی پرسیارێکی لەم شێوەیە، جگە لە نەخێر شتێکی دیکە نییە. بە پێچەوانەوە، هەتا مافی زیاتر بە کوردی عێراق بدرێت ئەگەری جیابوونەوەیان نزیکتر دەکاتەوە، هەتا دیموکراسی لە عێراقدا پایەدارتر بێت، جیابوونەوە ئاسانتر دەبێت، مەگەر ئەوەی دیموکراسی بتوانێت خواستی کورد بۆ جیابوونەوە بە خواستی مانەوە و بەرژەوەندی تێر بکات، وەک چۆن لە سکۆتلەندا بینیمان.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

رووداو



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# شینی گۆڕان بۆ پەرلەمان نییە، بۆ بازگەی پردێیە!

**1**

ئەڵبەتە پەرلەمان لەم ڕۆژانەی داهاتوودا کارا دەبێتەوە، بەڵام قەیرانی سیاسی چارەسەر نابێ. پارتی خەمی ئەوەی نییە کە پەرلەمان باسی چی تێدا دەکرێ و راستییەکەی بۆشی گرنگ نییە، پێیوایە لە دوو ساڵی رابردوودا سەرچاوەیەکی گرنگی ئاژاوەی سیاسیی لە کوردستان وشک کردووە. هەڵوێستی حیزبەکانی دیکەش کە بەردی پەرلەمانیان لە سینگی خۆیان دەکوتا و شینیان بۆ دەگێڕا، چی وای لە هی پارتی کەمتر نەبوو، ئەوانیش لە کوڵ کۆمەڵێک پەرلەمانتاری موزایەدەچیی خۆیان بوونەوە کە لە حیزبەکانیان ببوونە بەڵا و نەیاندەهێشت خۆیان لە ژوورە داخراوەکانی خۆیاندا سەفقاتی سیاسی ئیمزا بکەن. بۆیە هەموو لایەک مەمنوون بوون!

بزووتنەوەی گۆڕان (کە ئێستا فیعلەن گۆڕاوە)، ئەویش لە خەمی کاراکردنەوەی پەرلەماندا نەبوو بەقەدەر ئەوەی کە نەیتوانی لە گرێی دەروونیی بازگەی پردێ رزگاری بێ. لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا گەورەترین سووکایەتیی سیاسی بە گۆڕان کرا، هەر بۆیە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەو بارە سایکۆلۆژییە رزگاریان نەبووە و یەکێک لە هۆکارەکانی گەڕانەوەیان بۆ لای یەکێتی هەر لەوەوە سەرچاوەی گرت. سەرباری ئەوەی کە گۆڕان پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی هەر دەمێنێ، بەڵام ئەو راستییەش دەزانێ کە پارتیش بازگەی پردێ و دێگەڵەی هەر دەمێنێ! بۆیە سیاسەتکردن لە هەولێر بۆ گۆڕان بەو دوو قاکتەرەوە زۆر زەحمەتە و هەر رۆژە بیانوویەکی تازە دەبیننەوە بۆئەوەی نەیەنەوە هەولێر. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە گۆڕان تێناگەن، هەر وەک چۆن کاتێ ئەو سووکایەتییە سیاسییەیان پێکرا، کەس لەسەریان بە جواب نەهات، ئاواش چاوەڕوانییەکی بێهوودەیان لەوە هەیە کە بە باسکردن و ئەو خاڵانەی لە پرۆژەکاندا بۆ یەکتری دەبەن، گۆڕان رازی بێت بێتەوە ناو پەرلەمان. راستییەکەی ئەوەیە کە گۆڕان بەس لە پەرلەمان دەرنەکراوە، گۆڕان لە کایەی سیاسی بەلاوەنراوە و کۆمەڵی ئیسلامیشی بەخۆیەوە سووتاندووە. ئەوە ئەو خاڵەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێت، ئەگەرنا هەموو ئەو خاڵانەی دیکە کە وەکو مەرج یان بەرنامەی کاری پەرلەمان باسیان لێوە دەکرێت، هەمووی تەفەڕوعاتن.

## پەرلەمان چی پێدەکرێت؟

**2**

یەکێتی نیشتمانی حەوت خاڵی بۆ پەرلەمانە تەمەن کورتەکەی کوردستان داناوە کە مەتاڵیبی هەموو حیزبەکانی تێدایە و نەیهێشتووە نە شیش بسووتێ نە کەباب، هاوکات هیچی لەسەر خۆی نەهێشتووەتەوە کە بەیانی بڵێن بۆ بە هاوکاریی پارتی دەرگای پەرلەمانت کردەوە؟

لە باشترین حاڵدا، پەرلەمانی کوردستان چەند خاڵێک لەو خاڵانەی یەکێتیی پێ جێبەجێ دەکرێت کە لە بنەڕەتدا مەتڵەبی سەرەکیی پارتی و یەکێتین لە مەسەلەی کاراکردنەوەی پەرلەماندا، بەڵام ئەوانەش وا بەئاسانی تێناپەڕن، چونکە هەر لەگەڵ کردنەوەی پەرلەمان و دەبێ لە دانیشتنی دووەمدا بۆ دانانی ئەو خاڵانەی کە یەکێتی باسی کردوون و پارتیش مەبەستێتی هەندێکیان لە پەرلەمان بڕیاریان لەسەر بدرێت، دەبێ دەستەی کۆنی سەرۆکایەتی هەڵوەشێتەوە و دەستەیەکی نوێ دابنرێت، لەم هەنگاوەدا، تابلۆی ناو پەرلەمان مەعلووم نییە، چونکە بەشێک لە ئەندام پەرلەمانەکانی گۆڕان و کۆمەڵ لە دانیشتنی دووەمەوە هەر نەبێ بۆ بیستنی باسوخواسی ناو پەرلەمان بەشدار دەبن و تا بۆیان بکرێ ئاستەنگ دروست دەکەن. ئەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە، بەس کوتلەی پارتی لە پەرلەمان فراکسیۆنێکی سەد لەسەد گوێڕاڵە و ئەوانی دیکە پارچە پارچەن. بۆ نموونە فراکسیۆنی یەکێتی سێ باڵی تێدایە (ماڵی تاڵەبانی، دکتۆر بەرهەم ساڵح و مەکتەبی سیاسی) و یەکگرتووش دوو بەشە. بۆیە هەڵوەشاندنەوە و دانانی دەستەی نوێ ئاسان نابێ.

ئینجا گرفتێکی دیکە کە خۆی قوت دەکاتەوە، ئەولەویەت و ریزبەندیی بڕیارەکان دەبن کە کامیان پێش کامیان تەرح دەکرێن و دەچنە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە (چونکە ئیتر پەرلەمان یاسا دەرناکات تا بینێرێت بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەوەی دەریدەکات هەر بڕیارە کە پێویستی بە ئیمزای سەرۆکی هەرێم نابێ). هاوکات میکانیزمی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە چۆن دەبێ؟ چونکە گۆڕان لە حکومەتدا نەماوە (ئەگەرچی کەس باسی گەڕانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان بۆ ناو حکومەت ناکات)، جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی پەرلەمان پێویستیان بە ریزبەند و هاوپەیمانییەکی نوێی سیاسی هەیە لە کوردستان و، یەکێتی ناتوانێ لاقێکی لای گۆڕان و لاقەکەی دیکەی لای پارتی بێت. بۆیە پەرلەمان ئەوکاتە بە فیعلی کارا دەبێت کە ئەو هاوپەیمانییەش راگەیەندرابێت و لە ئیدارەدا رەنگ بداتەوە.

## بارزانی قودسی کردە ئورشەلیم

**3**

تا دێت مەترسییەکانی سەر کەرکووک زیاد دەکەن. گەڕێکی دیکەی ململانێی خاک لەدوای مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستین، لە نێوان کورد و عەرەبدا بەرپا دەبێت. ئەگەرچی کێشەی کەرکووک هی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، بەڵام سێ ساڵە بارودۆخ رێک پێچەوانە بووەتەوە، واتا ئێمە شەست ساڵ لەسەر کەرکووک شەڕمان کرد و داوای گەڕانەوەیمان کرد بۆ سەر کوردستان، ئێستا عەرەب لە ئێمەی داوا دەکەن.

جاران ئێمە شیعاری کەرکووک قودسی کوردستانەمان بەرز کردبووەوە، ئێستا وەرەق هەڵگەڕاوەتەوە، ئێستا ئیتر بە حوکمی ئەوەی ئێمە دەبینە ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکەدا و کەرکووکیشمان لەبەر دەستە، ئیتر لەمەودوا کەرکووک بۆ عەرەبەکان دەبێتە قودس و بۆ ئێمەش دەبێتە ئورشەلیمێکی دیکە کە تا یەک کورد مابێ، عەرەب جارێکی دیکە ناتوانن حوکمی تێدا بکەن.



چۆلی فایەق

# شارچێتیی کۆڵانەکانی فەیسبووک

دوو چەمک، دوو تێگەیشتنی هەڵەیان بە باڵادا بڕاوە و هەر بەو چەوت و لارییەوەش لە زەینی تاکی کورد ئاخنراون. (شارچێتی) و (شارپەروەری) بەینی ئاسمان و ڕێسمانی نێوانە. هەر تاکێک لە هەر شوێن و گۆشەیەکی دونیادا بێت، مافی سادە و سەرەتایی خۆیەتی خۆبەند (ئینتیما)ی بۆ ئەم شوێنە هەبێت کە لێی دەژیێت. کەس ناتوانێت لەوەدا سەرزەنشتی بکات کە شارەکەی خۆی خۆشبوێت، جوانییەکانی دەربخات، کەلێنەکانی بدۆزێتەوە و هەوڵی پڕکردنەوەیان بدات، خەباتی بێوچان لەپێناو بەرەوبەرەوەچوونی بکات. ئەمەیان (شارپەروەری)یە و دۆخێکی ئاسایی ڕەوتاری مرۆڤایەتییە. بەڵام، کاتێ تۆ لەسەر حسێبی ئەوانی دی شارەکەی خۆت خۆشبوێت - یانی لەبەرانبەر خۆشویستنی شوێنەکەی خۆت ڕق لە جێیەکانی دی هەڵبگریت - و تا تانەوتەشەر لە شوێنەکانی دی نەدەیت باسی شارەکەی خۆت نەکەیت، شاری خۆت بە شا-شار و ئەوانی دی بە سەپان بزانیت، بە چاوی باڵاوە تەنیا لە شارەکەی خۆت بڕوانیت و شارەکانی دیکەت پێ هیچ بێت و بەکەمیان بگریت، ئەوەیان (شارچێتی)یەو دەچێتە خانەی دۆخێکی نادروستی نائاسایی ڕەوتاری مرۆڤایەتییەوە

چاو بە دونیا هەڵێنان و ماڵئاوایی لێکردنی یەک لەو شتانەیە مرۆڤ تێیدا سەرپشک (مخير) نییە، بەڵکوو کەوتووەتە ژێر دەستەوسانیی جەبرەوە. ئەوە دایک و باوکم بوون ئەو شوێنەیان کرد بە شاری من کە لەوێ چاوی منیان بە دونیا هەڵهێنا، ڕاستیت دەوێ؟ ئەوێ شاری ڕاستەقینەی تۆ نییە کە لێی لەدایکبوویت، شاری ڕاستینە ئەوەیانە کە خۆت هەڵیدەبژێری و "خود"ی تێدا دەدۆزیتەوە، جا دەشێ هەمان شار بێت کە لێی هاتیە بوون، یان شارێکی دیکەی دوور بە ئەندازەی هەزاران کیلۆمەتر. من مەبەستمە بڵێم، شەڕکردن لەسەر ئەو شتانەی مرۆڤ تێیدا سەرپشک و ئازاد نییە، ڕێیەکی دەچێتەوە سەر گەمژەیی، لێشی بڕوانە، زۆرینەی شەڕەکانی نێو مرۆڤایەتی، لەسەر ئەم جەبرانەیە: (ناو، ئایین، شار، نەژاد) کە دوای چەند چرکەیەک لە لەدایکبوونت، بەسەرتدا دەچەسپێنرێت، کەچی تا هەتایە، شەڕیان لەسەر دەکەیت. شانازیکردن بە شتانێک کە هونەری تۆیان تێدا نییە چ هونەرێکی تێدایە؟

مرۆڤی ژیر ئەوەیانە، لە هەر شار و شوێنێک بوو، دڵداری لەگەڵ بکات. لە هەر شوێنێک ژیا، هەوڵی بەرەوپێشبردنی بدات و نەنگی و کێماسییەکانی چاک بکاتەوە، با ئەو شار و شوێنەش نەبێت کە لێی لەدایکبووە، مرۆڤ کوڕی ڕۆژی خۆیەتی و (ئەو نانە نانە کە ئەمڕۆ لە خوانە) .. دونیای نوێ (شارپەروەری)ی قەبووڵە، بەڵام دەمێکە (شارچێتی)ی تێپەڕاندووە. نامەوێت وردودرشتی ئەم نەریت و دابە قێزەونە لە دۆخی ئێستەی کورد خورد بکەمەوە و قل بە قل ئەو شوێن و گۆشە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بەرچاو بخەم کە تۆوی شارچێتییان لێ چەکەرە دەکات، بۆ ئەوەی منیش خۆنەویستانە هەڵنەخزێمەوە نێو دیسکۆرسێکی شارچێتیانەوە، خۆم لەوە هەڵدەبوێرم. هێندە نەبێ، زەینی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشم کە ئەو دەمارە پیسەی شارچێتی لە لەشی تاکی کورددا، ڕەگی مێژوویی ڕۆژانی میرنشینەکانی هەیە، دواتر لە شەستەکان بەملاوە دیسان سەریهەڵدایەوە و تا بە زار ڕادەگات، دواتر بە دەستوەشاندنیش گەیشت. ڕۆژان هاتن و چوون، ئەم دەمارە سیس بووەوە، تا ئەوەی شەڕی نەگریسی نێوەخۆ سەریهەڵدا، ئیدی دووبارە دەماری شارچێتی خۆی گرژ کردەوە. ئەگەر دەپرسی شەڕی نێوەخۆ بۆچی؟ دەڵێم: تۆ لە دیوە سیاسی و سەربازییەکە بگەڕێ و خوێنڕژانی سەتان ڕۆڵەی هاووەڵاتیش لەولا دابنێ، ئەوەی زۆر بە کەمی فۆکەسی خراوەتەسەر، دیوە مەعریفییەکەیە. شەڕی نێوەخۆ لە دیوی مەعریفییەوە دوو گەورەترین زەرەبەی لە دۆخی فەرهەنگیی کوردستان دا، ئەمانیش: یەک: ئیسلامی سیاسی، بۆشایی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی هەڵقۆستەوە و توانی داگیرکاری (غەزو)ی فەرهەنگی لە کوردستاندا بکات، دین و هەژموونی گوتاری مەلا لەپێش شەڕی نێوەخۆ لە شوێن و بە جۆرێکی تر بوو. دوو: دەماری شارچێتی دیسان گرژ بووەوە و لە گۆڕانی و بەندبێژییەوە بگرە تا شەڕەبۆکس. ئەوەی ناونرابوون (ئاوارەکان)ی شەڕ، هێندێکیان هۆکارێکی سەرەکیی نوێبوونەوەی ئەم شەڕە بوون. بەشێکی ئاوارەکانی هەولێر و سلێمانی، ڕەوتار و ڕەفتاریان لێخوڕینانە بوو بەرانبەر خەڵکی ئەو شارەی چووبوونێ، ئەگەر ئاوارەیەک هەڵە و خراپییەکی دەکرد، خەڵکەکە بە چاوێکی گشتگیرانەوە لە گشت ئەوانی دی دەڕوانی.

خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە لەبەرچاوان بێت، بزوێنەری شارچێتی، ئەوسا و ئێستەیش، سیاسەت و سیاسی و ڕۆشنبیرەکان بوون. زۆربەی ئەوانەی ڕێبەریتی و شەڕی شارچێتییان لە ڕۆژانی شەڕی براکوژیدا دەکرد، ئەوانە بوون کە لە دەوروبەری چەند بەرپرسێکی نەخوێندەواری سلێمانی-گوتەنی "گەلحۆ" و هەولێری-گوتەنی "فەعۆ" خڕبووبوونەوە، گرۆ و تاقمی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس، هەرچی بەدکارییە ئەمان دەیانکرد. ئەوەی ئێستەیش لە سۆشیال مێدیا بە گشتی و لە پەیجەکانی فەیسبووک دەگوزەرێت، سەر بە هەمان نەریتە و داینەمۆی هەڵگێرسانەکەی دۆخی سیاسی و مێنتاڵێتیی سیاسیانەی حزبە کوردییەکانە. ئەم ماوەیە، چەندان پەیج (فەیس پەڕ) کە هەریەکە و بەرەیەکی گرتووە، ئەمیان سلێمانی و ئەویان هەولێر، بە لایف و ڤیدۆکانیان، خەریکە ئەم دەمارەپیسە شارچێتییە لە لەشی گەنج و لاواندا گرژ بکەنەوە. ئەوەی ڕێبەرێتیی ئەم قێزەونییە دەکات، سیاسی و زرەڕۆشنبیر و چالاکەکانن، نەک هاووەڵاتی سادە و خەڵکی ڕەشۆکیی هەردوو شار. ئەوە کەسانێکی سیاسی و بەناو ڕۆشنبیرن پارووەکەیان لەوێدا چەورە کە شارچێتی دەگات بە ترۆپک، فلان سیاسیی نێو فلان حزب ئەم پەیج بەڕێوەدەبات و فلان پەرلەمانتار سەپۆرتی فلان دەمشڕ دەکات و... تاد

ئەم پەیجانە، کۆڵان-ئاسا خەریکی دەمەتەقێن، وەک کۆڵان بە هێندێ قسە دەستپێدەکەن و خۆیشیان نازانن چی دەڵێن، قسە دەکەن و هیچیش ناڵێن، وردە وردە بە جوێن دەگات، دواجاریش لێدان و کوتان. من زۆر شادمان دەبووم ئەگەر بە شێوازێکی شارستانی، بە زمانێکی باڵا، بە ئەتەکێتێکی سەردەمیانەوە، کێبڕکێ و دەنگەشەی ئەوانەم لەسەر ئەم دوو شارە بدیتبووایە. خۆزێ ئەمانە شەڕیان لەسەر (شار) دەکرد بەبێ (چێتی)، ئاخر بە هەموو پێوەر و پرەنسیپ، دیزاین و ماستەرپلان، شارستانێتی و ئۆپشنەکانی شارێکی سەردەمیانە بێت، شتێکمان نییە بە ناوی شار. بە بنەوا هزرییەکانی مۆدێرنێتە و تاریفی پۆستمۆدێرنێتی بۆ شار، ئێمە دیسان شارمان نییە. ئەوەی هەیە لۆکەیشنێکی قەرەباڵغە و لەنێوان شار و شاخدا چەقیوە. ئێمە تەنیا لە رووە کارگێڕییەکەوە شارمان هەیە، بەڵام لە دیوە شارستانێتی و فەلسەفییەکەوە، نەخێر.

نەوەی نوێی سلێمانی و هەولێر، دەبێت شانبەشانی یەکتر، (شارپەروەری) بکەن و خۆیان لە شێرپەنجەی (شارچێتی) دەرباز بکەن. لەجیاتی شەڕ لەسەر شتی پووچ و لاوەکی و کەمبایەخ، با شەڕی پێشبڕکێی پێشوەچوونی شارەکانیان و بەرەو بەشاربوون بکەن. شەڕ بۆ ئەوە بکەن شارەکانیان بچێتە نێو ژیانێکی مۆدێرن، مەڵتی ستایل تێیدا بەرقەرار بێت، هیچ ئایدیۆلۆژیایەک خۆی بەسەر ژیانی سروشتیاندا نەسەپێنێت و ئازادییە سەرەتاکانیان لێ زەوت نەکات. با شەڕی لۆجیک بکەن، ئەرگیۆمێنتی لۆجیکی بەسەر خورافات و نەریتدا زاڵ بکەن. با شەڕی دادی کۆمەڵایەتی بکەن، شەڕی بەکلتوورکردنی دایەلۆگ و خوێندنەوە و ئەتەکێت بکەن.

ئەرکی سەرەکی ئەم پرۆسەیە، لە ئەستۆی پەروەردەیە، کە میتۆد و سیستمی پەروەردەی وەڵاتەکەمان وێرانە، لێرەوە ئەرکی نووسەر و ڕۆناکبیرانە، ئەم مێنتاڵیتە لە زەینی هاووەڵاتیان بگەشێننەوە و دەماری پیسی شارچێتی بە شادەماری شارپەروەری و پێشبڕکێی بەرەو مەدەنیەت، بگۆڕن.



مەجید نیزامەدین گلی*
بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

## دیپلۆماسی

# دەرفەتێک بۆ تێگەیشتن لە جیهان

لە رۆژانی 19 تا 25ی سێپتەمبەر، سەرۆک و سەرکردە و نوێنەرانی 193 وڵاتەکەی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان کۆدەبنەوە و ئامادەی لووتکەی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبن. ئەمە گەورەترین رووداوی دیبلۆماسیی ساڵە. زیاتر لە 10 هەزار وەزیری دەرەوە و دیپلۆماسی و بە دەسەڵاتترین کەسانی جیهان لێرە کۆدەبنەوە.

ئەمە دەرفەتێکە بۆ نوخبەی سیاسیی کوردستان و هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی بەشێک لە وەڵامی چارەنووسسازترین پرسیاریان دەستبکەوێت: کاردانەوەی دەسەڵاتدارانی جیهان و ناوچەکە بۆ سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان چۆن دەبێت؟

ئەوان پێویست ناکات بێنە نیویۆرک و ئامادەی لووتکەکە ببن، تەنها ئەوەندە بەسە لە پێش تەلەفزیۆن دانیشن و گوێ لە وتارە درێژ و هەندێک جار وەڕزکەرەکانی سەرکردەکانی جیهان بگرن و چاوێکیشیان لە شاشەی رووداو بێت، چونکە ئێمە نەک هەر وەکو ساڵانی دیکە لەوێ دەبین، بەڵکو رووماڵێکی تایبەت و چڕی ئەو لووتکە جیهانییە دەکەین و زانیاری لەسەر کۆبوونەوە و مانۆڕە دیپلۆماسییەکانی پشت کامێراکانتان پێ دەگەیەنین.

ئەو هەفتەیە سەرکردەی وڵاتە زلهێز و ئیقلیمییەکان، ئەولەویەت و ئامانجی سیاسەتی وڵاتەکانیان بۆ جیهان روونەدەکەنەوە. راستە هەندێک لە سەرکردەی وڵاتان لە گوتارەکانیاندا لە پێش کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر جار راستگۆ نین و ئامانجە نهێنییەکانیان باس ناکەن، یاخود وەکو موعەمەر قەزافی و فیدێل کاسترۆ گوتارەکانیان بێ سەروبەر دەبن، بەڵام بە حوکمی ئەزموونی ساڵانی رابردووم لە رووماڵی ئەم لووتکەیە، بۆم دەرکەوتووە زۆربەی ئەو وڵاتانەی دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر بابەتی سەربەخۆبوونی کوردستان، گوتاری سەرکردەکانیان بە وردی دارێژراوە و رەنگدانەوەی ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکانیانە.

گوێگرتن لە گوتاری بۆ نموونە دۆناڵد ترامپ و رەجەب تەیب ئەردۆغان و حەسەن رووحانی دەرفەتێک دەبێت بۆ تێگەیشتن لە راستییەک کە ئێمە هەندێک جار لەبیری دەکەین: سیاسەت و ئامانجی وڵاتانی وەکو ئێران و تورکیا و ئەمریکا و رووسیا و ئەوانی دیکەش، لە بابەتی سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان و شەڕی داعش زۆر فراوانترە. ئێمە تەنها وردەکارییەکین لە ئەجێندایەکی زۆر فراوانتردا. بەدڵنیاییەوە سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان دەبێتە پێشهاتێکی نێودەوڵەتیی گرنگ و هەنگاوێکی مێژوویییە بۆ هەموو کوردستانییەک، بەڵام وەکو لەو گوتارانەدا لەوانەیە بۆت دەرکەوێت، بۆ وڵاتە ئیقلیمی و زلهێزەکان رێگەگرتن یان پشتگیریکردن لەو هەنگاوە ئەولەویەت و ئامانجی سەرەکی نییە. ئەمەش لەوانەیە هەواڵێکی باش بێت بۆ هەنگاوی سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان. وەکو جارێکیان باڵیۆزی پێشووی رووسیا ڤیتاڵی چۆرکن پێیگوتم: "باشترین نیعمەت لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، گوێنەدانی ئەوانی دیکەیە".

لە گوتارەکانی ساڵی رابردووی لووتکەی کومەڵەی گشتیدا بەشێوەیەکی گشتی ئەولەویەتەکانی پێنج وڵاتە ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش: ئەمریکا، چین، رووسیا، بەریتانیا و فەرەنسا و هەروەها ئەڵمانیاش، بریتی بوو لە: رێگەگرتن لە زیاتر بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، سستیی گەشەی ئابووریی جیهان، گۆڕانی کەشوهەوا، تیرۆریزم و دیاریکردنی ناوچەی هەژموونی وڵاتە زلهێزەکان لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا و باشووری ئاسیا و هەردوو جەمسەرەکانی باشوور و باکووری گۆی زەوی. بەگوێرەی قسەی دیپلۆماتکاران، بۆ رووسیا و چین ئەو ئەولەوییەتانە گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا نایەت، سورپرایزەکە لەوانەیە لە گوتاری سەرۆکی تورکیا و ئێران و گرنگترینیان سەرۆکی نوێی ئەمریکا دۆناڵد ترامپدا بێت کە چاوەڕوان دەکرێت گوتارەکەی لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاوە ئامادە بکرێت و زۆر زەحمەتە ئەمجارە کۆشکی سپی و راوێژکارەکانی بهێڵن ترامپ لە پێش سەرکردەکانی جیهان هەر لەخۆیەوە قسە بکات.

بە بۆچوونی من، بۆ یەکەمینجار لە مێژووی مۆدێرندا، دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کورد هەڕەشەیەکی راستەوخۆ نییە لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە زلهێز و ئیقلیمییەکان بە ئێران و تورکیاشەوە. تەنیا ئەوەمان پێویستە ئەو راستییە بۆ سەرکردەی ئەو وڵاتانە روون بکەینەوە و گەرەنتییان بدەینێ کە کوردستانێکی سەربەخۆ نابێتە هەڕەشە. ئەوەش دیبلۆماسیەتی کارامە و کاتی پێویستە.

***مەجید نیزامەدین گلی، بەرپرسی نووسینگەی رووداو لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک و پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## کورتەباڵا شۆخەکە بەشداریی فیلمێکی نوێ دەکات

« 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net





Reklam

